کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی

کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی

شێخ محەمەدی خاڵ          ئومێد ئاشنا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب: دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی
کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٢٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب – دلاوەر صادق ئەمین
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – هەولێر: ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە ٣٩٤ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەی دەزگای ئاراس

دەزگاکەمان لە ساڵانی پێشوودا دوو چاپی جیاوازی لە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بڵاوکردەوە. یەکەمیان لەلایەن مامۆستای خوالێخۆشبوو شوکور مستەفاوە ساغ کرابووەوە و شرۆڤەکرابوو، دووەمیشیان لەلایەن بەڕێز د. موکەڕەم تاڵەبانییەوە. هەر یەکێک لەم چاپانەی دیوانی شێخ ڕەزا کەلێنێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردەوە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی کە ئەو بەڕێزانە، دوای ئەرک و ماندووبوونێکی زۆر کارەکانیان بەئەنجام گەیاندبوو، ئەمە وێڕای شارەزایی و باڵادەستییان لە کارەکەدا. هەروەها دەزگاکەمان لەوەوپێش لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلیشی لەبارەی شێخ ڕەزاوە بڵاوکردەوە کە نووسەری لێهاتوو ئەحمەد تاقانە نووسیبووی. هیچ دەزگایەک نییە هێندەی دەزگای ئاراس بایەخی بەساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی شیعری شێخ ڕەزا دابێت. بۆیە ئەو کارانەی لەم بارەیەوە پێشێکێشمان کردوون بوونەتە مایەی شانازیمان.

پێش دوو ساڵ یان زیاتر دانەیەکی تری دیوانی شێخ ڕەزامان کەوتەدەست کە لەلایەن هەردوو خوالێخۆشبووان شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشناوە ئامادەکرابوو. لەراستیدا، بەهۆی دوو چاپەکەی پێشووی دیوانەکەوە نەختێک درێغیمان لە بڵاوکردنەوەی ئەم کارەکەی دواییدا کرد. بڵاوبوونەوەی سێ چاپی دیوانی شاعیرێک لەماوەی دوو ساڵدا لەوانەبوو بووبوایە بەمایەی گلە و گازنی هەندێک لەو نووسەرە بەڕێزانەی دەرچوونی بەرهەمەکانیان لە دەزگاکەمان ماوەیەک دواکەوتبوون. ئەمەبوو هۆی پشتگوێ خستنی چاپی ئەم دانەیەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

مانگی پێشوو (تشرینی دووەمی ۲۰۰۳) بەڕێکەوت لە ئەرشیڤی دەزگادا، جارێکی تر ئەم دیوانەم کەوتەوە بەرچاو. ئەم جارە سەرنجێکی باشترم لێی دا. بۆم دەرکەوت کەوا ئەم دانەیە ئەگەر ڕێکوپێکتر و دەوڵەمەندتر و فرەوانتر نەبێ لە چاپەکانی پێشوو، لێشیان کەمتر نییە. زۆر شیعر لێرەدا بەرچاو دەکەون کە یەکەم جارە دەبینرێن. ئەمە هاندەرێکی گەورەبوو تا بڕیارێکی کتوپڕ و خێرا بۆ چاپی ئەم دیوانە بدەین. نابێ ئەوەشم لەبیر بچێ کە ئەم ساغکردنەوە و ئامادەکردنەی ئەمجارە، یادگار و بیرەوەرییەکی گرینگی خوالێخۆشبووان: زانای گەورە شێخ محەمەدی خاڵ و نووسەری هێژا ئومێد ئاشنایە کە بەرهەمە زۆر و زەوەندەکانی هەردووکیان لە کتێبخانەی کوردیدا مایەی شانازیی نەتەوەکەمانن، هەردووکیان کۆچیان کردووە و چوونەتە بەر دڵۆڤانیی خوای مەزن. ئێمە پەشێمان بووینەوە لە درەنگخستنی چاپی دیوانەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی

بەشانازی و خۆشحاڵییەکی زۆرەوە ئەم چاپە تازەیەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەخەینە بەردەستی خوێنەرانی کوردی، بەو هیوایەی ببێ بەسەرچاوەیەکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە لە بەرهەم و ژیانی ئەم شاعیرە گەورەیەمان. لەهەمان کاتیشدا گیانی شێخ ڕەزا و شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنای پێ شادببێ. نابێ سوپاسی هەردوو بنەماڵەی ڕێزداری ئامادەکارانی دیوانەکە لەبیر بکەم و، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموویان دەخوازم.

بەدران ئەحمەد حەبیب

هەولێر ٢٤ کانوون (١) ٢٠٠٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرەتا

**نووسینی: ئومێد ئاشنا**

یەکەم جارە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کە بەم شێوە بەرفراوان و قەوارە گەورەیە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بکەوێتە بەرچاوی خوێنەرانی کورد و ماڵی کتێبخانەی کوردیی پێ ئاوەدان بێتەوە. بەش بەحاڵی خۆم بەشانازی و دڵپەسندییەوە ئەم کارە تەماشا دەکەم بەتایبەتی لەوەدا کە نەمهێشت ڕەنجی چەندین ساڵەی مامۆستای خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ بەفیڕۆ بڕوات و لەو جێگەیەدا کە ئەو بەجێی هێشتبوو بەهۆی باری خراپی تەندروستی و نەمانی ڕۆشنایی چاوەکانییەوە، ئا لەو جێگەیەوە دەستم پێ کرد، هەرچەندە لە سەراپای ژیانی ئەدەبیی خۆمدا ئەوەندە ماندوو نەبووم و بەم جۆرە بەردەوامە کارم نەکردووە، بەڵام بایەخ و پیرۆزیی بابەتەکە ئەو هەموو ماندووبوون و شەکەتبوونەی لە بیر بردمەوە و هەموو ڕۆژ بەگیانێکی نوێ و لە خۆبوردووییەوە دەستم پێ ئەکردەوە.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کارەکەی هەتا پیتی واو شیعری (ڕووخاندی گەردشی گەردوون لە هەر جێ ئاستانێ بوو) بەجێ گەیاندبوو. واتا یەک بەش لە چوار بەشی ئەم دیوانە و تەنیا لە بەشە کوردییەکەیدا، بۆ چارەسەری ئەم کارە مامۆستا خالید خاڵ بەسوپاسەوە زۆر یارمەتیی دام بەوەی کە هەرچیی بۆ دۆزرایەوە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا لای باوکی بۆ ئامادە کردم، بەڵام ئەمە نەیتوانی کارەکەم بۆ مەیسەر بکات چونکە بەشێک بوو لە دیوانەکە، ناچار گەڕامەوە بۆ ئارشیفی تایبەتیی خۆم و هەموو ئەو شیعرانەی کە لە ناوەندی چەندین ساڵەی ئەدەبی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش چووە پاڵ ئەو سەرچاوانەی باسم کردن، جگە لە دیوانی شێخ ڕەزای ساڵی ١٩٤٦ کارەکەمان بەم جۆرە دابەش کرد و ڕێک خست:

١- دانانی ئەو شیعرانەی کە لە دەستنووسەکەی شێخی خاڵدا نەبوو لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.yadgari.org

جێگای تایبەتی خۆیاندا و نووسینی پەراوێزەکانی شێخی خاڵ و ئەوانەی من لە کۆتایی شیعرە کوردییەکاندا هەتا بیر و هۆشی خوێنەر پەرت و بڵاو نەبێتەوە لە نێوان شیعر و پەراوێزەکاندا.

٢- جوێکردنەوەی بەشی بابەتی هەجوەکانی نێوان شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی بەکوردی و فارسی.

٣- تەرخانکردنی بەشێکی شیعرەکانی شێخ ڕەزا و ئەمین فەیزی بەکوردی و لە بەشەکانی تردا بەفارسی و تورکی.

٤- نووسین و پێوەندییەکانی پیرەمێرد بەشێخ ڕەزا و جۆری نووسینەکان بەکوردی و فارسی.

٥- بەشی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بۆ هەر یەک لە موفتی زەهاوی، جەمیل صدقی زەهاوی، موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک بەکوردی و فارسی و تورکی.

٦- کۆکردنەوەی نوکتە و بەسەرهاتە خۆشەکانی شێخ ڕەزا کە لە دەستنووسەکەی شێخی خاڵدا هەندێکی هەبوو لەگەڵ ئەو نوکتانەی کە لە سەرچاوەی تردا دەستم کەوتووە و، دانانی لە بەشێکی تایبەتیدا کە بەلای منەوە هەرچەندە ئەم نوکتانە زیاتر لە ڕووی پێکەنین و خۆشیی کات بەسەربردنەوە تەماشا کراوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوانە کۆمەڵێ هەڵوێستی مرۆڤانە و بوێر و چاونەترسانەی شێخ ڕەزان بەرامبەر بەڕووداوەکانی ڕۆژگاری خۆی. واتە هەڵوێستی شێخ ڕەزا بووە، بەرامبەر ژیان و هەموو کێشەکانی ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم مرۆڤە ئازایە خەم و ئازار و ئاواتەکانی هەموو گەڕان و وێڵبوون بووە بەدوای هەقیقەتدا، ئەو هەقیقەتانەی ئەو لە ژیان و ناوەرۆک و دیاردەکانیدا بینیویەتی و عاشقی بووە. شێخ ڕەزا شیعری کوردیی ئەو ڕۆژگارەی لە دیوەخان و تەکیە و سەرتاق و ڕەفەی کتێبخانەکانەوە هێنایە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە، لە ژیان نزیکی کردەوە و ڕاستەوخۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوێتەی ژیانی کرد و شیعرەکانی لەسەر لاپەڕەی دەستنووس و پەراوێزی کتێبەکانەوە بەرزبوونەوە و هاتە سەر زاری کۆمەڵانی خەڵک و بەسەر دەمیانەوە بووە لە کۆڕ و موناسەبە و یەکتر بینیندا بۆ یەکتریان دەخوێندەوە کە بەڕاستی ئەمە دیاردەیەکی نوێ بوو لە شیعری کوردیدا.

وەهام بەباش زانی کە بەشی یەکەمی دیوانی شێخ ڕەزا تەنیا شیعرە کوردییەکان بێت. لەبەر ئەوەی شیعرە فارسی و تورکییەکان هەریەک بۆ خۆیان کەرەسەی دیوانێکی سەربەخۆ پێک دەهێنن. بەتایبەتی من نەمویست تەنیا شیعرە فارسی و تورکییەکان بنووسمەوە. بەڵکو هەستم بەمە کرد پێویستە دوو کاری بنەڕەتی لەو شیعرە فارسی و تورکییانەدا بکرێت.

١- لە نووسینەوەی شیعرەکاندا پێویستە ڕێنووس و شێوەی نووسینەوەی شیعرەکان لەژێر سەرپەرشتیی فارسیزان و تورکیزانی باشدا بێت و دوو شارەزا لە هەریەک لەو دوو زمانەدا بۆ ڕاست نووسینەوە و بۆ لێکدانەوەی شیعرەکان و نووسینی مانای وشە گرانەکان.

٢- وەک لە شیعرە کوردییەکاندا شێخ ڕەزا داهێنەر و وەستا و کارامە و زاڵ بووە، لە فارسی و تورکیشدا بەهەمان جۆر، ئەم شاعیرە خوڵقێنەر و خاوەن ڕێبازی خۆی و دەنگی تایبەتی خۆی بووە، بەم هۆیەوە جوێکردنەوەی شیعرە فارسییەکان بەبەشی دووەمی دیوانەکە و شیعرە تورکییەکان بەبەشی سێیەمی، ئەرک و ماندووبوون و پشوودرێژیی پێویستە، کە ئەو کەسەی کاری تێدا دەکات تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە فارسی یا تورکی بزانێت بەڵکو دەبێت یا شاعیر یا ڕۆشنبیرێک بێت لە بواری ئەدەبیاتی فارسی یاخۆ تورکیدا. پرۆژەی من لەم کارەدا ئەوەیە ئەگەر دووکەسی وەها دەست کەوتن و بڕیاری کاریان دا شان بەشانی خۆم ئەوا دەتوانم بەرگی دووەم و سێیەمیش بەئەنجام بگەیەنین و چاپ بکرێت و کتێبخانەی کوردیی پێ ئاوەدان ببێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێنەری بەڕێز

هیچ کارێک بێ خەوش و ناتەواوی نابێ، لە توانای مامۆستای خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ و لە توانای مندا ئەوەندە هەبووە. هەر ڕەخنە و ڕاستکردنەوە و پێشنیازێک لە بارەی ئەم بەشەی دیوانەکەوە بنووسرێت خزمەتی دیوانی شێخ ڕەزا دەکات و بۆ چاپی داهاتوو سوودبەخش دەبێت.

درووود بۆ گیانی پیرۆز و نەمری شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کە ئەرکی خۆیان بەرامبەر نەتەوەکەیان بەجێ هێنا ئەگەر منیش توانیبێتم لەم بوارەدا خزمەتێکم بەشیعری شێخ ڕەزا و ئەدەبیاتی نەتەوەکەم کردبێت خۆشحاڵ دەبم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

**نووسینی: شێخ محەمەدی خاڵ**

هەموو زانایەکی پێگەیشتوو و دانایەکی تێگەیشتوو ئەزانێ کە دیوانی شیعر باشترین نموونەی بەرزی کۆمەڵ و گەلە، بەڵکو نیوە شیعرێک تای تەرازووی گەلێکە و، بەدووتای ئەم تەرازووە گەل ئەکێشرێ و سەنگ و سووکیی دەرئەکەوێ. گەلی کورد لەبەر سافیی ئاسمانی وڵاتەکەی و بەرزیی شوێنی و جوانیی چاوەندازەکانی و مام ناوەندیی (اعتدال) هەوا و کزەبای بەیانیانی و شنەی شەماڵی نیوەڕوانی و سۆزەبای ئێوارانی و جریوەجریوی ئەستێرەکانی و تریفەتریفی مانگەشەوی و نەرم و شلیی هەتاوی نیوەڕوانی، هەموو یەکێکیان بە ژن و پیاوەوە شاعیری مادەرزاد و وێژەری زگماکن، لەبەرئەوە ئەتوانم بڵێم ئەوەندەی ئەستێرەی ئاسمان شیعر و شاعیرمان تیا هەڵکەوتووە.

داخی گرانم ئەگەر شیعری هەموو شاعیرەکانمان لەکاتی خۆیا کۆ بکرانایەوە ئێستا بەسەدەها دیوانمان ئەبوو، بەڵام بەداخەوە لە هەزارا یەکێکیان شیعریان نەنووسراوە و کۆ نەکراونەوە لەگەڵ مردنی خۆیان شیعرەکانیشیان مردوون و نێژراون بەبێ ناوونیشان چوونە بیابانی نەبوونی، تەنانەت ناوی شیعرەکانیشمان پێ نەگەیشتوون. ئەم دە پازدە بیست دیوانەی کە ئێستا لەناومانا هەن بەچاپکراو و دەستنووسەوە هەر هی شاعیرانی ناوچەی خۆمانن، لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا و ئینجا ئەبێ شاعیرانی کوردستانی گەورە لە دەوروبەری باباتاهیری هەمەدانییەوە کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا بووە چەند بووبن و چۆن بووبن مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ. یەکێک تەماشای باسی شارەزوور بکات لە کتێبی (معجم البلدان)ی یاقووتی حەمەویدا یا تەماشای وتارە بەنرخەکەی خوالێخۆشبوو مستەفا جەواد بکات لەژێر سەرباسی جاوانیدا کە لە جزمی یەکەم لە جلدی چوارەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوکراوەتەوە تێ ئەگات کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی

هەر شارەزوور بەهەزاران شاعیر و نووسەر و وێژەری تیا هەڵکەوتووە. (دائرة المعارف)ی سەدەی بیستەم ژیانی زۆریانی نووسیوە لەگەڵ نووسینی زۆر لە چامە و چەکامە (غەزەل و قەسیدە)یان.

باشە شاعیرە کۆنەکانی دەوری باباتاهیری هەمەدانی گەر فەوتابن لەبەر دووری و بەسەرهاتی ڕۆژگاری بەدکردار، ئەی شاعیرەکانی دەوری خۆمان بۆچی شیعرەکانیان فەوتاون؟ زۆر دوور نەڕۆین ئەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پێچی مێزەرێکە کۆچی دوایی کردووە و، تا ئێستا دووجار دیوانەکەی لە چاپ دراوە، بەڵام بەداخەوە دە یەکێکی کۆکراوەتەوە. ئەوەی کۆشکراوەتەوە هەمووی پڕە لە هەڵە و ساتمە و کەموکوڕی و کورت و کوێری. بێگومان شێخ ڕەزا بەقەد *کەلیم*[1] شیعری فارسی و بەقەد *نامق کەمال* شیعری تورکی و بەقەد *نالی* و سالم شیعری کوردی هەبووە بەڵام بەداخەوە بەشی زۆریان لەناوچوون. کوا شیعرەکانی بەهەر چوار زبانەکە؟ چییان لێ هات؟ بۆچی مەردێک لە خزمەکانی خۆی شیعرەکانی کۆ نەکردۆتەوە؟ یا بۆ خۆی لە دەفتەرێکدا هەمووی تۆمار نەکردووە؟ دیوانم نەدیوە ئەوەندەی دیوانی شێخ ڕەزا بەدبەخت و وێران و هەڵەی تیابێ... ئینجا ئەم هەڵانە دوو جۆرن.

یەکەمیان هەڵەی زۆر زلن وە لەو هەڵانە نین کە بەچەقۆکەی مەلای مەزبوورە بکرێنرێ[2]. وەک ئەم شیعرانە کە لەلاپەڕە ١٣دا نووسراون لە

١- کلیم: بەکوردی دەنووسرێ -کەلیم- شاعیرێکی ئێرانی لە حاشییەکانی سەر سویتیدا پێی ئەڵێن -أبو طالب- شیعرەکانی تا بڵێیت بەرز و بەپێز و سۆزە. تا ئێستا وا بزانم لە چاپ نەدراوە. وێنە -نوسخەیەکی- زۆر چاکم هەیە پێی ئەڵێن نوسخەی سەر خەزێنە.

٢- ئەڵێن ڕۆژێک مەلای مەزبوورە چەقۆیەکی تیژی دەم پانی دەم تیژ ئەکا بەبەر پشتێنەکەیا کە ئەچێ بۆ مزگەوت لێی ئەپرسن مەلا ئەم چەقۆ زلە چییە ئەویش ئەڵێ: هەڵەی کتێبی پێ ئەکرێنم، ئەوانیش ئەڵێن: هەڵەی کتێب بەچەقۆیەکی بچکۆلانە ئەکرێنرێ، مەلاش ئەڵێ: هەڵەی وا زل هەڵئەکەوێ بەم چەقۆیە نەبێ ناکرێنرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیتی جیمدا کە ئەڵێ:

ئەم دەغڵە کە تەسلیمی ئەکا شێخ بە هەجیجی
نوقسانی ئەکا هەر لە تەغارێ دە کەویجی
ئەسڵ و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی
بێ مروەت و، ئینصاف و، حەرامزادەو و بیجی

کە ئەبوو لە پیتی (یێ)دا بنووسرایە نەک (جیم) چونکە دواییەکەیان (ی)یە. هەروەک ئەم چوارینە فارسییەی کە لە لاپەڕە ١٨٥دا نووسراوە کە ئەڵێ:

گویند کە چۆن وطء کنی عرش بلزرد[٣]
عەرشی کە بەیک وطء بلزرد بچە ارزد
ماییم یکی حجرەء تاریک کە دروی
صد بچە بگاییم یکی خشت نلزرد

کە ئەمە هی عوبەیدی زاکانییە وەک پیرەمێردیش ئەڵێ کەچی بەهی شێخ ڕەزا دراوەتە قەڵەم. وە هەروەک ئەم شیعرە کە لەلاپەڕە ٧١دا نووسراوە کە ئەڵێ:

نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم
حەمەی تووڵینە بەم تووڵە لە قووڵینەی هەتیوت بەم

کە ئەمە هی شاعیری جوانەمەرگ ڕەشیدی لاوەیە نەک هی شێخ ڕەزایە، بەو بەڵگەیەی کە لە ژینی ڕەشیدی لاوەدا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها هەڵە زلەکانی تری یا چوارینەیە و تاقە شیعرێکی لێ نووسراوە وەک لە لاپەڕە ١٩٢دا کە بەفارسی ئەڵێ:

مخوانید ایت توحید رهبان کلیسارا
خر عیسی چە داند ذوق حال (خرموسی)را

٣- چوونە لای ژنە بەحەرامی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیعرەکەی تری کە ئەڵێ:

رموز عشق عالم سوزرا پیر مغان داند
خبر نبود زحال طو رسینا پور سینارا

هەڵبوێراوە.

یا چوارینە و لەناو تاکەکانا نووسراوە و هەر شیعرێکی کەوتۆتە لایەکەوە وەک ئەم شیعرە کوردییە کە ئەڵێ:

ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی
زاتێکی وەکو موفتی ئەفەندی زەهاوی

شیعرەکەی تری کە ئەڵێ:

مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق بەتەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

لەلایەکی ترا بەتاک نووسراوە. یا ئاخر شیعری چامەیەک کە ئەبێ بکەوێتە دوای هەموو شیعرەکانەوە. کەچی کەوتۆتە ناوەڕاستی چامەکە. وەک چامەی (ئەی تەل) لە لاپەڕە ٨٥دا کە ئاخر شیعرەکەی لە ناوەڕاستی چامەکەدا ئەڵێ:

یارب بحق آل علی پایەدار کن
جاه و جلال و حشمت روحی فداهرا

یا لە چامەکەیدا دوو شیعر هەڵبوێردراوە، وەک لەلاپەڕە ٨٧دا کە لەو چامەیەدا شیعری پێنجەمی هەڵبوێراوە کە بەفارسی ئەڵێ:

سرنگون از طارم نیلی فتادی برزمین
همچو نابینا کە ناگە اندرافتد چاهرا

لەگەڵ شیعری دوانزەهەما کە ئەڵێ:

تا أبد این خسرو فیروز فرخ جاه باد
گردش گردون بکام ناصرالدین شاهرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یا لە چامەیەکدا شیعرێک هەڵبوێردراوە و شیعرێکیش پاش و پێش خراوە، وەک لەو چامەیەی کە لە سوڵحی تاڵەبانی و ساداتی سلێمانیدا وتراوە بەفارسی شیعری چوارەمی هەڵبوێردراوە، کە ئەڵێ:

در جبهه ء ایشان نبود قابل انکار

انوار سیادت کە بەعیوق رسیداست

شیعری دووەمی کە ئەڵێ:

کرکوک چرا بر همه افاق ننازد

امروز کە افاق این سه حفیداست

ئەبێ ببێ بەشیعری سێیەم، یا ئاخر چامەیەک هەڵبوێردراوە و وەک ئەو چامەیە کە لە مەدحی شێخ مستەفای حەفیددا وتراوە، کە ئەڵێ:

بندەات شێخ رەزا تو فراموش مکن

ایکە درباره ء ارباب هنر با انصاف

وەک ئەو سێ شیعرەی کە لەسەر لاپەڕەی ١٥٨ەوە نووسراوە کە شیعری چوارەمی هەڵبوێردراوە کە ئەڵێ:

ما بخدمت نرسیدیم ولی میشنویم

قهرمان است درین ناحیه ء کردستان

وە ئەو دوو شیعرە فارسییەی کە لە لاپەڕە ١٨٩ەوە نووسراوە کە شیعری سێیەمی هەڵبوێردراوە کە ئەڵێ:

من خداوند شاعران هستم

تو همانا رسول من هستی

پێویستە ئەمەش فەرامۆش نەکەین کە شەوێک ڕەحمەخانی دایکی کاک فایق هۆشیار کە کچی خوالێخۆشبوو پیرەمێردە لەگەڵ دادە پەروینی کچیا هاتن بۆ ماڵمان، منیش داوای دیوانەکەی مەولانا خالیدم لێ کرد کە باوکی کردوویەتی بەکوردی تا ماوەیەک لەلام بێ، ئەویش وتی بەخوا لای

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rahari.org

من نییە لای فایقە، بەڵام کتێبێکی ترم لەلایە ئەوەت بۆ ئەنێرم. بەیانی خۆم ناردم بۆ کتێبەکە کە بۆی ناردم بینیم دیوانی شێخ ڕەزایە چاپی دووەم، ناو بەناو پیرەمێرد (بەڕەحمەت بێ) قەڵەمی تێ بردووە. بەڵام بەداخەوە کەمی لێ چاک کردووە. دوای ئەوە هەرچەندە شیعرێکی شێخ ڕەزام دەست بکەوتایە کە لە دیوانەکەیدا نەبووایە لە قەراخی نوسخەکەی پیرەمێردەوە ئەم نووسی یا هەڵەیەکم بەرچاو بکەوتایە خێرا نوسخەکەی پیرەمێردم چاک ئەکرد و بەڕاستی دۆزینەوەی ئەو لەتە دیوانە و بوونی نوسخەکەی پیرەمێرد زۆر هانەهانەیان دام لەسەر ئارەزووەکەی خۆم، کە خزمەتی دیوانەکەی شێخ ڕەزا بوو بڕیارم لەسەر دا و ناوی خوام لێ هێنا.

دووەمیان: هەڵەیە لە پیتێک یا لە وتەیەک یا لە زیاتر لە وتەیەکدا، ئەم جۆرەیان یەکجار زۆرە و بەسەدەها هەڵەی وای تیایە هەرچییەکمان ڕاست کردووە لە کاتی چاپکردنا ناڕاستەکەی ئەنووسین. بەڵام لە پەراوێزا ئەنووسین کە لە چاپی پێشوودا وا نووسراوە تا ڕاستەکەی باش دەرکەوێ، جا لەبەر ئەوەی کە هەڵەی ئەم دیوانە یەکجار زۆرە، حەزم کرد خزمەتێکی ئەم دیوانە بکەم و پێشەکیی بۆ بنووسم و هەڵەکانی بەپێی توانا ڕاست بکەمەوە. زۆر شیعری شێخ ڕەزام بەهەر چوار زبانەکە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا دۆزیومەتەوە لە کەشکۆڵ و بەیاز و پشتی کتێبە دەستنووسەکاندا، لە چاپی پێشوودا نەنووسراون تێکەڵی شیعرەکانی تری بکەم و هەریەکە لە جێی خۆیدا و ئەم شیعرانەی کە گرانن مەبەستیان لێ بدەمەوە و ئەوانەی کە سەرباسیان بۆ دانەنراوە بۆیان دابنێم لەگەڵ زۆر شتی ترا. من لەم بیرەدا بووم ڕۆژێ کتێبێکی دەستنووسی کۆنی نامەخانەکەی خۆمم لە دۆڵاب دەرهێنا کە کردمەوە تەماشا ئەکەم لەتە دیوانێکی زۆر کۆنی شێخ ڕەزای تیایە کە ناوبەناو چەند پەڕەیەکی نەماوە و شیعری کوردیشی تیا نییە بەڵکو شیعری تورکی زۆری تیایە لەگەڵ هێندێ چامە و چەکامەی فارسی و چەند دانەیەک شیعری عەرەبی. شیعرە تورکییەکانیم کە بەراورد کرد لەگەڵ شیعرە تورکییە چاپکراوەکانا بینیم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٩٩ شیعری تیایە کە لە دیوانە پێشووەکەدا نین.

هەروا بیستم کە کاک حەسەن جاف بەڕێوەبەری قوتابخانەی کاژاو زۆر شیعری تورکیی شێخ ڕەزای لەلایە، داوام لێ کرد کە بۆم بنێرێ، کە ناردی ئەبینم دەفتەرێکە سی و یەک پارچە شیعری تورکی شێخ ڕەزای تیایە وە ئەم دەفتەرە لە دەفتەرێکی دی وەرگیراوە کە هی شێخ نەجیبی برازای شێخ ڕەزایە. ئەم شیعرانە زۆربەیان چامەن و هێندێکیان پێنج خشتەکین، ئەوانی کەی یا پارچە قەتعەی سێ شیعری و چوار شیعرین یا چوارینەن یا تاکن وە هەمووی ١٨٢ شیعرە وە لەگەڵ ٩٩ شیعرە تورکییەکانی لەتە دیوانەکەی لای خۆم کردییە ٢٨٦ شیعری تورکی. ئەمانە جگە لەو شیعرە کوردی و فارسی و عەرەبییانەی کە چارەکە چەرخ (ربع قرن)ێکە کۆم کردوونەوە.

بەڵێ دیوانی شێخ ڕەزا ئەو هەموو ساتمە و هەڵەیەی تیایە لەگەڵ ئەوەی کە خانەوادەی تاڵەبانی خانەوادەیەکی زۆر ناوداری ئاگادارن لە پێشکەوتنی ڕۆژگار لە هەموو ڕوویەکەوە کە یەکێکیان چاپ و چاپەمەنییە ئەمانیش ئاوڕێکیان بدایەتەوە لەم دیوانە و هەموو عێراق و تورکیا و ئێرانیان بپشکنیایە و هەموو کون و قوژبنێکیان سەنگ و سوژن بدایە بۆ دۆزینەوەی تاقە شیعرێکی ئەم شاعیرە بەهرەمەندە، تا ئەمڕۆ دیوانی شێخ ڕەزاش وەک دیوانی شێخی سەعدی و خواجە حافزی شیرازی و قائانی لە چاپ بدرایە. بەڵام بەداخەوە خزمەتێکی ئەم دیوانەیان نەکرد. بەڵکو ئەویش کە کۆی کردۆتەوە نەگەڕاوە بەدوای شیعرەکانیا و هەوڵێکی تیا نەداوە و هەڵەیەکی ڕاست نەکردۆتەوە، چی لەبەر دەستیا بووە بەهەڕەمەیی لە چاپی داوە بەهەموو هەڵە و کەموکورییەکەوە. خولاسە ئەوەی شێخ ڕەزا بەم خەڵکەی کرد بەجنێو و پلار ئەوانەی کە دیوانەکەی ئەویشیان لەچاپ دا گەلێ خراپتریان بەدیوانەکەی ئەو کرد، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم هەموو جنێوە ناشیرینانەی کە بەم خەڵکەی داوە بەجۆرێکی وا ئاوێتەی کردووە لەگەڵ شیلەی ئەدەبا هەڵی شێلاوە. ئەگەر لەم گۆشەیەوە لێی وردبینەوە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.raburi.org

ڕەنگی هەنگوینی پاڵاوتە شیرینتر و خۆشترە بەڕەنگێکی وا کە وێژەری بەڕاستی بەوێژەکەیەوە خەریک ئەبێ وە نایپەڕژێتە سەر وردبوونەوە لە جنێوەکانی. ناجی هورمزی بریکاری پارێزگار بوو لە سلێمانی وە نووسەرێکی وێژەیی بوو لە تورکیدا. جارێکیان باسی وێژەی تورکیی خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بۆ ئەکردم ئەی وت: «سێ جار کتێبی –عراق تأريخی– ئەمین زەکیم خوێندەوە ئەوەندە وێژەکەی بەرز و باڵا و جوان و ڕەوان بوو هەموو جارێک لە جوانی و ڕەوانی وێژەکەیا نقوم ئەبووم وە ئاگام لە تەئریخەکەی نەئەما». شیعرە جنێوەکانی شێخ ڕەزاش ئەمەندە وێژەکەی بەرز و باڵایە یەکێک ئەگەر لە کوردیدا وێژەر بێ کە خوێندییەوە ئاگای لە جنێوەکانی نامێنێ.

ئەی وێژەری بەرز و باڵا توخوا ئەگەر تۆزێ وردبینەوە لەم شیعرە کە جنێوێکی زۆر پیسە کە ئەڵێ:

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانەی سیمینت

هەزار مارتینی بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

کەچی ئەوی جلەوکێشی تەماشا بێ، وێژە و داڕشتنەکەیەتی نەک جنێو و هەجوەکەی. توخوا داڕشتنی ئەم شیعرە مەستت ناکات لە مانا و مەبەستا بەڕەنگێک کە جنێوەکەت لەبیر بەرێتەوە.

هەموو گەلێک شاعیری زەمی هەیە بەزۆری، بەڵام ئێمە هەر شێخ ڕەزامان هەیە. لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە ئەدەب و وێژەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ هەموو شێوەکانی تر لە ئەدەب. نەخوازەڵڵا ئەم وردەکارییەی کە شێخ ڕەزا کردوویەتیە کارلە جنێودانا.

ئێمە لەم ڕووەوە تەماشای ئەم هەجوانە ناکەین کە ئەم زەلامانە کێن و کێ نین و شایستەی ئەم جنێوانەن یا نا، بەڵکو لەم ڕووەوە تەماشای ئەکەین کە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتییە و وێنەی لە هەموو زمانێکدا هەیە و نەبوونی مایەی کەلێن و کەلەبەرێکی یەکجار گەورەیە لە وێژەی گەلا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جگە لەمە دیوانەکانی تر هەموو شیعرەکانیان لەیەک ئەچن و ئەڵێی بەگوێچکەی یەکیانا چرپاندووە، بەڵام دیوانی شێخ ڕەزا وا نییە، زۆر شتی تیایە کە هێشتا نەبیستراوە و نەوتراوە لە کوردیدا.

زەمەکانی شێخ ڕەزا، گەلێ جۆرن شتی هێندێکیان بێ پەردەن وەک ئەم شیعرەی کە لە زەمی شێخ حەمید ناوێکا ئەیلێ:

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مارتین بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

هێندێکیان لەژێر پەردەی تەنکان، بەم ڕەنگە دوو مانای هەیە بەمانایەکیان زەمە و بەمانایەکیان زەم نییە، وەک ئەم شیعرەی کە ئەڵێ:

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گیرا ئەم کەرە

مەبەست لەم کەرە یا ئەو کەرەیە کە شێخ حەسەن ئیعلانی حەربی لەسەر کردووە بەم مەعنایە زەم نییە یا شێخ حەسەن خۆیەتی بەم مەعنایە زەمە. لەم جۆرە زەمانە زۆری هەن لەم دیوانەدا. هێندێکیان لەژێر پەردەیەکی کە دایە وەک ئەم شیعرە فارسییە کە ئەڵێ:

نەتو درپیش مریدان چوشکر شیرینی
بەخودا ای پسر شیخ تو هرجا شکری

واتە: وەنەبێ لای موریدەکانی باوکت شیرین بیت. بەخوا ئەی کوڕی شێخ لە هەموو شوێنێک تۆ هەر شیرینیت. نوکتەکە لەم عیبارەتە دایە کە ئەڵێ: «تۆ هر جا شکری» ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە تۆ لە هەموو شوێنێک شەکری ئەوە مەدحە. وە ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە تۆ جاشەکەری ئەوە زەمە. ئەمەش لە نووسینا بەفاریزەیەک جیا ئەبنەوە، بەم ڕەنگە فاریزەکە لە دوای (جا)وە بێ ئەوە مەدحە وە ئەگەر لە دوای (هر)ەوە بێ ئەوە زەمە.

هەندێکیان لەژێر پەردەیەکی ئەستوورایە بەڕەنگێکی وا ئەگەر راڤە نەکرێ کەم کەس تێی ئەگات وەک ئەم چوارینەیەی کە لە زەمی شێخ عەلی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاکیدا ئەڵێ:

شـێخ عـەلی خـۆ تۆ منت ئاواره کـرد و دەربەدەر
چاکە هەجوێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح خۆ تۆ منت ئاواره کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

کەم کەس ئەزانێ هەجوە موفید و مختەسەرەکەی شێخ عەلی لەم چوارینەیەدا کامەیە. شێخ عەلی نەکەیت بەنێرەکەرەکە هەجوەکە دەرناکەوێ.

لەم زەمەدا ئاماژەش هەیە بۆ قسەیەک کە بڵاوبۆتەوە لە کاتی خۆیا کە شێخ عەلی بەرەحمەت بێ سووکە نکاحێکی خستۆتە سەر دایکی حەمەی وەستا فەتاح چونکە جوانکیلە بووە وە هەمیشە لە ماڵی شێخ عەلیدا ئیشی کردووە و ئاوی دەستنوێژی شێخی داوە.

هێندێکیان لەمەش نا دیارتر و پۆشیدەترە وەک ئەم شیعرەی کە لە هەجوی شێخ حەمید تاڵەبانیدا وتوویەتی. من لە کاک حەمە بۆرم بیستووە کە ئەڵێ:

کەنییەکەی فەقێ قادر چ رەعنا و زەریفە
بە تاپۆ هی حەمیدە و تصرفی لەتیفە

حەمید ئاغا و لەتیف ئاغا دوو شێخی تاڵەبانین رەعنا و زەریفێ دوو ژنی شێخ حەمیدن، ئەم دوو شێخی تاڵەبانییە یەکی کانییەکیان بووە بەناوی کانی فەقێ قادرەوە کە بەسەر زەمینی ئەوی کەی تریانا ڕۆییوە. کەنی، کچە. ئەبێژرێ کەنی وەرە، هەروەک کورتە (مختصر)ی کانیشە ئیتر خۆت تێ بگە.

بێگومانم ئەگەر لە مەیدانی شیعر و شاعیرێتیدا تەختێکی ڕەوانبێژی دابنرایە لە هەر چوار بازنەکەیدا شێخ ڕەزا لەناو هەموو شاعیرانی کوردەواریدا ئەچووە سەری دائەنیشت و ئەبوو بەشای شاعیران (ملک

الشعراء). بەڕاستی لە کوردی و عەرەبی و فارسیدا کەم کەس هێشووی لە پشتەوە کردووە. ئەو حازر بەدەسەی کە ئەو بوویەتی کەس نەیبووە. لە هەر زەمانێک لەم زەمانانەدا کە دێتە پێشەوە ئەڵێیت شۆڕەسوارێکی شەنگ و شۆخە وا بەسەر پشتی ئەسپێکی کوێتی باڵەبانیی چوار پەل سپیی ڕەسەنەوە بەئارەزووی خۆی لە دەشتێکی تەختی پان و پۆڕی نەرمانا دەمێ بەڕەوت و دەمێ بەنەرمەغار چەرخە و مەقەستە ئەکا و دەمێ بەتاو دێت و ئەچێ و لنگ ئەدا و دەمێ جاریش لە پڕ بەتاو دێت و ئەڕوا وەک برووسکە لەچاو ون ئەبێ و تەماشاکاران بێ پەروا ئەبلەق ئەبن و واقیان وڕئەمێنێ، وە چەپڵەڕێزانی بۆ ئەکەن و ئافەرینی ئەکەن.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن زانایەکی گەورە لە شێخ ڕەزا ئەپرسێ ئەڵێ: شاعیرێکی زۆر بەرز و ڕەوان لە کوردا کێیە؟ هەروا لە فارسی و عەرەبی و لە تورکیدا کێن؟ شێخ ڕەزاش ئەڵێ: «شاعیری وا لە کوردیدا مستەفا بەگی ساحێبقڕانە و لە فارسیدا فیردەوسی و لە عەرەبیدا موتەنەبی و لە تورکیدا نامیق کەمال، لە هەر چوار زبانەکەشدا کاکی خۆتە».

بەڵێ شێخ ڕەزا هەروەک شیعری زەمی هەیە شیعری مەدحیشی هەیە بەڵام چونکە شیعری مەدح بەتێکڕایی کەمترە لەناو شاعیرەکانیا شیعرە زەمەکانی شێخ ڕەزا زۆر ئەنوێنن، بەڵکو هەر ئەم دەبینرێ وە شیعرەکانی تری نایەنە بەرچاو. بەهەمان حاڵ شێخ ڕەزا شاعیرێکی زۆر هەڵکەوتوو بووە چ لە زەم و چ لە مەدحا بەڕەنگێک کە لەیەک بەرزتر و باڵاترن، بەڵکو ئەوەندە بەرز و باڵان لە شیعر و لە شاعرێتیدا سەرۆکایەتیی شیعری لە چەرخی خۆیا وەرگرتووە، بەتەرازووی ئەدەب شاعیرانی کێشاوە و پلەی بۆ داناون.

شاعیری بەناوبانگ ئەمین فەیزی بەگ ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: من و شێخ ڕەزا لە بەغدا بووین، لەو ماوەیەدا دوو پیاوی گەورە لەلای سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دەربەدەر کرابوون بۆ بەغدا وە لەوێ دەستبەسەر بوون. یەکێکیان کازم پاشای برای سوڵتان عەبدولحەمید و ئەوی تریان (نظام

العلماء) کە دانایەکی گەورەی شیعە بوو. ئەمین فەیزی ئەڵێ: ڕۆژێ شێخ ڕەزا پێی وتم با بچین بۆ لای ئەم دوو پیاوە گەورەیە بۆ بەخێرهاتنیان، یەکەم جار چووین بۆ لای کازم پاشا لە دیوەخان دایاننایین، تا کازم پاشا هات بۆ لامان. شێخ ڕەزا پێی وتم من بەتورکی نیو شیعری بۆ ئەڵێم تۆش نیوەکەی تری بۆ تەواوکە. وتم باشە، ئیتر شێخ ڕەزا نیو شیعرەکەی خۆی پێ نەوتم وە منیش لێم نەپرسی... کازم پاشا کە هات شێخ ڕەزا وتی:

دولتک صادقەسی چوق یشا پاشا[٤]

ئەمین فەیزیش کتوپڕ ئەڵێ:

کیسمە اولماز سنا مانند و معادل حاشا[٥]

کازم پاشا زۆری پێ خۆش ئەبێ وە بەو بۆنەیەوە هەردووکیان ئەناسێ و سەرەتای ناسیاوییان لەم دوو نیوە شیعرەوە دائەمەزرێ. ئینجا لەوێوە ئەچن بۆ لای (نظام العلماء) شێخ ڕەزا بەئەمین فەیزی ئەڵێ: لێرەش من بەفارسی نیو شیعری بۆ ئەڵێم، تۆش نیو شیعرەکەی تری بۆ تەواوکە. کە ئەچن شێخ ڕەزا ئەڵێ:

انتظام همە عالم بە نظام العلماست[٦]

ئەمین فەیزیش ئەڵێ:

این سخن مظهر تصدیق جمع حکماست[٧]

لەوێ کە هەڵئەستن شێخ ڕەزا بەئەمین فەیزی ئەڵێ: ئافەرین ئەمین فەیزی، بەڕاستی کە من مردم هەر تۆیت جێگام بگریتەوە. لەمەوە دەرئەکەوێ کە شێخ ڕەزا ویستوویەتی ئەندازەی شاعیریی ئەمین فەیزی

---

٤- هەر بژیت ئەی پاشا بۆ خۆت و ڕاستی و دڵسۆزیت بۆ دەوڵەتت.
٥- کەس نییە کە ببێ بەوێنە لەو دڵسۆزییەدا.
٦- ڕێکیی هەموو جیهانی بەجەنابی نظام العلما.
٧- ئەم قسەیە جێی بڕوای هەموو تێگەیشتوویەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاقی بکاتەوە بۆیە نیوە شیعرەکانی خۆی پێ نەوتووە. جارێکیان چەند شاعیرێکی کەرکووکی ئەچن بۆ لای شێخ ڕەزا، لای دائەنیشن، کۆڕێک ئەگرن لەناو خۆیانا بەشیعر وتن، شێخ ڕەزا شیعرەکانیان پەسند ناکا و بەم شیعرە تێیان ئەگەیێنێ کە پایە و پلەیان لە شاعیرێتیدا چەندە ئەڵێ:

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا
بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا

هەروەها جارێکیان ئەحمەد پاشای بابان لە ئەستەموولْ شێخ ڕەزا بانگ ئەکا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. هەر لەگەڵ ئەودا هەشت نۆ کەس لە گەورە پیاوانی ئەستەموولیش بانگ ئەکا. ئەحمەد پاشا بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: چەند کەسێکم لە پیاوماقوولانی ئەستەموولْ بانگ کردووە پێت ناڵێم کێن، هەمووشیان ئەناسیت، کە هاتن ئەگەر دەستبەجێ سەر و شیعرت بەسەردا هەڵدان، خەلاتێکی زۆر باشت ئەکەم. بەڕێکەوت یەکەم کەس کە دێت شێروان زادەی بەغدادی ئەبێ، کە دێتە ژوورەوە کتوپڕ شێخ ڕەزا ئەڵێ:

رایت عدل برافراشت زنو، شیروانی
افرین باد براین شیوهء نوشیروانی

واتە بەیداخی دادی سەرلەنوێ هەڵدا شێروانی، ئافەرین بێ لەو شێوەی نەوشێروانییە. بەم ڕەنگە بەرو دوا هەر کەسێ دێ شیعرێکی جوان و ڕەوانی پیا هەڵئەدا. ئەحمەد پاشا خەلاتێکی باشی شێخ ڕەزا ئەکات، شیعرەکان لای ئەحمەد پاشا ئەمێنێتەوە، داخەکەم نازانین ئەم شیعرانە چییان لێ هاتووە.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: چەند وێژەرێک دەچن بۆ دیدەنیی شێخ ڕەزا، پێیان ئەڵێ: ئەمڕۆ تۆزێ ماتم، تکا ئەکەم هەریەکەتان چەند شیعرێکی شاعیرێکی کۆنم بۆ بخوێنێتەوە. هەریەکەیان چەند شیعرێکی جوانی شاعیرێکی بۆ ئەخوێنێتەوە. یەکێکیان زۆر تەعریفی غەزەلێکی نالی ئەکا وە لە یەکەم شیعرەوە دەست ئەکا بەخوێندنەوەی ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.pdf.org

ئەی سەروی بلّندقەد و برۆتاق و مەمک جووت

کابرا لێرەدا ئەوەستێ هەرچەند ئەکات نیو شیعرەکەی تری بۆ نایەت، شێخ ڕەزاش زۆر بەئارەزووەوە چاوەڕوانی نیوە شیعرەکەی ئەکات. کابرا کە هەر بۆی نایەت. شێخ ڕەزا ئەڵێ: نیو شیعرەکەم بۆ بخوێنەرەوە کە ئەیخوێنێتەوە شێخ ڕەزا ئەڵێ:

فەرقی نەبوو ئەم شیعرە لەگەڵ میز و لەگەڵ گووت

شێخ ڕەزا برایەکی بووە لە خۆی گەورەتر ناوی شێخ قادر و شاعیرێکی باش بووە بەڵام هەر بەتورکی وە هەر لە (تصوف)دا شیعری وتووە. ڕۆژێ نیو شیعری تورکی ئەڵێ لە ئەحواڵی گیانی خۆیا زۆری پێ جوان ئەبێ بەڵام هەرچەند ئەکات نیوە شیعرەکەی تری بۆ نایەت. نیوە شیعرەکەی ئەمەیە کە ئەڵێ:

می او می، ساقی او ساقی، حال او حالت دگل

واتە: مەی هەر مەیەکەی جاران و مەیگێڕ هەر مەیگێڕەکەی جارانە بەڵام چۆنێتی و مەستییەکەی جاران نییە. شێخ قادر بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: ڕەزا ئەم نیوە شیعرەم وتووە هەرچەند ئەکەم نیوە شیعرەکەی ترم بۆ نایەت، بزانە تۆ تەواوی ناکەیت؟ ئەمیش ئەڵێ: نیوە شیعرەکەی تۆ چییە؟ کە بۆی ئەخوێنێتەوە کتوپڕ بۆی تەواو ئەکات، بەڵام لە پەردەیەکی گاڵتە و قەشمەریدا ئەڵێ:

گوت او گوت، تفرک او تفرک، الت او الت دگل

واتە: قنگ هەر ئەو قنگەی جارانە و تف هەر تفەکەی جارانە بەڵام هۆکار ئالەتەکە ئەوەی جاران نییە. کە لەگەڵ وا ئەڵێ، شێخ قادر وەک بەرداشێک بماڵن بەسەر سنگیا هەرچی هەست و هۆش بێ لە سەریا نامێنێ. گۆزەڵەیەکی پڕ ئاوی لە تەنیشتەوە ئەبێ پڕی پیا ئەکا کە بیماڵێ بەسەری شێخ ڕەزادا. شێخ ڕەزاش خێرا ڕا ئەکا و شێخ قادر بەدوایەوە ناچار خۆی ئەکا بەژوورەکەی شێخ عەلی کاکیا ئەڵێ:

شێخ هاوار لە دەست شێخ قادرە بۆزە کوشتمی بەگۆزە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**باووباپیرانی شێخ ڕەزا:**

شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحمودی زەنگەنەیە. ئەم مەلا مەحمودە لە ساڵی ۱۱۳۰ کۆچی ۱۷۱۷ی زایینی لەدایک بووە، پاشان لە مزگەوتەکان لە لای مەلا باشەکان خوێندنی تەواو کردووە. بوو بەئیمام لە دێی ڕەمەزان مامک لە ناوچەی زەنگەنە. لە ساڵی ۱۱٦۰ کۆچی ۱۷٤۷ی زایینیدا شێخ ئەحمەدی هیندی لە هیندستانەوە هاتووە بۆ زیارەتی بەغدا، پاشان ڕێی ئەکەوێتە دێی ڕەمەزان مامک، ماوەیەک لەوێ ئەمێنێتەوە، مەلا مەحمود ئیجازەی تەریقەتی قادریی لێ وەرئەگرێ، پاشان شێخ ئەحمەدی هیندی لەوێوە ئەچێ بۆ سورداش بەدەستی موریدێکی خۆی ئەکوژرێ و لەوێ ئەنێژرێ. مەلا مەحموود پاش چەند ساڵێک چەند موریدێک لە گەڕەکی تەکیە پەیدا ئەکات. ئەم موریدانە ژوورێک و هەیوانێکی تیا دروست ئەکەن. مەلا مەحمود هەموو ساڵێک بۆ دیدەنی موریدەکانی هاتووە بۆ لایان. ساڵی ۱۲۱٥ی کۆچی ۱۸۰۰ی زایینی کە دێ بۆ لایان لەوێ نەخۆش ئەکەوێ و ئەمرێ وە لەو ژوورەدا ئەنێژرێ.

لە ساڵی ۱۱۹٤ی کۆچی ۱۷۸۰ی زایینی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموود لەدایک بووە. ئەمیش وەک باوکی خوێندوویەتی تا بووە بەمەلایەکی باش. لە ساڵی ۱۲٥۷ - ۱۸٤۱ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە لە ژوورەکەی باوکیا نێژراوە. لە ساڵی ۱۲۱۲ی کۆچی ۱۷۹۷ی زایینی عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەد لەدایک بووە. لە ساڵی ۱۲۷٥ی کۆچی ۱۸٥۸ی زایینی کۆچی دوایی کردووە. شێخ عەبدولڕەحمان وەک باوک و باپیری زانایەکی زۆر باش بووە.

شێخ عەبدوڕەحمان سێ کوڕی هەبووە، شێخ عەلی و شێخ قادر و شێخ ڕەزا. شێخ عەلی لە ساڵی ۱۲٤۸ی کۆچی ۱۸۳۲ی زایینی لەدایک بووە، لە ساڵی ۱۳۳۰ی کۆچی ۱۹۱۱ی زایینی کۆچی دوایی کردووە. وا

کتێبخانەی دیجیتالی
www.mbarj.org

دەرئەکەوێ کە شێخ عەلی وەک شێخ ڕەزا و شێخ قادر هەوەسی لە شیعر وتن نەبووە. بەڵکو ئارەزووی زانین و زانیـــاری بووە. لەبەر ئەوە دوای دەسـتکردنی بەخـوێندن بەشـەش حـەوت سـاڵ چووە بۆ مـەدرەسـەی زانای بەناوبانگ موفتی زەهاوی لە بەغدا وە لەلای یەکێک لە فەقێ بەرزەکانی موفتی دەرسی خوێندووە، مانگی ڕەمەزان دێ، یەکەم شەو موفتی ئەیەوێ چەند ئامـۆژگـاریـیـەکی خـەڵکەکـە بکات و چەند فـەرمـوودەیەکـیـان بۆ بخوێنێتەوە، مەبەستیان بۆ لێ بداتەوە و ئەنێرێ بەشوێن شێخ عەلیدا کە سی شەوی ڕەمەزان هەموو شەوێ قورئانیان بۆ بخوێنێ. شێخ عەلی کە دێ بەتەریقییەکەوە ئەڵێ: بەخوا قوربان قورئانم لەبەر نییە. بەڵام خوا یار بێ بۆ شەوی ئەم جێژنە حازر ئەبم بەڕەنگێک کە لە هەر لایەکەوە بفەرموون لە قورئان بۆتان بخوێنم. شەوی جێژن ئەچێتە خزمەتی موفتی و ئەڵێ: قوربان بەم مـانگە هەمـوو قـورئانم لەبەر کـردووە لە کـوێوە ئەفـەرمـوون تا بۆتان بخوێنم. مـوفـتی زۆر ئافـەرینی ئەکات و دای ئەنێ و دەست ئەکا بەقورئان خـوێندن لەبەر. بەو بۆنەیەوە شـێخ عـەلی بەڕەحـمـەت بێ هەمـوو قـورئانی لەبەر بووە تا مردن. هەروەک فەرمـوودەیەکی زۆری پێغـەمبەریشی لەبەر بووە. خوا لە هەموو لایەکیان خۆش بێ و پەروەردەی بەخشش و میهرەبانی خۆی بدا بەسەریانا.

شـێخ ڕەزا لە سـاڵی ١٢٥٣ک- ١٨٣٧ی زایینیـدا لە دێی قـرخ لە ناوچەی چەمـچەماڵ لەدایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیـدا لای باوکی دەستی کـردووە بەخـوێندن پاشـان چەند کـتـێـبـێکی سـەرەتایی لای شـێخ عەبدولغەفوری مامی خوێندووە. هەروەک ماوەیەکیش لای مەلا باشەکانی کـەرکـووک خـوێندوویەتی ئەمـجـا چووە بۆ کـۆیە و لە مـەدرەسـەی زانای بەناوبانگ جـەلی زادە مـەلا ئەسـعـەدی باوکی حـاجی مـەلا عـەبدوڵڵا دائەمەزرێ و لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەد و شاعیری بەناوبانگ کـەیفـیـدا پێکەوە فـەقێ ئەبن، لە مزگـەوتی گـەورەی کـۆیە. هەرسێکیـان لە ژوورێکا ئەبن پێکەوە موتاڵا ئەکەن و دەرس ئەخوێنن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

گوێ لە دەرسی یەکتر ئەگرن پاشان زویری ئەکەوێتە ناوەندی شێخ ڕەزا و کەیفییەوە. هەردوولا شیعری زۆر سەخت و خراپ بەسەر یەکا هەڵ ئەدەن و بەئەندازەیەک کە شێخ ڕەزا بەکەیفی ئەڵێ:

شـاعـیـر چو توی لب لبـانت ریدەم
وز فــرق ســـرت تا بدهانت ریدەم

کەیفی لە وەڵامی ئەم شیعرەدا بەشێخ ڕەزا ئەڵێ:

فـرقی نەچنان بود مـیـان سروکـیـرم
ای ریدی بەکیرم گوزری گوت بەکیرم

کەیفی بەم شیعرە زویرییەکەی ناوەندی خۆی و شێخ ڕەزای کرد بەشەڕە جنێوی کۆڵانەکان. لەبەرئەوە حاجی مەلا عەبدوڵڵا خەبەری دا بەباوکی، مەلا ئەسعەد کەیفی دەرئەکا لەسەر شێخ ڕەزا.

وا دیارە شێخ ڕەزا چەند ساڵێک لە کۆیە ماوەتەوە و خوێندنی هەر ئەوە بووە کە لەوێ خوێندوویەتی. بەڵام خوێندنێکی باشی خوێندووە. (نحو، صرف، بلاغە)یەکی زۆر چاکی تیا وەرگرتووە، لەو ماوەیەدا بێگومان گوێی لە زۆر دەرسی تریش گرتووە لە هەموو عیلمەکانا. ئەم جۆرە هەڵکەوتووانە وەک موسەجیلە وان هەرچێکیان بەرگوێ کەوت خێرا وەری ئەگرن و لە بیریان ناچێتەوە*.

---

* لێرەدا مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ پێشەکییەکەی تەواو نەکردووە سەبارەت بەژیانی شێخ ڕەزا و سەفەرەکانی بۆ تورکیا، ئەستەموولّ بۆ قاهیرەی میسر چۆنیەتی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری شێخ ڕەزا لەو دوو جێگە گرنگەدا ڕادەی ڕێزلێگرتنی لەلایەن کاربەدەستان و زانا و ئەدیبەکانی ئەو دوو وڵاتەوە. تەنانەت باسی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای نەکردووە. لێرەدا پێویست بوو کە من ئەمە تەواو بکەم. بەڵام پێش ئەمە پەراوێزەکانی ئەو پێشەکییەی مامۆستا خاڵ دەنووسینەوە بەپێی ژمارەی ئەو پەراوێزانەی خۆی دایناوە و ئاماژەی بۆ کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ژیانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:

وەک پێشتر باسم کرد مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەوێدا باسەکەی سەبارەت بەژیانی شێخ ڕەزا تەواو نەکردووە و لە ژیانی شیعریدا کە سەرەتای خوێندنی بووە لە کۆیە لای مەلا ئەسعەدی باوکی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە. بەپێویستم زانی قۆناغەکانی ژیان و سەفەرەکانی شێخ ڕەزا، ساڵی لەدایکبوون، ساڵ و ڕۆژی کۆچی دوایی دیاری بکەم، ڕۆژێک ئەم مەسەلەیە نەبێتە کێشە و دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەم بارەیەوە.

لە سەرەتادا هیچ گومان لەوەدا نییە کە شێخ ڕەزا ساڵی ١٢٥٣ھ، ١٨٣٧ی زایینی لە دایک بووە، وەک بنەماڵەکەی خۆی لە چاپی دووەمی دیوانەکەیدا نووسیویانە کە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی لەلایەن شێخ عەلی تاڵەبانییەوە کۆکراوەتەوە و چاپ کراوە. ئینجا بەپێی ئەوەی کە ڕۆژنامەی (الرقیب) کە ساڵی ١٩١٠ لە بەغدا دەرچووە خاوەنەکەی عەبدوللەتیف تنیان) بووە هەواڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزامان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئیتر هیچ گومان لەمەدا نامێنێ. ڕۆژنامەکە لە ژمارە ٨٣ی ١٢ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی ١٩١٠ی زایینی هەواڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە:

«وەفاتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی عەسری ڕۆژی ٩ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی کە ڕۆژی پێنج شەممە بەرامبەری ڕۆژی ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ی زایینی بوو. لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک سپێردرا. لە تەکیەکەی خۆیدا کە کەوتۆتە مەیدان، تازییەیەکی گەرمی بۆ دانرا. لە خوا لێبوردن و خۆشبوون و ڕەزامەندی داوا دەکەین و بۆ براکان و ڕۆڵەکان و بنەماڵەکەشی ئارام، بەڵکو پاداشتی خوایان بەرکەوێت». ئەمە بوو هەواڵی ڕۆژنامەکە ئێستا کە گومان لە ڕۆژ و مانگ و ساڵ و ساتەوەختی کۆچی دوایی شێخ ڕەزادا نەما، بەپێویستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانم کە گومان لە تەمەنی شێخ ڕەزادا نەمێنێ.

شێخ ڕەزا لە ١٢٥٣ی کۆچیدا لەدایک بووە وە لە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی بەرامبەر ١٩١٠ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، ئەگەر ١٢٥٣ لە ١٣٢٨ دەربکەین دەکاتە ٧٥ ساڵ هەروەها ئەگەر ٧٥ ساڵ لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی دەربکەین دەکاتە ساڵی ١٨٣٧ی زایینی، کەوابێت ئێستا ئەم ژمارانەی دەینووسین بێ موناقەشە و گومان ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی شێخ ڕەزایە کە حەفتا و پێنج ساڵ ژیاوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی ژیانی بەساڵی زایینی ١٨٣٧- ١٩١٠یە، بەساڵی کۆچی ١٢٥٨-١٣٢٨.

لێرەدا سوپاسی مامۆستا عەلی خورشید دەکەم کە زۆر خۆی ماندوو کردووە و بەرێک و ڕاستی بەسەرهاتی ژیانی شێخ ڕەزای تۆمار کردووە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٨٨ کە دەقی نووسینەکەی لێرەدا تۆمار دەکەین، کە ئەمیش زۆربەی زانیارییەکانی لە مامۆستا عەلائەدین سەجادی وەرگرتووە کە لە کتێبە بەنرخ و پڕ بایەخەکانە و دوو جار چاپ کراوە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٢دا، جاری دووەم لە ساڵی ١٩٧١.

«شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحمودی کوڕی یووسف ئاغایە لە بنەماڵەی کاکەسووری قەراخییە لە خێڵی زەنگەنە، مامەکانی بەشێخی تەریقەتی قادری ناوبانگیان دەرچووە.» کە شێخ عەبدولکەریم، فەتاح، غەفور، محەمەد ساڵح، محەمەد عارف، عەبدولعەزیز بوون، براکانیشی: شێخ عەلی، شێخ عەبدولقادر، شێخ عەبدولواحد، شێخ حەسەن بوون، باپیرە گەورەیان کە شێخ مەلا مەحمودە، شاعیری تەصەوف بووە. مەسنەویاتەکانی شاعیری تەصەوفی گەورەی فارسی جلالەدینی ڕۆمی شەرح کردووە. شێخ مەلا مەحموود ڕابەری تەریقەتی قادری بووە، بەهۆی شێخێکی گەورەوە پێگەیشتووە و بووە بەشێخی بەرماڵ، ئەو شێخەش شێخ ئەحمەدی هیندیی لاهورییە. شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٨٣٥ی زایینی لە دێی قرخ لە

کتێبخانەی دیجیتالی
www.kitabari.org

چەمچەماڵ لەدایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لای شێخ عەبدولغەفوری مامیشی خوێندووە. ئینجا چووە کۆیە لە مەدرەسەی زانای بەناوبانگ جەلی زادە مەلا ئەسعەد و شاعیری بەناوبانگ کەیفی جوانرۆییدا پێکەوە لە مزگەوتی گەورەی کۆیە فەقێ بوون. هەر سێکیان لە ژوورێکدا دەرسیان خوێندووە و موتالآیان کردووە. پاشان ناخۆشی کەوتۆتە نێوان شێخ ڕەزا و کەیفییەوە، لە ئەنجامدا کەیفی کۆیەی لەبەر ئەم ناکۆکییە بەجێ هێشتووە. شێخ ڕەزا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانیش خوێندوویەتی. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیی خۆی بەخوێندنی عیلمی عەرەبی و ئەدەبیاتی فارسی و تورکییەوە خەریک کردووە. دواتر ئەکەوێتە سەر کەلکەلەی وڵاتانگەڕی و ئەچێتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی تا سەر بەرێتە ناو قاپیی ژیانەوە.

لە ساڵی ١٨٦٠دا بەحەلەبدا چووە بۆ ئەستەمووڵ. دوو ساڵێک لەوێ ئەبێ و پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک. لە ناوچەی هەولێردا ئەبیستێت کە باوکی مردووە. پاش شەش مانگێک دوای مردنی باوکی لەگەڵ شێخ عەلی برایدا تێک چووە، ئەچێ بۆ کۆیە بۆ لای شێخ غەفوری مامی کە گوایە کچی خۆی بداتێ. بەم هیوایە زیاتر لە شەش مانگ لە کۆیە ئەیهێڵێتەوە. بێگاری پێ ئەکا و کچەکەشی ناداتێ. ئەویش تۆراوە و گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووک بەدەردەسەری و پەژارەیی لەو ناوچەیەدا ڕادەبوێرێ تا لە ١٨٦٦دا بۆ جاری دووەم دەشت ئەگرێتە بەر و ئەچێ بۆ ئەستەمووڵ. لەم کاروانەیدا ئەرزەڕۆمیش ئەبینێ. ماوەیەکی زۆر لەوێ ئەمێنێتەوە و بەشیعر و ئەدەب خۆی لە (صدر الأعظم) نزیک ئەخا، لەوێشەوە ئەکەوێتە بەرچاوی ئەهلی (باب العالی) دەنگ و ئاوازەی لەو ناوەدا دەنگی داوەتەوە، هاتوچۆی هەموو دیوەخانێک ئەکات و، بەهۆی (صدر الأعظم)ەوە ئەچێ بۆ حەج لە ڕێگەی میسرەوە حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمووڵ (ئەوەندەی من ئاگادارب‌م ماوەیەک شێخ ڕەزا لە میسر ماوەتەوە لە قاهیرە دەرسی فارسیی بەکوڕانی خدێویی میسر وتووە و فێری زمانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فـارسـیی کـردوون. ئەمـە لە پێش ئەوەدا کـە بچێ بۆ حـەج. ئەمـەندەی لە ئەستەمووڵ بووە هاتوچۆ و تێکەڵیی گەرمی لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا هەبووە، شیعرەکانی ئەم ڕاستییە ئەسەلمێنن.

لە سـاڵی ١٨٨٤دا ئەگـەڕێتـەوە بۆ کـەرکـووک و ئەسـتـەمـووڵ بەجێ ئەهێـڵێ. لەلایەن حکومـەتی عـوسـمـانییـەوە مـانگانەیەکی کـەمی بۆ بڕاوەتەوە، خـۆیشـی وردە وردە بەبەریەوە خـەریکی کـشـتـوکـاڵ بووە لە دەرەوەی کـەرکـووک. ژیانێکی ڕەندانە و ئەدیبـانەی ڕابواردووە. زۆر جـار هاتوچۆی وەسمان پاشا و مەحمـود پاشای جاف و پیاوە گەورەکانی ئەو ناوەی کردووە. خانمی وەسمان پاشا، عـادلەخان هەمیشە دیاریی بۆ ناردووە و یارمـەتیی بۆ داناوە. لە سـاڵی ١٨٩٨ هەندێکیش ئەڵێن ١٩٠٠ بەتەواوی کـەرکـووکی بەجێ هێـشـتـووە و چۆتە بەغـدا، لەوێ لە تەکـیـەی تاڵەبانی دانیـشـتـووە. لە بەغـداش لەگەڵ ئەربابی قـەڵەم و ئەدەبدا کـاتی بەسـەر بردووە. پێـوەندیی لەگـەڵ بنەمـاڵەی سـەلیم بەگی بابان و سـەید عەبدوڕەحمانی نەقیبی بەغدادا زۆر خۆش بووە.

لە بارەی مـێژووی کـۆچی دوایی شـێخ ڕەزاوە مـامـۆسـتا عـەلی خورشـید کـەوتـۆتە هەڵە و سـاڵی ١٩٠٩ی داناوە. ئەمـیش وەک وتمان زۆربەی نووسینەکەی لە مامـۆستا سەجادییەوە وەرگرتووە کە ئەویش تووشی ئەم هەڵەیە بووە. مـامـۆسـتـا شـێخ مـحـەمـەدی خـاڵیش لەم بارەیەوە شـتـێکی نەنووسـیـوە، وەک پێـشـتـر ڕوونم کـردەوە شـێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ١٩١٠/١/٢٠ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە مێژووەکەیدا نووسیویە:

«شێخ ڕەزا پیاوێکی کەڵەگەت چوارشانە، ناوچەوان پان و چاوی نەختێ مـۆڕ و مـۆر و زەق بووە. برۆکـانی پڕ و پێکەوە بەسـتـراو بوون، لووت و چەناگـەی تۆزێ پان، ڕیشـێکی سپی ئەهێشـتـەوە زیاتر لە سێ پەنجـە، کە چەناگە و سەرگۆنا و تەوێڵی خستبووە ئەندازەیەکەوە. مێزەرێکی سپیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردانەی شێخانی لەسەر ئەنا کە سەر گوێچکەی دائەپۆشی، دەنگی نێر و قسەکردنیشی خاو بووە».

لەسەر ڕاسپاردەی خۆی ئەم چوار دێرە شیعرەی خۆی لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

یا رسول الله چه باشد چون سگ أصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرەیی أحباب تو
او رود در جنت و من در جهنم کی رواست
او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو

مانای ئەم دوو بەیتە:

«ئەی فرستادەی خوا، چی ئەبێ وەکو سەگی یارانی ئەشکەوت بچمە بەهەشتەوە لەگەڵ دەستەی خۆشەویستانی تۆ؟ کەی ڕەوایە ئەو بچێتە بەهەشت و من بچمە جەهەنەم؟ ئەو سەگی یارانی ئەشکەوتە و من سەگی یارانی تۆ»

مەبەست لە یارانی ئەشکەوت داستانێکە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە چەند کەسێ لە دەس دەقیانووس ڕایانکردووە و خۆیان کردووە بەئەشکەوتێکا و لەوێ سێ سەدە خەویان لێکەوتووە، کە لە خەو هەستاون و یەکێکیان بەدزییەوە چووە بۆ نان کڕین، لەوێ بۆی دەرکەوتووە کە ئەو دەورانە گۆڕاوە، دەربارەی ژمارەیان بیروڕا زۆرە، سەگێکیشیان لەگەڵدا بووە*.

* سورة الکهف (١٨/٩-٢٦)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیتی ئەلف

## ١

### دلبەری بێ وەفا

ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا
حەیرانن ئەطیبا لە عیلاجی مەرەزی من
لوقمانی[1] ویسالّت مەگەر ئەم دەردە دەوا کا
کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بەمنی کرد
سەرما بەهەتیو با بەدەواری شڕی ناکا
دێوانەیە شەخسێ کە بەغەیری لەبی لەعلی
وەک شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بەقا کا[2]
تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی[3] هیجری وەکو شێت
نەزدیکە منیش واریدی سەحرایی فەنا کا
لەم ڕێگەیە تەقدیری[4] ئەزەل وابوو کە ئێمە
پامالّی جەفا بین و، ڕەقیب سەیر و سەفا کا
ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ ئەکەم بەزل و نیساری[5]
کامی دلّی من ئەگەر لە لەبی لەعلی ڕەواکا
سەر دانێ لە ڕێی عەشق، ڕەزا لازمە عاشق
بۆ یار سەر و مالّی سوپەری تیری قەزا کا

## ٢

### عەشرەتی جاف[1]

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێروولە نەچێ چاکە بەگژ قوللەیی قافا
کێ بێ لە دلێرانی عەشایر[2] کە نەچووبێ
وەک تیری قەزا نووکەڕمی جافی بەنافا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خـوێنرێژ و شـەڕەنگێـز و عـەدوبەند و تەنومـەند
کامـیان[3] گەنە وەک شێـرە لە مەیدانـی مەسـافا
چونکە ڕەسەنن[4] ورد و درشتـیان هەمـوو جەنگین
مـەی سـاریـیە نەشئـەی چ لە دوڕدا چ لە سـافـا
وا بێ خـەم و پەروا دەچنە عـەرسـەیی هەیجـا[5]
تۆ ناچیـیـە سـەر دۆشـەکی بووکی لە زەفـافـا
یبـغــون[6] الی الامــر صــغــاراً وکــبــاراً
یـســعــون الی الحــرب ثـقــالاً وخــفــافــا
وەسـمـان بەگـیـان ئـامـیـرە وەختـی کـە بلێ دەی
دێنە جــەوەلان هەروەکــو حــاجی لە طەوافــا
خــواهم[7] زخــدا انکە شــود دشــمنی جـاهت
کـۆتـی لە دەسـا ، دەس لە مـلا، مل لە تەنافـا
ڕەحـمێ[8] بکە با شـێخ ڕەزا بێـتـەوە گـوفـتـار
حـەیفـە بڕزێ تـیـغی مـجـەوهەر لە غـیـلافـا

٣

**بەم شیعرانە شێخ ڕەزا داوای تووتنی بۆندار ئەکات**

**لە حاجی ئەسعەد ئاغا**

تۆ کـەم نەزەری دەرهەقی من ئێـسـتـێکە ئاغـا
من ماومـە هەوای سوحبـەتی تۆم هەر لە دەماغا
تا ڕۆژی قـیـامـەت[1] بەخـودا زیندووە نـامـرێ
بابێ کـە بمێنێ کـوڕی وەک تۆی لە وەجـاغـا
بۆ تـووتنەکـەی بـیـشـەمـە و شـاور و شـێـتـنە[2]
شێت بووم و نەهات، وەختە دڵم دەرچێ لە داغا
جـــاران چ بەجـــاغ و چ بەبار بۆت دەهەناردم
نانێـری ئەمـێـسـتـا نە بەبار و نە لە جـاغـا[3]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رێی نەوتەکە[٤] باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی
رێی خاسە بەشەو خاڵییە با بێ بە بولاغا
نەمزانی فەلەک گۆبەنی هەر بۆ منە یاخو
سەد دەستی وەکو دەستی منی کردووە[٥] بەزاغا
یارەب گوزەران کا بەسەفا وەختێ عەزیزت
پەیوەستە لە دەوری چەمەن و[٦] گەردشی باغا
بۆ چوونە تەوافی حەرەمی شاهیدی مەقصوود
عالەم هەموو مەئزوونە ڕەزا هەر لە یەساغا

٤

**بۆ مودیری قزڵجە**

لە تەرەف کێرەوە بەریدی سەبا
بۆ مودیری قزڵجە نامە دەبا
بۆ جەنابی مقرب الخاقان[١]
میر عەلی بەگ لە ئەنجەبی نوجەبا
میرم ئایا چلۆنە عیللەتەکەت
باز بە خارشتە بن گونت عەجەبا
ئیحتیاجت بنووسە عەیبی چییە
مەحرەمی ڕازی تۆم بەعەهدی صیبا
سەد ترت دا بە کودەکی[٢] لە گونم
ئەی ترت ڕەعد و وەی تست ڕەشەبا
دوو دەمانتان[٣] چرووکە بونیادی
بۆ قەباحەت (بەنم دەکیل) هەبەبا
عەبدوڕەحمان بەگی برات فەرمووی
ئابڕووی خانەدان کە عەلی ئەیبا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵە کوێرەش[٤] سەراحەتەن ئەیوت
کە عەلی بەگ بووە بەدێڵە بەبا
لە ئابائت[٥] ئیبا مەکە میرم
هذه ارثکم اخاً وأبا
گەر بە کێری قزڵجە تێر ناخۆی
وەرە شێخ ڕەزا بەڕەشتا با

٥

**دەستێکی هەیە**

دەستێکی هەیە مەستییە فەندی لە کەرەمدا
میوانی ئەزیزی هەیە دایم لە حەرەمدا
ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرهەق بەغەریبان
سەد گانی بەڕۆم[١] داوە هەزاری بەعەجەم دا
هێند کێری هەتیوان بەکوزیا[٢] چووە دایکی
دەستێکی شکابوو بەمناڵی لە شەکەمدا
بەر زەربەیی کام کێری قەوی کەوتووە ئاخۆ
بەو دەردە چووە ساعیدی ڕەشیدی لە ڕەحمدا
حەتتا کە مەجیدی کوڕی تەبعی جەوادە
سەد گانی بەیەک لەحزە بەبێ پوول و درەم دا
گەوواد و تەرەسی مولحید و بێ دین و مونافیق
مەردوود نییە میسلی لە مسقۆف و عەجەمدا
بۆ سەددی ڕەهی قافلە وەک تەپڵی سکەندەر
ئاوازی دەهۆڵی کوزی دایکی لە حەرەمدا
ئەو کێرە زلەی کێ بوو لە کێلانی فەتاح بەگ
مشتێکی کوتایە کوزی، مشتێکی لە دەم دا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦

نیمە بۆ تەسویری ئەبرۆت پەیڕەوی مانی دەکا
شانە بۆ زنجیری زوڵفت عەنبەر ئەفشانی دەکا
قووتی ڕوحە لێوەکەت یاقووت وەها ئاودار نییە
مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی ڕوممانی دەکا
خاڵی سەرلێوت نگین و خاتەمی نادر ظهور
موهری دەستی ئاصەفە حوکمی سولەیمانی دەکا
دڵ لەنەشئەی عەکسی مەستی چاوەکەت لایعقل-ە
بۆ کەبابی جەرگی من لێوت نمەکدانی دەکا
بەرگی سەرتاپام پەلاس بێ گەر بەشەرتێ تۆم ببێ
تاری ئەو بەرگە لەلام سەد شاڵی کرمانی دەکا
سەد هەزار جار دەخیلم حەرفی بەدکار مەشنەوە[1]
هەرچی دەربارەم بڵێ بێ پیرە شەیتانی دەکا
گەر لە پەردەی نازەوە ئاوازی تۆ بگرێتە گوێ
بولبولی شیرین زوبان مەیلی غەزەلخوانی دەکا
کەس نییە ئەو شۆخە حاڵی کا لە سۆزی ئاتەشم
وا ڕەزا دیسان لەعیشقی هەر غەزەلخوانی دەکا

٧

**چوارینە لە هەجووی شێخ حەمەعەلیدا...**

سا بی زگی خۆت هەڵمەدڕە و مەمرە لە داغا
ئەم قەومە هەموو مردن و تۆ مای لە وەجاغا
لەولاوە ڕەگێکت لە زەهاو هەڵئەنیشێ
لەم لاوە ڕەگێکت لە کنی ساوجەبولاغا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٨

## چوارینە لە هەجووی قازیی کۆیەدا

شێخ ڕەزا بێت و لەسەر تۆ هەجووی قازیی کۆی بکا
سەیری کە چی بکا، دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا
چونکە غەدری کرد لە لامیع شەرت بێ قازی وا بگێم
هەر گەن و گوویێ لە زگیایە بەجارێ ڕۆی بکا

٩

## جاشکترین

جاشک ترین مکایل وەعدی بەسەر نەهێنا
عومری گەیشتە هەشتا وازی لە کەر نەهێنا
لە نەسلی کەر نەبوایە ژنی ئەهێنا، بەڵام
وازی لە یەکسمخانی خاتووزەڕکەر نەهێنا
گیسکە گەڕەی بردە چۆڵ تا کەرێکی پێ بگرێ
لە نەگبەتی ئەو جارەش کاری بەبەر نەهێنا
نەیزانی تەڕبەهارە وڵاخ تیا دەتووڕێنێ
خۆی کردە پەندی شارێ، قەت وای زەرەر نەهێنا
عەمبازی بوو تڕاندی بەبەر کۆشیا تووڕاندی
تا، ڕیخی دەرنەهێنا (تەئریخ)ی دەرنەهێنا

١٠

لە سەگم پرسی عەجەبا قەومتە حوسنی پاشا
تووڕە بوو کلکی لەقان و وتی: «حاشا حاشا
ڕاستی گەرچی سەگیشم بەخودا خۆم دەکوژم
ناوی من بێنی لەگەڵ ئیسمی خەبیسی پاشا»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١١

لە سەخا و لە کەرەمدا
لە فەساحەت لە ئەدەبدا
یەکە بازە لە سەفەردا
یەکە تازە لە حەزەردا
تاقە عەیبی کە هەبێ
هەر ئەوەیە تاقە کەسە
لە هەموو خاکی عەرەبدا
لە هەموو شاری عەجەمدا

**تاکەکان**

١٢

کافی کلک و کافی کوون و کافی کەر تێکەڵ کرا
ئیسم و ناوو شۆرەتی کەرکووکی لێ تەشکیل کرا

١٣

داخڵی فەرجە لەسەر قنگ کێر بەگون دەعوا دەکا
نانی کونەماسی دەخوات و پاسی جرتاوا دەکا

١٤

ئەحمەقم نەمکرد هەتا ڕیشم نەبوو گانێ بدەم
مستەفا بەگ چاکی کرد تاڕیشی هات هەر گانیدا

١٥

**وەڵامی مستەفا بەگی باوەجانی بۆ شێخ ڕەزا**

کاتێک وەک پاسناو بیکوتمە ژێرت
وەک چەقچەقەی ئاش هەڵپەڕێ کێرت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٦

کێ دیویەتی ئەی شیخ عەلی ماڵی خەزوور بۆ زاوا
تۆ لە کوێ تەکیە لە کوێ بزنەگەڕی مەزناوا

١٧

سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەروەکو ئاوی بەقا
تەیری عەنقا ، شاری جابولقا ، پلاوی خانەقا

١٨

ماری ڕەشە خنکاوە لە گێژاوی خەلادا
کێرمە لە قنگی کاکە حەمەی حاجی مەلادا

١٩

مەیلی ئەشعارم هەیە ، تیغی زبانم موو دەکا
هەر کەسێ جارێک بگێم پڕ بەشارێ گوو دەکا

٢٠

یەهوودی بەچەیەکم گرت و لێم برد و تیا خووسا
کە تێم نا چاوی نووسا بانگی کرد: یا حەزرەتی مووسا

٢١

دەماری مردووە کێرم لە ماری مردوو دەکا
لە ساق و ساعیدی میهتەر نەسیمی جادوو دەکا

٢٢

شێخ سەتار ئێمەی بەزاند بۆ مەلای گون سەنگەلا
دینی پێغەمبەر بەئاشکار خۆشە یا من یا مەلا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٣

**بۆ ئەمین فەیزی**

بەغـــەیرەز مـیـــهـــری تۆ گـــەر بێ لە دڵـمـا
زڕەی زنجـــــیـــــــری زاڵـم بـێ لە مـلـمـــــا

٢٤

**حەمادی - بەشێخ ڕەزا دەڵێت:**

دانەی دەمت نەمـاوە و لە گـەف ناکـەوی هێـشـتـا
پـیـــرەکـــەری چەنەباز ئەڵێم بکەم بە لەشـــتـــا

٢٥

**وەڵامی شێخ ڕەزا**

عـەمـرم گـەیی بەهەشـتـا کـێـرم بەکـارە هێـشـتـا
تەصدیقی گەر نەفەرمووی هەستم بەرم بە ڕەشتا

٢٦

هەر لە دەنگی کـەڕەنا و شـەیپووری جەنگیز خان دەکا
وردە ئاهەنگی پیـاوی پیـر کـە وەخـتێ گـان دەکـا

٢٧

چونکە شـاعـیـر زۆر بووە لەم عـەسـرەدا
بۆتە حـەشـری نێـرەکـەر لەم حـوجـرەدا

٢٨

لە بۆ مـەغـبـووری و لێـلێی دوو سێ تێـلام لە زێ وەردا
وەکو شەخسێ کە چەند کێرێ لەسەر چەشمەی قوزێ وەردا

٢٩

کـووپە هەیئـەت، ڕوو قـەرە، سـینەک سـفـەت، دینار پەرست
ئەسکەمل مل، مـەشـرەب ئۆغـلان، کـاری پاپازی دەکـا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی بێ

٣٠

### لە فیراقی قادری وەستا خدر

بۆ نەســـووتێ جگەر و بۆچی نەبێ دڵ بەکــەباب
بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕۆحی ڕەوان مـیـسلی شەهاب
بۆ لە سەرچاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشحەیی[1] خوێن
بۆچ لە فـەووارەیی مـوژگـان نەتکێ قـەترەیی ئاب
بۆ لەبەر ناڵە نەبێ حـەڵقــەیی حـەڵقم بەسـروود
بۆ لەبەر گـریە نەبێ چەشـمـەیی چەشمم بەسەراب
مـوئنیـسی ڕۆژ و شـەوم باعــیـسی ئارامی دڵم
ڕۆیی و من لە غـەمی کـەوتمە نێـو بەحـری عـەزاب
بەوقـووعی سـەفـەری[3] قـادری وەسـتـا خـدر
خانەیی عـەیشـمی تاڵ کـرد فـەلەکی خانە خەراب
چەنگ و نەی لێ مەدە ئەی‌موتریب کە لەبەر فیرقەتی ئەو
ڕنەکی ڕۆحـە لە گـوێم نەغـمـەیی ئاوازی ڕەباب
ساغـری مەی[4] مەدە ساقی کە لەبەر دووریی ئەو
تاڵە وەک ژەهری هەلاییل لە مـەزاقم[5] مـەیی ناب
کـاری کـردن نەبوو ئەم کـارە کـە گـەردوونی دەنی
کردی، ڕووی ڕەش بێ وەکو بەختی من و پەڕی غوراب
ئەی ڕەزا ڕەنگە لەبەر فـیرقـەتی ئەو موئنیسە تۆ
قەت نەبی خاڵی وەکو کوورە لە سۆزی تەپ و تاب

٣١

### دەردی حەبیب

دەمکوژێ حـوکـمـە دەزانم بەخـودا دەردی حـەبیب
وەرە سا بەشـقی خـوا دەس لە یەخـەم بەردە طەبیب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرە دەســتــێک بخــەمــە گــەردنی بلوورینت
تاوەکــو ســفــرە لە داخـــا بدڕێ ورگی ڕەقــیب
تالعم نەحـــســە ئەترسم کــە بەئازاری فــیــراق
بمرم و ڕۆژێ نەبێ دەوڵەتی وەســڵم بەنەســیب
چاوی فـەتـتـانی[1] تۆ ئەو ســاحـیـرە جادووگـەرەیە
کە بەیەک عیشوە[2] ئەدا عابیدی سەد ساڵە فەریب
تا لە تۆ دوورە دڵی غـەمـزەدە[3] ئەی ڕاحـەتی جـان
مەشریق و مەغریبە مابەینی لەگەڵ سەبر و شەکیب
بێ فـراز نابێ نەشیب ئەم قـسـە تەحـقـیـقـە وەلێ
من لەڕێی عەشقی تۆ نەمدی بەخودا غەیری نەشیب[6]
غەیری زوڵفە لەسەر سەفحەیی ڕووت سابیتـە یا
طینەت[7] و طیبە[8] کە مەمزووجە لەگەڵ زینەت و زیب[9]
شــێـخ دەگــۆڕێـتــەوە گــەر چاوی بەزوڵفت بکەوێ
خەرقە و[10] سەبحە[11] بەزوننار و چەلیپا و صەلیب[12]
تـاقــەتی تاق بووە بێــچــارە لەژێر باری فــیــراق
بکە ڕەحــمێ بەڕەزا، چاکــە تەڕەحــوم بەغــەریب

## ٣٢

شێخ سەعید سەردارە شێخ مەعروف هەتا حەزکەی نەجیب
بۆ جـەوانمەردی و شـەجـاعــەت بەینی بەینەڵڵا نەقـیب
گـەر ڕەقـیب نەبوایە مـابەینی ئێـمـە کـەی تێک دەچوو
کـێـر بەکـوز داکی مـوفـەتین گـوو بەڕیش بابی ڕەقـیب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



٣٣

## ئێسترێکی ڕووت و قووت

میـر بەسەد منەت هەناردی ئێسـتـرێکی ڕووت و قـووت
دەست‌وپا سست و سەقەت ئەندامی هەروەک عەنکەبووت
خـــاوەنی ئالیکی نـاڵێم پێ نەداوە مـــوتلّـــەقـــا
داویەتی ئەمما وەکـو بیســـتـوومـە قـووتی - لا یموت
پووش لەلای حەلوایە حەتتا گەر پەڵوشەی چنگ کەوێ
بای ئەدا، لوولی ئەدا، قـووتی ئەدا، مـانەندی حـووت
گـــەرچی ناتوانێ ببـــزوێ هێند لەڕ و کـــەم قـــووەتە
دەنکە جۆیەکی نیشـان دەی تا قـیـامـەت دێ لە دووت
پشـتی ڕیش و شـانی زامـدار و جـەدەو بوو ناعـیـلاج
چەند قـــرۆشـــێکم هەبوو بۆم دا بەنەوت و ئەنزەرووت
سەی فـەتاحی مـەیتـەرم ڕۆژێ بەحـوجـەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لە بن ئەمـجـا بەئاسـتـەم گـوێی بزووت
گـەر قـەڵەو بێ ئەم ئەجننە لێـرە تەسـخـیـر ناکـرێ
غـەیری چەند دەروێشی ڕەفـاعی بەزۆری جەلجـەلووت
مـەسـڵـەحـەت وایە هەتا نەیخـواردووم بینێـرمـەوە
زۆر ئەترسم دەفـــعـــەیێ قـــووتم بدا بمکا بەقـــووت
ئەم مـەتاعـە چاکـە هەر لایق بە حـاجی ئەحـمـەدە
جووتی پێ‌بکا هەروەکو جووت هەردوو لنگت کرد بەجووت
لایقی شـــانی مـن و شـــایانی شـــەئنی تۆ نەبوو
چاوەکـەم چیت پێ بڵـێم چارم نیـیـە غـەیری سکووت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تەخمیسی شێخ ڕەزا لەسەر غەزەلێکی خواجە حافیزی شیرازی

**لە هەجووی مەعروف ئەفەندی باشکاتبی بیدایەتی هەولێر**

مەعروفی بێ دیرایەت گووت کردە ناو بیدایەت
چیت پێ بڵێم قورمساغ هەردوو گونم بەدایەت
گونی بەتڕ شەهید کرد کێرم ئەکا ڕیعایەت
زان یار دلنوازم شکریست با شکایت
گرنگتەدان عشقی خوش بشنو این حکایت

مەعروف کە حیزی وەک ئەو نەبوو لە نەسلی ئادەم
ئازاری مەقعەدی بوو بۆم ڕاکێشا لە سەردەم
مردم ئەوەندە سواربم خۆم کوشت ئەوەندە پیادەم
بی مزد بودر منت هەر خدمتی کە کردم
یارب مبارکی سرا مخدوم بی عنایت

خاشاکی دەوری دەبری لێم بوون بەماری هەیجا
کێرم بەسەد مەشەقەت ڕۆیی گونم نەگونجا
کێرم لە پەشمی پاشی دانەی کونی ترنجا
در زلف پر شکنجش ای دل مپیچ کانجا
سرها بریدەبینی بی جرم و بی جنایەت

ڕووم کردە سەمتی سمتی یەعنی مەکانی مەعهوود
ئەرزێکی پڕ نەجاسەت دەشتێکی شەهووەت ئالوود
رانیم فەرەس چەپ و ڕاست ڕێگەم نەبردە مەقسوود
ازهر گرف کەرفتم جز وحشتم نیفزود
زینهار ازین بیابان وین راهو بی نیهایت

دەرمانە سمتی ئەمما نەرمانە وەک بەری دەست
کاروانی کێر بەناویا ئەڕوا هەمیشە سەربەست
هەرمەنزلێکی سەد میل هەرمیلێ سێ سەدو شەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

این راه بی نهــــایت صـــورت کـــجـــا  توان بست
کش صــــــد هزار منزل ببـــــیش است از بدایت
باوکی پیاوێکی چاک بوو زاتێکی زۆر موقەدەس
خۆی پوشت و داکی خۆگێ هەتا خودا بڵێ بەس
بۆ نەختێ ئاوی شەهوەت جەرگی بووە بەقەقنەس
رندان نشنه لب را ئابی نمیـــــد هند کــــسل
گـــوبی ولی شناســـان رفـــتند ازین ولایت

٣٥

کاتێک مەعروف ئەفەندی کارەکە بۆ کابرا جێبەجێ دەکات شێخ ڕەزا ئەم بەیتە شیعرەی بۆ دەنێرێت:

مەعروفی پڕ درایەت گوڵی باخی هیدایەت
چیت پێ بڵێم چاوەکەم ڕەحمەت لە باب و دایەت

٣٦

**هەجووی مودیری تەحریرات**

گیزەر دەوائیر ئەقلامی ئەرقەسینده دەوات
مەداری ئەهلی قەلەمدر مودیری تەحریرات
نەگوفتە مەن حەزەر کون زوتیغی ناطقه ئەم
فـــأن ناطقـــتی آفـــه من الآفـــات
لەبەر عەباکە (جەب)م کردی ئەی فەقیری خودا
ئەوە عەباکەتە کێرم بەقنگی خۆت و ئەبات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چوارینە

### ٣٧

**بەبۆنەی کوشتنی ناصرەدین شاوە**

ئەهلی عیبرەت ماوە گەر بێن با سەیری ناصر شا بکەن
دوو لە سی کەم شەهی کرد و (کش)ێکی ڕێ نەهات
(هات)ی وا سەیری نەهاتیی کەن کە سەد تیپ و سوپا
پاسەوانی بوو لە نێو بەستا پیادەیێ کردی (مات)

### ٣٨

**لە هەجووی شێخ ئەحمەد ناوێکا**

مزەی ئەوەندە نەبوو ئاشەکانی جێشانەت
ببێ بەقووتی شەوێکت ریامە جێ شانەت
بەبێ سەبەب لە سلێمانی شاربەدەر نەکرێ
نەکەوتە دەستیعەدووت مەکتەبە و کتێبخانەت

### ٣٩

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شێخ ڕەشیدی ئامۆزایا ئەڵێت:**

ڕەشە ڕەشاشی کەری ڕەش بەڕەشت
تا ڕەشت ماوە ڕەش و سوور بەڕەشت
چڵ و چێوی چەمی ڕەشنەش بەڕەشت
بە لەشت هەم بەبەشت هەم بەڕەشت

### ٤٠

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مارتین بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤١

تەڵاق گەر بێ بەدەمیا ئەو زلەی چوارپەل قەوی
بۆی ئەنێرم سێ زەلام تا بیکەنە پەڵای قەڵات

٤٢

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم وای درێغ بۆ ئەسپە کوێت
سنگەکەی ماوە کەریم خان پێم بڵێ بیکوتمە کوێت

٤٣

خورووی نامرێت بەکێری من تلێشی ناوگەڵی داکت
بڵێم چی سەد هەزار لەعنەت لە خۆت و شیری ناپاکت

٤٤

کێر ئەگەر مەیلی کونی کرد سەرەکەی بگرە لە مشت
هەمەجا خانەیی عەشق ئەست چ مەسجد چ کەنشت

٤٥

«ئەی سەروی بڵند و قەدد و برۆ تاق و مەمک جووت
فەرقی نەبوو ئەم شیعرە لەگەڵ میز و لەگەڵ گووت» [١]

(١) لە کۆڕێکدا شاعیرێک دەیەوێ شیعرێکی نالی بۆ شێخ ڕەزا بخوێنێتەوە، نیوە دێڕی بەیتی یەکەم دەڵێت و هەرچەند دەکات ئەوانەی تری بۆ نایەت، بەشێخ ڕەزا دەڵێت بۆی تەواو کات، شێخ ڕەزاش بەم جۆرە بۆی تەواو دەکات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیتی دال

## ٤٦

### سەرگوزشتەی خۆی و هەجووی شێخ غەفور

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لەکەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد
گەردوون سنەکی کردم و هێنامیە کۆیە
میوانی لە کن مامە غەفوری لەجەرم کرد
خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بەسەیاحەت
نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد
دانیشێ نەچێ من کچی خۆم مارە دەکەم لێی
ئەو تالیبی دنیایە ئەوا موعتەبەرم کرد
چرووسا لەبەرم جوببە و فسا لە سەرم فێس
نە فێسی لەسەر نام و نە جوببەی لەبەرم کرد
شەش مانگە بەم قسانە گلی دامەوە لای خۆی
نەمزانی ملم بشکێ تیاچووم زەرەرم کرد
وەڵڵاهی دەکەم دەرهەقی ئەو بەڵکو زیاتر
ئەو کارە کە دەربارەی ڕەشیدی پسەرم کرد
کارم تەڕ ئەبێ ئەموت ئەگەر لوتفی ببێ مام
ئەی لایقی ڕیشی بەخودا کاری تەڕم کرد
بۆ موجتەهیدان گەرچی جەوازی نییە تەقلید
من موجتەهیدم هاتم و تەقلیدی کەرم کرد
ئەی گووی خلە بەم لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من
لەم مەرحەمەت و لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد
هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یارەب لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ هاتەوە دیسان
ئەو خـوێرییـە بێکارە کـە من لێـرە دەرم کـرد
هەرچەندە ڕەزا باعیـسی بەدنامییە عەودەت
لەم سووکی و بەدنامـییـە سەرفی نەزەرم کـرد

٤٧

**لە باسی باب و باپیری تا دەگاتە خۆی**

خـودا وەخـتێ حـەزکـا بەندەیێکی خـۆی بکا خـۆشنوود
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی شاهیدی مەقصوود
لە هیندسـتـانەوە شـەش مـانگەڕێ تا خـاکی کـوردسـتـان
خودا شـێخ ئەحـمەدی هیندی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحـموود
مـەلا مـەحـموودی زەنگنە یەعنی قـوتبی دائیـرەی ئیـرشـاد
لە دەوری مـەرقـەدی هەر دەنگی یاهوو دێت یا مـەعـبـوود
لەپاش ئەو ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت
بیـعـەینی وەک سـولەیمان جـێنشـینی حـەزرەتی داوود
بەڵـێ بابی وەها ئەڵبــەت دەبێ فــرزەندی وا بێـنێ
ئیـلاهی سەد هەزار ڕەحـمـەت لە قـەبری والیـد و مـەولوود
بەڕەحـمـەت چوون ئەوان با بێـینەوە سەر باسی ئەوڕەحـمـان
فـیدات بم ئەی نەتیجـەی دوو دەمـانی ئەحـمەد و مەحـموود
نەتیـجـەم مـەقـسـەدە تاڵی مـوقـەددیم شـەرتی تەحـسـیلن
ئەوانەی بۆ ئیـجــاد کــرد خــودا تا ئەم ببێ مــەوجــوود
ئەمێـسـتـاش شێخ عەلی نەجلی کەبیری صاحیب ئیرشادە
ئەمـیش وەک باوک و باپیـری لە زومـرەی ئەولیـا مەعـدوود
ڕەزاش لەو نەسلەیە بیـبـەخـشـە یا ڕەبی کـە قـەت نابێ
گـوڵـی بێ خـار و بەحـری بێ بوخـار و ئاگـری بێ دوود

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٨

**کەش و فشکردنی بەگ**

لە بەگ وابوو کـە من مـاتم کـشی کـرد
کـە من هەسـتـام و ئەو دابوو فـشی کـرد
گەهێ سەیرانی سەرگون بوو گەهێ کێر
حەقیقەت مستەفا بەگ گەردەشی کرد
دەبوو باوکی سـەگی ناونایە ئەمما
بەگی ناونا قـورمـساغ یاغنشی کـرد

٤٩

**سەروو نەی**

سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد
شەککەری خواردووە نەی سەروو سەری داوە لەبەرد
گـەر دەلیلی وەکـو نوقـتـەی دەهەنت نەبوایە
منیش ئینکارم ئەکرد وەک حوکەما جەوهەری فەرد
لێی دەپارێمـەوە ئەی ڕوحی ڕەوانم توخـوا
چییـە دەرمـانی دڵم پێم دەڵێ: لاچۆ دڵە دەرد

٥٠

**تاکەکان**

گەرچی میرانی خدر بەگ موددەتێک قورعەی نەدا
پار لە خۆشناو قورعەیانکێشا و گەلێکیانپێوە کرد

٥١

وەختێ ناجی ڕووت کرا وەک شێری نەڕ جەنگی ئەکرد
گـاهگاهێکیش لە ترسـان وردە ئاهەنگی ئەکـرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٢

حەیدەری کەرڕارە یاخۆ خالیدی ئیبنی وەلید
ڕۆستەمێکە ڕۆژی دەعوا بەینی بەینەڵڵا حەمید

٥٣

قوربانی پەلی بم کە پەلی هەمپەلی پەل کرد
خۆی و سەگەکەی هەردوو بەجارێ شەق و شەل کرد

٥٤

گوو بەڕیشی تەنکی عەبدوڕەحمان بەگی قایمقام
ئەو کە بەینێک بێزیان بوو، بازیان مەغرووری کرد
تاڵەبانی بوو کە سفرە و نان و خوانێکی هەبوو
دای بەسەریا هەروەکو خەپلەی قنگی خاپووری کرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



٥٥

### کوڕێکی بولغار

ڕۆژی یەک شـەممە کـە مـەشـهـورە بەڕۆژی پازار
من بەغـار کـەوتمە دومـبـالی کـوڕێکی بولغـار
کـوڕ چە کـوڕ لێـوی وەک لالەیی حـەمـرا ڕەنگین
کوڕ چە کـوڕ چاوی وەکـو نەرگـسی شـەهلا بیمـار
ئەهلی ئینصـاف بەخـوا ڕەنگە چەنەی بشـکێنێ
گەر کـەسێ بێت و بکا قـامـەتی تەشبـیـە بە چنار
لەهەمووی سەرفی نەزەر، سمت و سورینێکی هەبوو
نازک و نەرم و لەتیف مـیسلی تەلای دەسـتـەوشـار
خڕ و مـەخـرووت و مـودەوەر سپی و نـەرم و دوونیم
هەروەکـو کـۆمـەڵە بەفـرێ کـە شـەقی کـەی بەمـشـار
کـە بەدیقـقـەت نەزەرم کـردە سـوورێن و کـەفـەڵی
هەردوو چاوم پەڕییە تەوقی سەرم وەک سەگی هار
دامـەنم گـرت و وتم (مـەرحـەمـەت ئێت ئەڵمـاسم
بۆیلە یاندر مـەبەنی ئاتەشی عـشـقن ئێلەزار
چشـمی جادوویی سـیاهت هەمە بەندەست و فـریب
هەمە نازەست و گریشمە هەمە خوا بەست و خومار
بەنی صـەدید ئێـتـدی سـەنن دیدەیی ئاهو ڕەوشن
ئەی سـەنن دیدەلەرن ئاهوەکـەی شـێـری شکار
ساعـەتێک چاک لە سەر و سوورەتی نەحسم فکری
پێی وتم: گـێت ئیـشتـە حاجی بەبە یاغـمـەمی وار
صـاچـمـە لاقـردیلەرن حـاصلی یوق ئەقـچـە گـێـتـر
ئاقـچـەسز ئێـتـمـە ساقن ئارەزووی بۆس و کـەنار

من کــه یەک پارەیی جلقم لە ئەزەل شک نەدەبرد
پێم وت ئیـشــتـه کـەمـەرمـدە دولیـدر یوز دینار
سـۆیلەدم چەشـمی حـەقـارەتلە بەنە باقـمـە گـوێزم
مەردومی کین مەشەو ئەز مەردوومی مەردووم ئازار
بەن بوبوگ زاتی شـریـفـەم وەکـەلا خـواجـەسـیـیـەم
طانیــور بەندە نزی جــوملەیی شــاهو خــونکار
ئەلغــەرەز هێندە درۆم کــرد و فـــســوونم بۆ خــوێند
کەوتەدووم هەروەکو دووی گورگ کەوێبەرخی هەژار
مـوختـەسـەر خـۆشـە قـسـە بردمـە مـەنزڵگەهی خـۆم
گــرتم و خـــســـتم و لێم برد و گــونم کــرد بە چوار
مـۆڵەتم سـاتێ نەدا ئەو شـەوە تا وەخـتی سـەحـەر
کــاری خــێــرم بەمــەزەندە گــوزەری کــرد لە هەزار
وەخـتی سـبـەینێ کـە داوێنی فـەلەک ئەتلەسی بوو
هەر لە جێ ڕاسـتـەوەبوو دامـەنی گـرتم وەکـو خـار
چنگی وەک پەنجـەی شـاهین لە یەقـەم قـایم کـرد
دەســــتی کـــردە جـــەزع و ناڵـەو و هاوار هاوار
زەفتییە و ئەهلی مەحەللە هەموو جەم بوون لەسەرم
پرسییـان ما الخبر ئەی زاهیـدی سـالووس شـیعـار
پێم وتن لەم کـوڕە بولغــارە بپــرسن کــه لە من
چی دەوێ؟ بۆچی دەناڵێنێ وەکـــو هەوری بەهار
چاکی کرد پەردەیی نامـووسی وتی: سـیکتی بەنی
وێرمــەدی پارە بەنی بۆیلەمی قــانوونی کــیــبــار
دێدلەر حــاجی ئەفــەندی چوچوقن حــەقنی وێر
سـرِ کـە فـاش اولدی دەها فـائدە ئیـتـمـز ئینکار
یوقــیــســە پارە ئەگـەر مـهلتن اوچ گـوین اولســون
هەقنی اوچ گــویندەر وێرمــەیەسن ئەی غــەددار

کتابخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا ئێستا لە هەموو چاپەکانی دیوانی شێخ ڕەزادا ئەم شیعرە و شیعری ستایشی ئەحمەدی پاشای بابان پێکەوە دانراون بەڵام دوو شیعری جیاوازن هەروەک ئەمین فەیزی و حوزنی موکریانی بەجیاواز و ڕاست نووسیویانە.

٥٦

### ستایشی ئەحمەد پاشای بابان

ئەمە سێ ڕۆژە کە سەرگەشتە و حەیران دەگەڕێم
کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندە شیعار
یەعنی هەم نامی نەبی حەزرەتی ئەحمەد پاشا
فەخری دین کانی حەیا بەحری کەرەم کۆهی ویقار
مەدحیئیحسانی بکەم، حیلمی بکەم، عەدلی بکەم
بەخوا خارجە ئەوصافی حەمیدەی لە شومار
کەفی زەڕبەخشی کەوا مەنبەعی دوڕ و گەوهەرە
میسلی بەحرێکە نەساحلی بێت و نەکەنار
تەبعی جەواد و کەریم هەروەکو قائانی دەڵێ
(زەر بە قنطار همی بخشد و اوشتر بە قتار)
تاوەکو دەور بکات و بگەڕێ چەرخ و فەلەک
تاوەکو دێت و دەچێ بێت و بچێ لەیل و نەهار
بەمرادی بگەڕێ شەمس و قەمەر چەرخ و فەلەک
زەفەر و فەتحی قەرین بەختی موعین تالعی یار
ڕەئیی ئەو باعیسی تەنزیمی ئوموراتە وەلێ
بۆ کورەی عالەمی ئیمکان بووەتە قوتبی مەدار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## ئازایی عەشرەتی تاڵەبانی

بارەکەڵڵا ئافەرین ئەی عەشرەتی نەصرەت شیعار
مەردی مەیدان شێری جەنگاوەر، هوزەبری کارزار
چوار عەشیرەت کاکەیی و وەند و جەباری و داودە
ئیتیفاقیان کرد و هاتن چوارسەد و پەنجا سوار
هەر بەئەوەڵ حەملە چەندتان کوشت و چەندتان سەر بڕی
چەند کەلاکیان لێ بەجێ ما بوونە طەعمی مووروومار
ئێستەکەش لەو دەشتە شەڕیانە لەسەر لاشەی ڕزیو
کەرگەس و شاهین و گورگ و مامەڕێوی و کەمتیار
بەینی بەینەڵڵا عوبەیدی فیلەتەن کارێکی کرد
هیچ کەسێک نایکا مەگەر حەیدەر بەزەبری زولفەقار
هەر سوارێ فیرقەیەکی ڕارفاند و دایەپێش
کەوتە سەر کوێخا مەخول عەبدلوەهابی نامدار
لێی خوڕی وەک شێری غەڕڕان: سا مەڕۆ ڕاوەستە بۆم
ئەی تلیشی دایەڕێزوارت بە ڕیشی یادگار
چەکمەیێ سووری لە پێدا بوو بەجارێ زەردی کرد
تس لە ملیۆن تێپەڕی کرد تڕ گەیشتە سەد هەزار
یەک لەیەک ئازاترن تەعریفی کامێکتان بکەم
دەک فیدای دەست و تفەنگتان بم سولالەی شێخ ستار
شاسوارێکی وەکو تۆمان هەبێ باکمان چییە
تۆش لە هەقەتدا سوارێکی وەکو ئەسفەندیار
ئەم قسانە گشت مەجازن گەر حەقیقەتتان دەوێ
بەزلی نان و هیمەتی پیرانە بۆتان کەوتە کار
جائیزەم مەتلوبە ئەم مەدحەم بەخۆڕایی نییە
هورتومانیش بێ ڕەزام، گەر هیچ نەنێرن یا ستار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٨

## هەتیوێکی سنەیی

دوێنێ شەو بۆ دەفعی حاجەت چوومە حەمامی غەفوور
سادە ڕوویێکی تیابوو سمت و ساقی وەک بلوور
دەسبەجێ هەروەک موهەندیس دامە بەر مەدی نەزەر
هەر لە تەوقی سەریەوە تا نووکی پەنجەی خوار و ژوور
چۆن بەحەسرەت گورگی برسی سەیری دووگی مەڕ بکا
سەمتی سمتیم گرتە چاو و تێی دەفکریم دوور بەدوور
عاقیبەت شەوق و هەوەس پەردەی حیجابی پارە کرد
خۆم کوتا دێوانە ئاسا بۆ سەرا پەردەی حوزوور
هەر کە فەرمووی مەردومی شاری سنەم، یار بابلم
هاتە گەردش بێ تەوەقوف وەک عەموودی لەندەهوور
لێک گەیشتین هەر لە ئەووەڵ فرسەتا چووینە خەلا
تێم کوتا و هێنام و بردم تاکو ژارم کردە ژوور
ئافەرم وەستا شەفێ بۆ خۆت و نەسلێکی هەتە
ڕەبی ئاوابێ سنە دوور بێ لە ئافات و کوودوور

٥٩

## وەڵامی وەستا شەفێی سنەیی بۆ شێخ ڕەزا

بەم چەنەبازیتە تەحقیقە کە زۆر دووری لە نوور
قەت بەڕووسووری لە دیوانی خودا ناچیە حوزوور
بەو شەریکی، پاکی شەیتانیتە لایق دۆزەخی
تۆ لە ئەهلی ئەنبیا و ئەولیایان دووری دوور
بەدڕەوشتیی خۆ دەکەیتە خولقی خەلقی پڕ گوناە
تەوقی لەعنەت بۆ دەخەیتە گەردنی خۆت ئەی کەفوور

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەجووی کاکەیی

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:**

لە بارەی ئەم شیعرەی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە بەڕێز شێخ چالاک تاڵەبانی ڕوونکردنەوە و ڕای خۆی نووسیوە. بەپێویستم زانی بۆ ئاگاداریی خوێنەران منیش لێرەدا بینووسمەوە چونکە بەلای منەوە ئەمە سوودێکی مێژوویی هەیە. «لە سەردەمی عەباسییەکانەوە هەچ مەزەب و کۆمەڵێک و تاقمێک و دەستەیەک هەڵی دابێت، لەجیاتی ناسین و تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە و لەیەکگەیشتن ڕیسوا کراون. تۆمەتی گەورەیان خراوەتەپاڵ بۆ ئەوەی پەرەنەسێنن و گەشەنەکەن وەکو: یەزیدی، مەزدەک، بابەک، قەڵخانی، کاکەیی، هەقە... هتد. مێژوو دەری خست و سەلماندی کە ئەو هەموو توومەت و بوهتانە ناشیرینانە بۆ کاکەیی هەڵبەسترابوو، هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە. بەداخەوە شێخ ڕەزای بلیمەت ئەبوایە نەکەوتایەتە داوی ئەو بوهتانانەوە کە لە شیعرەکەیا باسی کردووە، بەلای منەوە ئەگەر ئەمڕۆ شێخ ڕەزا لە ژیاندا بوایە خۆی داوای لێبوردنی لە کاکەییەکان دەکرد. بەندە وەکو نەوەیەکی ئەم بنەماڵەیە داوای لێبوردن لە کاکەیی ئەکەم تەنها لەبەرئەوەی کە شێخ ڕەزا پێی وتوون ئەمڕۆ بۆمان دەرکەوت کە وا نییە و ڕەوا نییە. بەڵام ئەگەر داوای لێبوردن بکەین لە هەموو ئەوانەی شێخ ڕەزا غەدری لێ کردوون ئەوا ئەبێ دیوانەکەی بڵاو نەکەینەوە. بەهەرحاڵ گەردنی ئازادکەن شێخ ڕەزا چی بەمامی خۆی شێخ غەفور نەکرد کە نموونەی مەلایەکی زانا و خواناس و خاوەن تەکیە و مێژوویەکی پاک بووە. لێرەدا دەرئەکەوێت بۆچی شێخ عەلیی گەورە هەمیشە ناڕازی بوو لە شێخ ڕەزای برای، ئەمەیە ڕاستیی کێشەکە نەک وەکو هەندێک ئەڵێن لەسەر میراتی بەگژ یەکا چوون».

٦٠

### هەجووی کاکەیی

بابان باشندە بیر باتمان یشیل وار
امام القوم فی تقسیم شەلوار
هەتانە هەروەکو بیستوومە بەزمێ
لە ساڵێکا شەوی یارانی دیندار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عــەمـــوودێکم هەیە وەک تووڵی داوود
کــوتامــە ژێری کــوڕەکــەی دایە ڕێزوار
تســێکی کــەند بەڕیشی ســەیید براکــە
تــڕێـکی دا بـەیـادی بـاوە یـادگـــــار
دەبەستن حـەلقـەیی وەک عـەقدی پەروین
لە جــێگایەکی خــاڵی (لیــست دیار)
بەچۆکـا دێ قــوتەی مل نێـرکـە کـاردوو
وەکـو بولبـول دەخـوێنێ وەعـز و گـوفـتـار
دەخـوێنێ مـەرسـیـەی مـالۆسی مـەرحـووم
یەکـانەی گـون ڕەش و گـا حـۆلی شـاخدار
وەکـــو باران بەکلکی پیـــرە ســـەگـــدا
بەڕیشی دادەچۆڕێ ئەشـکی خــــون بار
لە پاش ئیکمـــالی ڕەسم و مـــاتەم و شین
وەڕین دەس پێ دەکـا وەک کـەلبی هەوشـار
مــــعــــاذ اللە دەڵێ یا ایـهــــا القـــوم
درۆیە حــەشــر و نەشــر و جــەننەت و نـار
لە گـوێ مـەگـرن قسـەی ئاخـونی شـیـعـە
بەئاشــووبن مـەلای سـەر لنگە دەســتــاڕ
غـەرەز لەم جـرت و فـرت و فـاک و فـیکە
ئیـتـــاعـەی ئەشـقـیـایە و دەفـعی ئەشـرار
حـــولولی مـەزهەبێکە بێ گــرێ و قــۆرت
تەناســـوخ ڕێگەیەکــە ڕاست و هەمـــوار
بحـمـداللە نەمـا کـاک ئەحـمـەدی شـێخ
زەهاوی مـرد و گـۆڕی گـوم بوو چاومـار
ئەگـەر بێ شـێخ عـەلیش -دفع البـلا- بێ
ئیــتــر دنیــا دەبێــتــە عــەینی گـولـزار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بمێنێ یا نەمـــــــێنێ چی لە دەس دێ
بەتەنها شـێخ ڕەزاکـەی هەرزە گـوفـتـار
ئەگـەر مـشـتـە و مـشـاریش بێ زمـانی
عـــەلاج ئەکـــرێ بەمـــشـــتی پڕ لە دینار
بەدیناری عـــەلاج کـــەن یا بەســـمـــتی
بلووڕینی کـــوڕێکی ســـادە ڕوخـــســـار
ئەزیزان مـــەزهەبی یارانی جـــەم جـــەم
لەســـــەر سێ ڕوکنە ئەووەل تەرکی ئازار
دووەم ئیکرامی ضـیف و شـەرتی -ثالث-
لە هەردوو عـومـدەتر کـیـتـمـانی ئەسـرار
ئەمـانەش جوملە پەشمن ئەسلی مەقسەد
چوار پێت بلـێـیم ئەی پیـــری هوشـــیـــار
شکستەی جەوز و تووڵی سەوز و کەلبەی
بەرازی بۆز و کـــەللەی خـــووکی مـــردار
ئەگـــەر دەرچێ لەســـەر ئەم دینە ڕوحت
دەچێـــتـــە قـــالبـــێکی شـــۆخ و نازدار
زەعـیف بێ خوانەخواسـتـە ئیـعـتـیـقادت
بـەئـایـین و بـەئـەرکـــــــــان و بـەئـەتـوار
نەکـەی تەرسێ بەڕیشی خـەلفـە باپیـــر
نەدەی گـــانێ لە ڕێگەی باوە یادگـــار
شـــیـــاکـــەی گـاوە حـۆل نەگـری لە ڕیشت
نەچیـــتــــــە ژێر کـــولـێنی دایە ڕێزوار
قـــەپۆزت دانەپۆشێ بەر ســـمـــێـــلـێت
بەســەر ملتـا نەیێ وەک باڵی کـەمـتـیـار
لە قـەبیلەی مـسـتـەفا ڕوو وەرنەگـێـرێ
لە ڕێگەی شـەرعـدا دەمـرێ گـوناهکار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پەشـــمی ڕیخناکی بەر ســــمـــێـــڵـــت
نەڕێسن سەرکەلە و دەستبەند و هەوسار
کـــە مــــردی ڕۆحی ناپاکت بەچوســـتی
لە ئینسـانی دەچێـتـە شکڵی سەگسار
وەرن یاران شـەوی مـیـعـادە ئەمـشـەو
لە پێ دەرپێ فـڕێ دەن خـزم و ئەغـیـار
شەرواڵی زەرد و سوور وەک خەرمەنی گوڵ
لەسەر مافووری زەڕ ڕۆی کەن بەخەروار
شــەرواڵی خــامــەک و زەربەفت و خــارا
لەسەر یەک دای بنێن وەک ماڵی توجار
کــەنیــز و خــانم و خــاتوون و خــادم
فـەقـیـر و مـونعـیم و دەروێش و ســالار
نەدیم و نۆکـــەر و ئاغـــا و ئەفـــەندی
لە دەوری دانیـشن وەک خـەتتی پەرگـار
لە نەزمی بەزمی جـەم سـاقی بگێـڕێ
شـەراب و لێ بدا مـوتریب لە مـزمـار
نەبیـز و شـەربەت و نوقڵ و مـەزە و نەی
دەف و تەمـبـوور و سـاز و بەربووت و تار
دەبێ ئەم بەزمــە هەر بەم نەزمــە بڕوا
هەتا دوو حـصـە ڕابووڕێ لە شـەوگـار
کـە دنیـا بوو بەڕووی قـەیماسی زەنگی
سـەرەی بەشکردنی شـەڵوارە ئەمـجـار
بەقورعەی مەعدەلەت یەک یەک بەشی کەن
مەپرسن لە ئەقرەبا و قەوم و کەس و کار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەپرسن دایک و پوور و خوشک و خوارزا
لەژێر کورکەی بەرن بێ قەول و گوفتار
بەقەولی باوەباوە و میرە میرە
میسالی کێرە کوز هەروەک کون و مار
بەشەرعی مەزدەک و ئایینی بابەک
دخولی جائیزە ئەسمێ کونادار
(فیا سادتی للوط والنیک
لقد علمتکم تقسیم شلوار)
چرا پف لێ کەن و شێرانە هەستن
شەقێ هەڵدەن لە پەردەی عیسمەت و عار
سەرو دەرپێ بەرن بێ فەرق و تەمیز
دەمودەست ساحیبی دەرپێ بکەن دیار
شەرواڵی هەرکەسێ بەر هەرکەسێ کەوت
ئیتر فەرقی نەکا بیگرێتە بەر کار
کە ئەم وەعزەی تەواو کرد پیرە ئاخون
ئیتر هەر پف لە شەمعە و تف لە حەیتار
ئیتر هەر ئەتکی دین و کەسری ناموس
ئیتر هەر تەرکی شەرم و عیففەت و عار
ئیتر هەر لنگ ئەبێتە لام ئەلف لا
ئیتر هەر کێر ئەبێتە باسکی هاوار
ئیتر هەر گوومەزی سمتە ئەسوورێ
بەسوورەی سەرخرا وەک چەرخی دەووار
ئیتر هەر لێپەرینە و لێخورینە
بەرەو ژوور و بەرەو ژێر و بەرەو خوار
ئیتر هەر دایکە پیرە و هەڵئەنیشێ
بەکەللەی کێرەوە وەک ورچی سەردار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیـــــتـــــر هەر پاوانەی زیوە و زڕەی دێ
لەبەر کــوت پێـــوەدان ئەخـــشێ لە دیوار
ئیـتـر هەر خـەپلەی کـوزە وەک چاوی کـازر
بەمـــــەترەق دەیکوتـن ســـاداتـی ئەبرار
ئیـــتـــر هەر ناوگـــەڵی خـــوبانی بیکرە
لە خـوێنا سوور دەبێ وەک بەرگی گـوڵنار
ئیـتـر هەر کـێرە وەک پەیکانی گـۆشتین
بەژێر بنیـــا دەچێ وەک پەڕی ســووفـــار
ئیـــتـــر خـــوا نەســـیـــبی دوشـــمنت بێ
بـرینـی نـێـــــــــزە و نـووزەی بریـنـدار
منـاڵی لـەو شــــــەوە پەیدا بێ لایان
دەبێـتــە سـەییـد و ڕێزداری مــوخــتــار
لە وەسـفی کـاکـەیی گـەر سەرفی عـومـرم
بکەم ناکـەم بەیانی عــوشری مــیــعــشـار

٦١

**هەجووی تاڵەبانی**

تاڵەبانی زۆرن ئەمما هەر دووانیـــان دێنە کــــار
ڕۆژی دەعوا شێخ حەمید و ڕۆژی حەلوا شێخ ستار
قـالە مل حـیـزی پیـاوی و قـالە مل سیـسی کوڕی
ڕاست و چەپیان گرتووە وەک ڕۆستەم و ئەسفەندیار
هەر کە وتیـان جەنگە ئەمـڕۆ چاو ئەگێڕن بۆ کـوڵێن
ئەم دەبێـتـە مـامـە ڕێوی و ئەو دەبێـتـە کەمـتـیـار
شـێخ عــەلی خــۆ تۆ منت ئاوارە کــرد و دەربەدەر
چاکـە هەجـوێکت بکەم مــوفـیــد و مــوخــتــەســەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

٦٢

شێخ ڕەزام و بەفەساحەت لە جیهاندا مەشهوور
پسەری پیری نەزەر کردەیی قوتبی لاهوور
شیعری من وەهبییە کەسبی نییە هوشیارەوە بە
خۆت لە من لادە لە سۆراغی قنگت بەم (مەخموور)

٦٣

هەمەوەندی تەڕ و تووشی لە جیهان دەرچوو بەغار
ئێستە کوێخا دوومەلانە هەڵی داوە لە بنار

٦٤

سەرپەتی خۆی لێ پەتی کرد تا -موان-ی نایە سەر
قوولەڕەش هێندەی وشی تا ئاوی لێ هێنایە دەر

٦٥

**بۆ مام ڕەسووڵ سیامەنسووری**

ئافەرم ڕەسووڵ نەوەی شالیار
سەفرای قوزشکێن وەک کێر کالیار
کاروانەی کێرت لە عام مەشهوورە
کێرت بەجێ کێر گشت سیامەنسوورە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی زێ

٦٦

کـوزی (گـازێ) ئەگـەزێ کـێـر وەکـو گـاز
بەری عـەرسەی پانە وەک دەشتی حیـجـاز
قیتکەیەکی هەیە وەک کێوی دەماوەند ئەعلا
پڕ لە هێـلانە کەو و قـشـقـڕە و کـۆتر و باز

٦٧

بۆم دەنێرێ نیسکو نۆکو سووتەنی و خاکە و خەڵووز
لازمــە بۆ گــۆڕی حــاجی هەر بخــوێنم (قل اعــوذ)
حــاتەمــیش ڕاســتت دەوێ ناگــاتە حــاجی بۆ ســەفــا
مــاهی ئەنوەر کــەی دەبێــتــە نەییــری عــالەم فــرووز

٦٨

هەروەکو ئەشکم بەڕەنگی سووری خۆی خوێنینە کوز
داســتــانی شــاهنامــەی خـەسـرەو و شـیـرینە کـوز
ئینشـقـاقی هەروەکـو کـاڵەک لەبەر شـیـرینیـیـە
هەر کەسێ نەی چەشتبێ نازانێ چەند شیرینە کوز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی سین

٦٩

کەسێ بیبێ حەیا و شەرم و نامووس
ئەبەد ناکا ڕەفیقی تاقمی لووس
ئەگەر سەد ساڵ بدەی ڕەنج و نەیانگێی
قسەی وات پێ دەڵێن نەیگرتبێ قامووس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی شین

٧٠

کێر کە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خوێش
گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ چ لە پاش و چ لە پێش
هەمە کێرێکی قەوی هێند بەکونی تەنگا چووە
سەروچاوی هەموو زامدارە پەراسووی هەموو ڕێش
تا ملی غەرقە لە چەرما وەکو سیواکی مەلا
پرچی ئەفشانە لەسەر پشتی ملی وەک دەروێش
پاڵەوانێکی قەوی قۆڵە لە میل بازیدا
مەحکەمە ریشە و بێخی وەکو شاخی گامێش

٧١

چایەکەی مامە غەفورم زەردە وەک میزی نەخۆش
ئیحتیاج ناکا بەئاگر هەر بەدوو تڕ دێتە جۆش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی غەین

٧٢

شێخ محەمەد عەلی و چەند نەفەرێ چووینە ئوچاغ
گشت بەکەیف و بەنیشات و بەسروور و بەدەماغ
گەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیمی تفەنگبازیی دەکرد
ڕۆستەم ئاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلە بیجاغ
هەر کە ئەنگاوتی وتم: دەک دەس و بازووت نەڕزێ
هەر کەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسە و قورمساغ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیتی قاف

## ٧٣

### ستایشی شێخ ستار

سوپای غـەم دەورەیان دام دەس بەمـەترەق
لە پاش تەشـریفی تۆ دایانمە بەر شـەق
(تعـالی الله) لە جـەللادی فـیـراقت
دەڕێژێ بێ مـوحـابا خـوێنی ناحـەق
مـەپرسـە بۆ لە هیـجـرانت نەمـردم
کە من سەگ مەرگم و گیان سەخت و دڵڕەق
کە زینیان خستە سەرپەشت مانیە ڕەش کوێت
گـەڕا چاوم لە تاوان زەرد و ئەبڵـەق
لە شـەوقی تۆ وەکـو مـەنسووری حـەللاج
خـرووسی تەبعی من ئەیگووت: أنا الحق
لە بەزمی خـەسـرەواندا یەک زەمـانێ
مورەخخەس بووم وەکو دەستووری موتڵەق
ئەمـێسـتـاش تاقـەتم تاقـە و پەرێشـان
خرووسم نەخرەسە و حالم موفەششەق
لەبەر هەیوانی مـزگـەوت ئێـسـتـە بێ تۆ
وەها دێم و دەچم وەک حـاجی لەقلەق
ئیـلاهی عـومـر و جـاهت بەرقـەرار بێ
عـەدوت سـەرنگون بێ و خـۆت مـوەفـفـەق
سـمـێـڵی شـێخ سـتـار (حـبل المتـینة)
کـەلامی شـێخ ڕەزا وەحـیی مـوسـەددەق

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧٤

سەد ساڵە ڕەنج ئەدەی هێشتا ڕووتتری لە سلّق
کێرێکی سیس و دوو گونی چرچ و قنگێکی فلق

٧٥

لە گەشتی شێخ ئەوا هات حاجی لەقلەق
دەهاوێژێ دوو دەستی وەک دوو مەترەق

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی کاف

٧٦

بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیەتر بچمەوە کەرکووک
مەعلوومە بەمەردی نەڕواوە لە سەرم تووک
بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕمساغ کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکو ئاوی حەمامووک
پێم خۆشە لەبەر جەوری برا و لۆمەی ئەقوام
سەد جار لەغەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووک
ڕۆژێ بەمرادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ
ئەم میچە قەراری نییە گاهێ جکە، گەه بووک
شاهی کە نەبێ ڕادەبوێرین بە فەقیری
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندووک
شەش مانگە زیاتر کە لە پاش مەرگی پدەر من
مەغدوور و مەزڵووم و جەفادیدە و مەهتووک
تا ساکنی کۆیێ مامە غەفوورم وەکو غەفوور
کیسەم پڕە دایم لە زەڕ و لیرەی مەسکووک

٧٧

سەر بەیەشماغی شڕ و شاقەڵی چڵکن مەهتووک
سووڕ ئەخۆن سەرخۆش و ڕیسوا بەقۆریات و نەتووک
تێگەیشتن کە مەلایان چەن بلێیی تۆ بە وەزن سووک
کەبابی گۆشتی بزن فاکیهەی بەری خڕنووک
لە من بپرسە سەفای شارە حیزەکەی کەرکووک

٧٨

لە -بخت النصر-ەوە گاندانە پیشەی ئەهلی کەرکووک
کە (الناس علی دین الملوک لیس متروک)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی لام

٧٩

هەر مەتاعێ کە تەڵەب کەی لە سولەیمانیدا
هەیە ئیللا کوزی بیکر و کونی ناموستەعمەل

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی میم

٨٠

با نەکەم هەجوی حیماری ڕەگی جەرگی ببڕم
هەروەکو جاوی نەشۆراو کوزی دایکی بدڕم
شەهووەتم هاتۆتە جونبوش وەکو دەریای عوممان
لازمە ماچە کەرێ میسلی حیماری بکڕم

٨١

گەرچی فەقیر و موفلیسە مامە شێخ ساڵحم
نەمدی کەسێ وەکو ئەو ساحێبی کەرەم
میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

٨٢

بەم جووتە گونەی من کە دەڵێی عەنتەری نێرم
لێم لادە نەوەک بتخەمە بەر حەملەیی کێرم

٨٣

تڕی ئەولادی ئەم عەسرە بەکێرم
کە من مردم مەگەر گوو بکەن بەخێرم

٨٤

مودەتێکە نێربازی و ئێستە مەیلی مێ دەکەم
ئارەزووی گانی کچێکی کوز پڕی دەرپێ دەکەم

٨٥

موخالەفەم نییە من ساعەتێکی میقاتم
غوڵامی حەلقە بەگوشی جەمیعی ساداتم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٨٦

ئەم قەحبە فەلەک لە داخی مردم
موحتاجی ڕەشی ڕەشیدی کردم

٨٧

گەلێ سمتی سپیم دەس کەوت و نەمتوانی پیا کێشم
درێغ بۆ میتراقی کێرەکەی چەند ساڵ لەمەوپێشم

٨٨

شانازی ئەکەیت کەوا من گونتم
بەڵێ من بەڕۆژ تێبڕی کونتم
شەو تا بەیانیش دەس لە مل ژنتم

٨٩

هێند بەتەعریف و کینایەت لە بنی سنگت بەم
بەگ ئەفەندی بەسەراحەت لە کونی قنگت بەم

٩٠

نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم
حەمەی -تولێنە- بەم توولە لەتوولێنەی هەتیوت بەم

٩١

ئەسبابی‌تەرەب زیر و بەمە، ئەی‌بەگی جافان
بەزمێ بگرین چاکە، لە من زیر و لە تۆ بەم

٩٢

یا رسول الله دەزانی تۆکە شەیتانە عەدووت
هەم لە تۆ مەعلوومە خۆ من ئومەتی تۆم هەرچی هەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـەی ڕەوایە سـەروەرا، بۆ تۆ کـە خـیـر الانـبـیـای
دوشـمـنی خـۆت شـاد بـکەیت ئومـمەتیـشت دڵ بـەغـەم

٩٣

مامە حەمەی بێ لووت و فەم
لەســــــەر قنگت بڕاوە دەم
لـە بـابـی بـابـی بـابـت بـەم
اســـتـــغـــفـــرالله العظیم

٩٤

مـەلا عـەباسی ئیـمام قـاسم
مـن بۆچـی تـۆ چاک نـاناسم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی نوون

٩٥

### ئالی بەبە

سائیل بەغینا ، نائیل ئەکا ، بەخششی کەمتان
ئالی بابان یاخوا نەڕزێ دەستی کەرەمتان
هەرچەند بەمەسەل خەنجەری ئەڵماسە زبانم
نابڕێ سەری موویێ لە ئەدای شوکری نیعەمتان
گیرفانی گەدای کردووەتە کانی جەواهیر
ئێکسیری نیساری زەڕ و شاباشی درەمتان
ئێوەن بەحەقیقەت مەلیکی میللەتی کوردان
شایانە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان
ئینکاری حقووقتان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ
ئابایی فەرەیدوون، فەڕ و جەمشیدە حەشەمتان

٩٦

### شێخ عەلی تاڵەبانی

بێگانە هەموو ساحێبی جاه و جەبەڕووتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕووتن
ئەی شێخ عەلی چاکە وسووقت بە برا بێ
باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەک توولە لە دووتن
قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەلقە بەگۆش بوون
تەحقیقی بزانە بەخودا جوملە عەدووتن
ڕەحمیان نییە دەربارەی تۆ خزم و ئەقاریب
موشفیقترە بێگانە لەمانە کە عەمووتن
نادان و قورمساغ و نەزانن کە ئەمانە
گاهێ لە سەما گاه لە سەیری مەلەکووتن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم تەکــیــە نشــینانە چ دەروێش و چ ســۆفی
هەرچەندە بەدڵ مــوشــتــەغـیـلی زیکر و قـونووتن
وەک حـاجی مـابەینی سـەفـا و مـەروە بەتەعـجـیل
بۆ لـوقـمـە ئەمـانیش بەمـەسـەل یونس و حـووتن
جــومــعــانە بڕاوە بەخــوا مــوفلیــســە لامــیع
نە پوولی حـــەمـــامی هەیە نە پارەیی تووتن

٩٧

**ئەم سادە ڕوخانە**

ئەم ســادە ڕوخـانە لە مـەلاحـەت کـە تەمـامن
دەورەت دەدەن و تەفرە مـەخۆ قەت مـەڵێ ڕامن
گەهـ دۆست و وەفادار، گەهێ دوژمنی خوێنخوار
دڵ نەرمێ دەبن گـاهو گـەهێ سـەخت کـەلامن
عـاجز مەبە نەک بۆ تۆ وەفـایان نییـە بۆ کـەس
مـەعلوومـە کە ئەم تاقـمـە وەک تاسی حەمـامن

٩٨

ئەگەر بەرزنجەیی غەدریش بکەن هەر نەیسە ساداتن
خــدر ئـاغـــای ڕەبـاتی داکی خــۆگـێ ئێــوە بۆ هاتن
خەزووری شێخ حەمید ئاغای ڕەباتیی کۆنە قەڵتاغ شڕ
لە ئەسڵ و مـەعـدەنا ئەجدادی ئێـوە دۆم و خـەڕاتن

٩٩

مـــوتەلەووین مـــیـــزاجی گـــۆنا گـــوون
مـوتەسـەریف کـە دیدە بوو قـەلەمـوون
مــوتەسـەریف جـیـگارەکـەی لە دەمـا
دێ و دەچێ وەک مریشکی چیلکە بەقوون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠٠

وەختی شەڕ شێرن لە بۆ دوژمن
لە سیلما شیری پاکن بۆ خۆیان
وا بوو عاداتی ئەجدادی کیرامیان
ماوەتەوە بەم جۆرە بۆیان

١٠١

جەوهەری مەحزە لە هەردوو لاوە وەک تیغی دەبان
داکی کچی پاشای ڕەواندز بابی کوڕی پاشای بەبان
شێخ ڕەزاش هەجووی بکا ئیعتباری بۆ نییە
چاک خراپ نابێ بەشیعری شاعیرێکی قەڵتەبان

١٠٢

بەڕەمز و ئیشارە قسەم پێدەڵێ بەگی جافان
بزن قنگی نەخورێ چی دەوێ لە نانی شوان
بەکێری گەورە بەرم من لە مەقعەدت تا بن
ئەگەر قوەت بدەیتە خۆت ترت دەبێ بەدووان

١٠٣

بەسە ئەم شیعرە بۆ وەسفی حوسنی ئەهلی بەبان
سەگەنێریان لە دوون وەک سەگەمێ جوملە بەبان

١٠٤

پیر بووە ناجی ئەفەندی بووە پشتی بە کەمان
چرچ و ژاکاو و مەلەووەس وەکو کێری پاش گان

١٠٥

بوسەم ئەوێ ئەی نیگاری نازەنین
لایضیع الله أجر المحسنین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠٦

تۆ هەتە تیـــغی دەبان و من هەمـــە تیـــغی زبان
فـەرقی ئەم دوو تیـغـە هەروەک ئاسـمان و ڕێسـمـان

١٠٧

گـەر نەکا مـەخـموور ئەفـەندی تەرکی تریاکی لەعین
فـــێـــری سێ نەزمی دەکـــا پژمین و کـــۆکین و ترپین

١٠٨

هەمـــەوەند لەشکری ڕۆم و عـــەجـەمی داوە بەگـــان
بەری حـەملەی چۆن دەگـرێ لەشکری گـاوان و شـوان

١٠٩

خـەڵکی کـەر بوون شـێخ حـەمـیـد چوون بۆ کـــڕن
مـــــــــــارفـی زاوام دێ و دەچـێ وەک وشـکـەڕن

١١٠

لە هەرلایەکە ڕاسـتت دی سـەلامی لێ بکە قـــوربان
گـــوریسی ناو هەمـــانە پێم ئەڵێ ڕاســـتی قـــوربان

١١١

دوو جـــانەوەر لە نەسلی جـــانی ئیبن جـــان
ئەمـــینی حـاجی کـەریم و ئەمـــینی بابە جـان

١١٢

وام ئەزانی ئێـوە ساداتن مـەعـاشـتـان نابڕن
داخی داخـانم جەباری خۆ لە ئێـوەشیـان بڕی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی واو

۱۱۳

### موراد ئاغای ئاکۆ*

ڕوخـــاندی گـــەردشی گـــەردووم لە هەر جێ ئاســـتـــانێ بـوو
ســـووتاندی چەرخی دوون پەروەر لە هەر کـوێ ئاشـیـانێ بوو
وەکـــو - طي الســـجل للكتب - پێـــچـــایەوە گـــەردوون
لە هەر مـیـهـمـان سـەرا ئاسـاری سفـرە و نان و خـوانێ بوو
بەحـــاتەم گـەر بکەی تەشـبـیـهی ئەم ئاغـایە بێ ئەقـڵی
کـــە فـــەرقی ئەم لەگـــەڵ ئەو ئاســـمـــان و ڕێسـمـــانێ بوو
درێغ بۆ خـــانەدانیی حـــارس ئاغـــای ســـەروەری ئاکـــۆ
کە جێگەی عەیش و عـەشرەت و مەنبەعی ئەمن و ئەمانێ بوو
لە جـوود و بەخـشش و ئەنعـامی خـۆی و قـەوم و ئەتبـاعی
وەکـــو شـــانامـــە و ڕۆســـتـــەم لە هەر جێ داســـتـــانێ بوو
کـەیومەرسی دووەم جەمـشـیـدی سانی خـوسرەوی -ثالث-
سلەیمانی زەمـــان ئەسکەندەری ســـاحـــێـــبـــقـــرانێ بوو
شەوی وەک زولفی یارە ورووەی حەسوود و بەختی من تاریک
لەگـەڵ دیجـوور و یەڵدا وا حـیـســاب کـە تەوئەمـان-ێ بوو
بەنامەردی شـەهـیـدیان کـرد وەکـو حـەمزە و عـومـەر، دوژمن
مـــوراد ئاغـــا کـــە ڕۆژی جـەنگ و دەعـــوا قـەهرەمـانێ بوو
کـەسێ ئەم سـەروی ڕەعنایەی لە پێ خـست گـەردنی بشـکێ
چ زێبـــا ســـوورەتێ یا ڕەب چ شـــیـــرین نەوجـــەوانێ بوو

* لە ساڵی ۱۲۹۳ی هیجری بەرامبەر ۱۸۷۹ی زاینی، تەقیەدین و عومەر پاشای دیاربەکر عەشیرەتی ئاکۆیان تاڵان کرد. موراد ئاغای حارس ئاغا و محەمەد ئاغای عەبدوڵڵا ئاغایان گرت و بەندیان کردن. لە بەندیخانەی کەرکووکدا موراد ئاغا مرد.
لەسەر داوای قادری وەستا خدر شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی نووسی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مــورادیان بۆیە ناو نابوو لە وەختــی بەخــشــشی و ئەنعــام
لەبۆ بابی مـــــوراد دەســـــتی کـــــەریمی نەردەبانێ بوو
لە حەق شێخ و مەلا و دەروێش و سۆفی سائیل و سەییاح
وەکــو حــاتەم شــەفــیق و دڵنەواز و مــیــهــرەبانێ بوو
ئیـــتــر نەتبێ لە مــوڵکی ڕۆم ڕەزا ئومــێــدی ئاســایش
لە پێش ئەم کـــارەدا ئومـــێـــدی تۆ بەو پارچە نانێ بوو

١١٤

**سولەیمانی کە دار الملکی بابان بوو**

لە بیــرم دێ ســولەیمانی کــە دار الملک-ی بابان بوو
نەمەحکوومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
ســەدای مــۆزیقــە و نەقــقــارە تا ئەیوانی کــەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمــانە ئەو دەمــە ئەو عــەســرە ئەو ڕۆژە
کــە مــەیدانی جریدبازی لە دەوری کــانی ئاسکان بوو
بەزەربی حەملەیە بەغدای تەسخیــر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمـان ڕاسـتـت دەوێ باوکی سـولەیمان بوو
عــەرەب ئینکاری فــەزلی ئێــوە ناکــەم ئەفــزەڵن ئەمما
سەڵاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
عــومــومی شــەهر باران و ســەلاتینی فــەرەنگســتـان
لەروعــبی ســەتوەتی ئەو شێــرەدا گــشــتی هەراسان بوو
قــوبوری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحــمــەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو
کــە عــەبدوڵڵا پاشــا لەشکری والیی سنەی شڕ کــرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**لە وەختی زەرفێندا**

ئەی مـەلا قـەت تۆ لە زەرفـێندا وەها خـێـرا نەبووی
یا لە حـیـزی بەختـی من یا مـۆرەکـەت مـووی پێـوە بوو
حـاڵ لە سێ خـاڵی نیـیـە توخـودا بەڕاسـتی پێم بڵێ
مـووی سـمـێـڵت یا بەرت یا کلکی یابووی پێـوە بوو
وا دەزانم مـــووی ڕزیوی پیــســتی دەباغـــخـــانە بـوو
چونکە ئاساری کـەتیـرە و جـەوت و مـازووی پێـوە بوو
پەشـمـی پاشت بـوو مـەزندە چونکە وەخـتـی ڕۆژهەڵات
دیقـقـەتم کـرد دەوروپـشـتی زەرفـەکـان گـووی پێـوە بوو
مـووی سەگی گـڕوێش وەها نابێ بەتەخمین سەد هەزار
رشک و ئەسپێ و کێچ و کەهلە کرمو کەرنووی پێوە بوو
ئەلغـەرەز دوو پشـکی ڕۆحم چوو لە ترسـان ئەو شـەوە
هێندە دووپشـک و هەزارپێ و مار و مێـرووی پێوە بوو
قاوەچی ڕووی سینییەکەی هەرچەند بەنینۆک هەڵکڕاند
قـەلعی ئاسـاری نەکـرد هێـشـتـا بەشی تۆی پێـوە بوو
زۆر نەمـــابوو بۆنی سـەرگـێـن بمکوژێ وای تێ دەگـەم
تووکی بن کلکی کـەر و بارگـیـری مـردووی پێـوە بوو
داوەکـــەی مـــوویین و گـــڕوینت بەکـــاری هیچ نەهات
گەرچی هەر لایێ دووسەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو
دامـــەنێ بۆ باز و شــاهێن داوی پەشـــمین ئەی کـــەرە
کـەر کـە داینا داوی پەشـمین هەر بەپاشـووی پێـوە بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١١٦

**نینۆکی شێخ ڕەزا و کلکی حەسەن هەمزە**

حەسەنی هەمزە لەسەر شەم کە چییە تەفسیری
دەست بەشمشێر لەگەڵم ساحێبی دەعوا دەرچوو
من وتم ناخوێنی شێرە، وتی کلکی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بە سێ شۆڕش و غەوغا دەرچوو
گرەوم کرد لەگەڵی چووم و کتێبم هێنا
ناخوێنی من نەبوو، کلکی حەسەن ئاغا دەرچوو

١١٧

جەنگ گاهی جووکل و مەحموود بەگ شێروانە بوو
ئافەرین مەحموود بەگ لەم جەنگەدا شێر، وا نەبوو
وەقتێ قاسید هات و لێم پرسی چلۆن بوو ئەم شەڕە
وردە وردە بۆی بەیان کردم کەچی شێرڕ وا نەبوو

١١٨

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگەخەو
تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بەشەو

١١٩

سەلاحەدین کە ئیسلامی گەیاندە پایەیی ئەفلاک
ئەمە وا بوو ئەوەند بوو ئەو لە زومرەی کوردی خۆمان بوو

١٢٠

نان و دۆشاوی ئەمان وابوو بەیاپراخ و پلاو
بووی بەگەورەی ئەهلی نۆدێ، کاکەلاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٢١

شـــد عـــددی بازی مـــاسی و دوو
قـادری وەســتـا خلە ڕیشت بەگـوو

١٢٢

سلێـمـانی هەتانە ناوی نابەم وەک کـونی بێـچـوو
وەکو داینێی لەسەر بەرگی شەقایق جێ سمی ئاهوو

١٢٣

ڕەفـــیـــقم بوو جـــوانێـکی جـــوانڕۆ
کە چوو ماڵیم بەسەر خۆمدا جوان ڕۆ

١٢٤

ئەی مـەلای مل زەعـیـفی خـورمـاتوو
نەعرەیە، بەرکەش، ئەی خەری ما، توو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی هێ

١٢٥

شـــاری کـــۆیە کـــە لەبالەب بوتی توشنەلەبە
گەر فەلەک لێی بگەڕێ مەنبەعی عەیش و تەرەبە
دڵبـەرانی بەمـەسـەل هەروەکـو ئەشـعـاری منن
کـامی لێ دەگـری دەبێـژی ئەمـەیان مـونـتـەخـەبە
غـارەتی عـەقـڵـی منی کـردووە زینا سـەنەمێ
عـاریزی ڕەشکی قـەمـەر قامەتی نەخڵی ڕوتەبە
نەوزەڕ ئاسا فـەرەیدوون سـیـفـەت و سـەلم ڕەوش
شـەیدە مـانەند سـیـاوەش، وەش و خـوسـرەو لەقـەبە
عـاریز و غـەبغەب و ڕوخسـار و زەنەخدان و لەبی
نـازک و توحـــفـــە و زێبـــا و بەدیع و عـــەجـــەبە
دڵبەر و زەڕکەمـەر و جیلوەگەر و عـیـشـوە فرۆش
سەروی سیمین و بەدەن و شاهید و شیرین لەقەبە
زاڵـم و دڵـشکەن و دۆســـتـکوژ و خـــەسم نەواز
عـیـسـەوی دین و مـوغ ئاین و فـەڕەنگی مـەزەبە
سـێـوی داناوە لەژێر لێـو کـە ئەمـەم گـۆی زەقـەنە
زیوی خـڕ کـردووە وەک گـۆکـە ئەمـیـشم غـەبەبە
لالەڕوو، شـێـفـتـە موو، غـالیـبـە بۆ عـەرەبەدە جۆ
ڕووی وەکو مـاهی فـەلەک زولفی وەکـو زووزەنەبە
خـواسـتی لـێی مـاچێ ڕەزا کـافـرە نەیدایە وتی
ئەی خـوا لـەم کـوڕە شـێـخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٢٦

**هەجووی ماینە کوێت**

ماینە کوێت جاران کە دەتگوت ڕەوتی ڕەوتی ئاهووە
ئێستە هەستانی لەسەر ئاخوڕ بەیاهو یاهووە
قەت لە یەک قاسناغ کەمی جۆ نادەمێ هێشتا لەڕە
ساڵی دوانزە مانگ سواری نابم و هەر ماندووە
عومقی چاڵی مەقعەدی بێ شک مەسافەی قەسر ئەبێ
درزی دەروازەی کوزی لۆچلۆچ بەسەریەکدا چووە
گەر بەئاوزەنگی پەراسووی ئەم سەرەو سەر هەڵدڕم
هێندە نابزوێ بزانم ماوە یاخود مردووە
خاوەنی پێشووشی نازانێ کە تەئریخ و سەنەی
چەندە ئەمما من لە پیرانی قەدیمم بیستووە
وەختێ نادرشا هجومی کردە سەر ئیقلیمی ڕۆم
تازە گوایە ئەو لە کوز داکی خرووجی کردووە

١٢٧

**وەزنت لە چیای قافەوە***

وەزنت لە چیای قافەوە لەم قافیە ناوە
یا شیعری غەزەل غەزەلە بەریسەی پەتی خاوە
شابیستەی نەقدێکی بەراوردی عەرووزە
لام وابێ کە بەلای تۆوە نەقدم ناتەواوە
ئەوزانی شیعر هەریەکە مەربووتە بەبەحرێک
لەم شازدە بحوورەی بەعەرووز ناوی نراوە

* شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ ئیسماعیل کوڕی دەروێش ئاغا کە نازناوی حوزنی بووە نووسیوە لە وەڵامی شیعرێکدا کە شاعیر بۆ شێخ ڕەزای ناردووە. ئەم شاعیرە لە ساڵانی ١٨٤١ هەتا ساڵی ١٩١٧ ژیاوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدڵێکی فـراوان وەرە حـاسڵ کـە قـەناعـەت
لای ئەهلی ئەدەب ڕەخنە وەکـو غـەمـزەی چاوە
ئەی (حوزنی) قەبوڵ کە لە(ڕەزا) کەشفی هەقیقەت
تۆش وەک منی هەر تالیبی عەفـوین لە خوداوە

تاڵەبانی زادە - ڕەزا ١٣٢٦ھ، ١٩٠٨ز

١٢٨

**هەجووی شێخ غەفوری مامی**

مـامـەکـەم قـەحـبـەژنە دەوڵەتی شـەددادی هەیە
تالعی ڕاهبـــەر و بەخـــتی خـــودا دادی هەیە
یەک دوو دێی داوەتێ سـوڵـتـان ئیطعـامی طەعـام
هەر یەکـێکی بەقـــەدەر خـــەزنەیێ ئیـــرادی هەیە
چ فـــرۆش و چ زروف و چ زیاع و چ عـــەقـــار
لە هەمـوو جنسـە مـەتاعێ سـەد و هەشـتـادی هەیە
ئەم هەمـوو گەنج و خەزێنەی هەیە هێشتاکو تەرەس
نە هەوای جـود و نە مـەیلی کـەرەم و دادی هەیە
ڕەسـمی ئابائی کـیـرامی بووە ئاسـاری سـەخـا
نە لە ئابائی حـــەیا و نە لە ئەجـــدادی هەیە
گـەر سـەر و ڕیشی پیـاوانەیە باوەڕ مـەکـە پێی
باتینی جـــوولەکـــەیە زاهیـــری زوهادی هەیە
خۆی بەهەر سـوورەت ئومـێدی کـەرەمم پێـیـە وەلێ
ڕقی زۆرم لە ڕەشـیـدی کـوڕی گـەوادی هەیە
ڕەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی دەڵ، خووی چەقەڵ
چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدی پڕ بادی هەیە
زیکر و ئەورادی لەسەر کێر و زەکەر مونحەصیرە
سـەیری ئەو حـیـزە قـوڕمسـاغـە چە ئەورادی هەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تف لە کـوز داکی لە کن خـۆی کـوڕی هێناوەتە دەر
گوو بەڕیشی باوکی لەکن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە
ئەمـە گـشت باوکی کـە سـەرمـەشـقی لە بۆ داداوە
سـەربەخـۆ سـالیکی ڕەهرەو نـیـیـە ئـوسـتـادی هەیە
لە گـرۆهی حـەرەم کـارەکـەر و دایک و خـوشک
فـــاتم و عـــاسم و ئامـــان و پەریزادی هـەیە
شـەو و ڕۆژ چەپڵـە بەکـوز لێ دەدەن و هەڵدەپەڕن
فـەرجـیـان تاب و تەبی کـوورەیی حـەددادی هەیە
بێ حـەیان جـوملە خـصـوصـەن ژنە سـۆزانـیـیـەکـەی
ڕەوشـتی دێڵـە سـەگ و قـەحـبـەیی بەغـدادی هەیە
من لە کـەرکـووکـەوە دێنێـتـە کن ئەم قـەحـبـە ژنە
لەگـەڵم خـەصـمـە فـەلەک نـیـیـەتی بێـدادی هەیە
کـوونی و حـیـزییـە مـانەندی ڕەشـیـد، تەبعی ڕەزا
هێند لەبەر جەوری فـەلەک خـاتری ناشـادی هەیە

١٢٩

**کاکە جاف کوڕی کەریم ئاغا**

شـیـرین وەکـو خـوسـرەو پـسـەری هورمـز جـافـە
چاو مـامـزە، لێـو قـرمـزە، ئـیـمـان سزە، جـافـە
چاوی ڕەشی فـەتـتـانی وەکـو شـەبڕەوی عـەییـار
دین و دڵ و ئـیـــمــــانی دزیوم دزە جــافـــە
بورهـانە لەسـەر قـودرەیی حـەق ئایـەتی حوسنی
بۆ دەعـوەیی ئیـسـپـاتی خودا مـوعـجـیزە جافـە
ئاشـووبی جـیـهـان فـیـتنەیی ئافـاقـە نیگاهی
یەک نەفـسـە جـیـهـانێ لە دەسی عـاجزە جافـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ کەشمەکەش و عەرەبەدە موژگانی سیاهی
وەک لەشکری تەیمور و سوپای جەنگزە جافە
تەنیا نەڕەزا بۆی بووەتە بەندەیی
فەرمانی لەسەر شاه و گەدا نافیزە حافە

١٣٠

**کەڵەشێری نەقیب***

ئەو بەهەیئەت کەڵەشێرە کە بەهەڵمەت شێرە
کەرەمت کردووە بیستوومە دەسا بینێرە
دوو مریشکیشی لەگەڵدا کە فریشکی نەکەوێ
خرتی چەند ساڵەیە ئەڵبەت بەمریشکان فێرە
بارەکەڵڵا حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا
کەفی فەییازە دڵی واسیعە چاوی تێرە
نەوەکو شاری سولەیمانییە کۆیە بەکەرەم
نەوەکو تاوق و کەرکووکە نەوەک هەولێرە
ئەو هەموو شیعرە کە ناردم کەڵەشێرێکی نەنارد
جەددی ئەعلایە نەقیب زادەیە خۆی بێ خێرە
دۆستان ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی ئەکەن
بۆ ڕەزا لازمە ئەم نێرەکەیە ئەو نێرە
هەدیەیەکی کە لە طەرەف دۆستەوە بێ شوکری دەکەم
پێی ڕەزامەندم ئەگەرچی تەرەفێکی کوێرە

* شێخ ڕەزا جارێک داوای کەڵەشێرێک لە نەقیب زادە (سەید نوری نەقیب) دەکا بۆی نانێرێ لەو وەختە خەبەر ئەچێت بۆ شێخ ڕەزا کە حەسەنی مەحموود ئاغا کەڵەشێرێکی چاو کوێر لەگەڵ دوو مریشکی حازر کردووە ئەیەوێت بینێرێت. ئەمجا شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ ئەنووسێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قـافـیـەی تەنگە، نەزیرەی مـەکـە شـاعـیـر زینهـار
ئەوی لـەم قـافـیـە بـۆت مـاوەتەوە هەر کـێـرە

١٣١

**دەوڵەمەندی ساحێب پارە**

خـەبەر چوو بۆ مـیـرە سـوورە
قـوربان شـێخ سـاڵح مـەغـدوورە
خـۆشی خـۆشی پێ کـەوت وتی
ئاگـرە سـوورە لە خـۆم دوورە
کـەسی فـەقـیـری بێ چارە
گـەر عـەیبی هەبێ دیارە
دەوڵەمـەندی سـاحـێب پارە
سـەد عـەیبی هەبێ مـەسـتوورە
ئاگـر ئەگـەر لە مـاڵی چێ
ئەڵێن ئاگـر نیـیـە نوورە
نە نوورەیلێ نە سـوورەیلێ
شـاپلێـتـەیلێ دەرقـوونەیلێ
قـسـەی جـوولەکـەی مـەشـهـوورە

١٣٢

**ماڵ مودیری**

مـاڵ مـودیری کـە خـەڵکی هەولێـرە
هەروەکـو مـووی خـایە بێ خـێـرە
سـوورەت و سـیـرەتی لە پیـاو ناچێ
ئەو قـوڕمـسـاغـە مـێـیـە یا نێـرە
من بەمـەخـفی کـە چووم و تێی فکریم
بەزمی غـەوغـایە مـەقـعـەدی کـێـرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیم حوسێن کردی قەسدی قەتڵی فەتاح
وەکــو یونس کــە دەس بەشــمــشــێــرە
حـەرەمی مـوحـتـەرەمی کـە لەعلی خان
خـەرمـەنی عـیـسـمـەتی گـەرای کـێـرە
ڕاوی ڕێوی هەمـــــوو لە بۆ کـــــەوڵە
گــورگ لە بۆ بەرخــە دێتــە ناو بێــرە
بەهری ئاودانی مــەزرەعــەی فــەرجی
جــووتەگــون جــووتە، کــێــریش ئاودێرە
وتم ئـەی بێ حــــــەیا تۆ نـاترسی
لە خــوای ڕۆژ و مــانگ و ئەســتــێــرە
وتی یاشــێخ ئەمــان مــەکــە مــەنعی
ئەهلی قــۆنیــان بەقــوونی ئەو فــێــرە
نیــیــە باکم گــەر ئەو خــەبیــســە بڵێ
ئەوە ئەشــعــاری لامــیــعی کــوێرە

١٣٣

کاتێک سمایلی مەلا خالید لە سەفەر هاتەوە شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی نووسیوە:

هاتەوە ئاشــووبی دەوران مــەردی مــەیدان هاتەوە
شــێـری یەزدان لەندەهۆری ئیبنی سـەعـدان هاتەوە
بۆ قــڕانی لەشکری ئەعـدا لە ناکـاو مـیـسلی بەرق
ئەسـغـەری صـاحـێـبقـران و لەعلی خـەفـتـان هاتەوە
هەوری میحنەت، بارِشی غەم، سەیلی ماتەم بوو تەمام
بەرقی تابان، میهری ڕەخشان، ڕەعدی غەڕان هاتەوە
پاڵەوانی پایتــەخــتی ســەفــدڕی شــێــرزاد خــان
تاج بەخشی کیشوەری مەغریب ئەلوب خان هاتەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەعـدی سـەفـدرِ مـالیـکی ئەژدەر هۆزبری پرِ هونەر
بیژەن و گیو، تووس و نەوزەر، پووری دەستان هاتەوە
حـەمـدولیـلا باز لە بۆ قـەتلّی سـەری تووانیـان
رِۆسـتـەمی مـازندەران سـامی نەریمان هاتەوە
ژێردەستی ئەسعەد ئاغا بووین وەکو مووری زەعیف
بۆ خـەلاصـیـمـان سـمـایل وەک سـولەیمان هاتەوە
دۆستان لەب توشنە بوون ئاگاه لە فەیزی لوتفی هەق
جـۆی نـیل، دەریای قـولزەم، بەحـری عـوممان هاتەوە
پێی ئەکا ئەتک و سیاسەت هەرکەسێ خۆی حەز بکا
قـاتلّی رِۆحی حـەمـە و جـەللادی وەسـمـان هاتەوە
لامیعی شاعیر بەهەر مەجلیسێ بچێ خەڵکی ئەڵێن
بولبـولی دەسـتـان سەرا، مـورغی غـەزەڵ خوان هاتەوە

١٣٤

**هەجووی حەمەی وەستا فەتاح**

هەزار ئەفـسـوون و جـادووی پێـوە ئاوێزانە ئەم ریشـە
عـیـلاجی گـەر ببێ یا گـووزە یا گـوێزانە ئەم رِیشـە
بەتەحـریکی تەڵێکی سـەد هەزار نەفـسی بەکـوشتن دا
رِەئیـسـی حـیـلەکـاران شـای قـومـاربازانە ئەم رِیشـە
بەبای سەرسەرِ لەشوێن خۆی ناجمێ رِیشەی ئەمەند سەختە
بەبێ حیکمەت نییە گەر جار بەجار لەرزانە ئەم رِیشە
بەزاهیـر سـافـە وەک زیوی سـپـی ئەمما لە باتیندا
رِەش و پیس و مـولەووەس وەک بنی قـازانە ئەم رِیشـە
بەمـەکـرێ ئەمـرِەتێنێ حـەز بکا هەر لێـرە تا مـوکـری
پەناهم دەی خـودایا خـاوەنی زۆرزانە ئەم رِیشـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که سەیرم کرد دەزانم شێخ لە من مەسرووورە یا عاجز
حەمەی وەستا فەتاح بۆ حاڵی من میزانە ئەم ڕیشە
هەزار هەوسار و دەسبەند و گوریسی لێ دروست ئەکرێ
بەسەد باتمان خوری گەر دەسکەوێ هەرزانە ئەم ڕیشە

١٣٥

**عیللەتی قائیم مەقام**

ڕەببی قەت تووشمان نەهێنی عیللەتی قائیم مەقام
ئێمە تابی حەرب و زەربی کێری پاشامان نییە
هەر کەسێ بیگێ دەڵێ ئەی ئافەرین سەد ئافەرین
دوژمنی ساداتە قەت باکی لە دان و مان نییە
دوو هەزار کێری پیا ڕۆیی نەخارا مەقعەدی
ئێمە میرم مەترەقی وەک سەنگی خارامان نییە
بیکوژن کێرخۆرە نامووس و حەیای کوردانی برد
قەت لە کوردانا دەڵێی پیاوێکی ئازامان نییە

١٣٦

**هەجووی سنەیی**

سوپەری ئەهلی سنە بۆ شەڕی بێگانە ژنە
خۆبەخۆ شەڕ دەکەن و ئەسلەحەیان هەر بەتنە
ڕقی هەڵسا سنەیی دێ لە سولەیمانی ئەدا
ئافەرین ئەهلی سنە ئەم ڕقەتان هەر لەکنە
ئەهلی ئێمە کە چووە شاری سنە، حوکمە ئەگێ
بەدوو شاهی و قەرەپوولێ ژنی کامیان مەزنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٣٧

### شێخەکە

دەردی لۆقەی گرت لەناکاو شێخە توهمەت کارەکە
ئەو قەیافەت حیزەکەی هەیئەت وەکو کەمتیارەکە
قۆخ وەهای لێ کرد لەجێی قۆخ کاشکی پۆخی دەخوارد
شێخەکەی دەم چەوتەکەی لچ گێڕەکەی لێو خوارەکە
کوردە بێ نامووسەکەی گۆرانە قورمساغەکەی
حیزەکەی، بێ دینەکەی، کەر بابەکەی، بێ عارەکە

١٣٨

### واقەواقی دڵ

واقەواقی دڵمە بەدەستی فیراقەوە
وەک ڕێوی کە هەردوو گونی بێ بەفاقەوە
ئیمان لەتەوقی سەرمەوە وەک واشە دەرپەڕی
سمتی کە دەرپەڕاند و سەری نا بەتاقەوە
موتریب لە عەشقی یاری عێراقی بەحەسرەتم
بۆم هەستە وردە وردە لە پەردەی عێراقەوە

١٣٩

### ویلایەتی بەغدا

گەر بڵێم بەغدا لە جەننەت خۆشترە هێشتا کەمە
چونکە سوکنای غەوس و کەرخی و ئیمامی ئەعزەمە
ئەی برادەر شاری بەغدا بێ حەسادەت بێ هەمە
زۆر ئەمین بە لەم حیسابە پێت بڵێم کورتە و کەمە
بۆ ویلایەت هیچ وڵاتێ هەروەکو بەغدا نییە
حاکمی عەدل و عەدالەت زۆر ئەمین و بێ غەمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٤٠

**مەستی ئەفەندی**

لێرە گایان ژنەکەی مەستی ئەفەندی بە سەرە
ئێستە بۆ بەسرە دەچێ بعد خراب البصرة
هێندە گەوادە گەر ئەولادی لە پێش چاوی بگێی
ڕیشی ڕادەگرێ کە ها کێر و گونی پێ بسرە
عەینی بەغدادییە بەخۆی چونکە لەبەرئاوی مەنی
مەقعەدی بەحرە، گونی قایغە، کێری جیسرە

١٤١

**بەرخە نێرێ**

قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە
دێم بەگژیا ئەیدڕم گەر (في المثل) شێری نەڕە
با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە

١٤٢

بەمارف بەگ بڵێن قەتعی معاشی من نەکا چاکە
زمانی من کە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زوححاکە
هیجا مەزمومە توخوا لێم گەڕێن با تۆبە نەشکێنم
(ولاتلقوا بأيديكم) غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە
مەعاشی مانگی کانوون و شوباتم تابەکەی نادا
کە ئازاری ڕەزا عەینی سمووم تەحسیلی تریاکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٤٣

یا حەرفی نیدایە ئەحمەق تەرخیمە
مونادای مەفعول مەعریفەی میمە
کەر و مەکتەبلی هەردوو مەفعولن
فیعل و فاعلی هەردوو مەجهولن
حیمار لە هەرحاڵ ئەو ساڵە و ساڵە
بەڵام مەکتەبلی دائیم بە فاڵە

١٤٤

بەدە ئاب و هەوای قەلعەدزە
کە سەگیشی لە عومری خۆی وەڕزە
ملی ئەهلی لەبەر لەڕی و چرچی
هەروەکو کێری پیری پشت لە کوزە

١٤٥

تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی شێخ صالح
بۆ دەکەی سەرزەنشتی من کە ڕەزا هەجاوە
غایەتی بەندە، جنێوم بەدوو سێ کەس دابێ
تۆ هەتا ئێستا بەقوربان بەهەزارت داوە

١٤٦

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵڵا لەم سەروریشە
کە گوێدرێژێ بەتەنها چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە
لە سەد باتمان خوری زیاتر نەبی کەمتر نییە وەزنی
سەرت چۆنی هەڵئەگری من سەرم سوڕماوە لەم ئیشە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٤٧

شێخ ڕەزا پیر بووە ڕووی مەجلیسی یارانی نییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
دەس بەگۆچان دەگەڕێ ئێستە لەبەر زیعفی وجود
مەترەقە سەر زلەکەی قووەتی جارانی نییە

١٤٨

پیریی بەتەنیا ڕەحمەتە
پیری و فەقیری زەحمەتە
پیرێکی وا گەورەم هەیە
دەرهەق بەمن کەم هیممەتە

١٤٩

شێخ موستەفا لە زمرەی ئەولادی مورتەزایە
هەر کەس کە خەسمی ئەوبێ دەیگێم لەلام غەزایە
حاجی ڕەسوڵی زادە مەفعولی شێخ ڕەزایە
ڕەزا بەنارەزایی وەک ماری بێ ڕەزایە

١٥٠

پیر کە کۆکی و نەترِی دوورە لە مردن هێشتا
وردە ئاهەنگی دوای کۆکە نیشانەی ئەجەلە
پیر کە کۆکی و تڕی دەنگی وەک بارە زەلە
شاهیدی موعتەبەرم عیززەتی مەئمووری تەلە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥١

ئەو مــریشک و کــەڵەشــێــرە کــە وتم بینێــرە
دووی لە ڕێ مــرد و یەکــێکی بەنەخــۆشی لێــرە
شەو هەموو دەس بەدوعا بووین لەوەختی سەحەرا
کەڵەشـێر ئەمری خودای کـرد و وتم وای شـێرە

١٥٢

هەر کــەسێ ناوی مــەلا ئەزیزە
بن گــونی دایم بەگــیــزە گــیــزە
بەخۆی گەوواد و ژنەکەی حیزە
خواردنی گووە و شەربەتی میزە

١٥٣

دەوری وەسمان بەگ لەکۆیە ژن نەما نەیگێن بەبە
نیسبەتی کۆیە لەگەڵ من نیسبەتی ئیبنە و ئەبە
ئەلغــەرەز ســـۆزانی و زانی لە کـــۆیی چاترن
موختەسەر چاکە قسە، کوونی بە، کۆیی مەبە

١٥٤

بووم بەمیوانی سەعید ئاغای وێڵە
هەر بنی ناخــوونێکی سـەد فــێــڵــە
لە سـەر و سوورەتی عـەجەب ماوم
ئەم قــوڕمــســاغــە گەمـاڵە یا دێڵــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥٥

**بۆ شێخ عەلی برای**

فـەرمــووتە ئیـجــتـیناب بکە لەو جـەنابەتە
شـێــخم ئەگـەر بزانی جـەنابەتە جـەنابتـە
پیر بووی و تەرکی ڕەوڕەسمی کۆدەکیت نەکرد
هەروا ئەزانی ئەووەڵی عـــەهدی شـــەبابەتە

١٥٦

لەخـەو هەسـتـاوم خـواربوو گـوێزەبانە
هەڵی دا ئـاگـــری جــــووعم زەبانە
دەهـات دەنـگی تـرم هـەروەک تـەرانـە
سەحەرگـاهان کە مەخموورییی شەبانە

١٥٧

تۆیش لە من بووگی وە شاعیر ئەی حەرامزادەی سنە
بووچە شـانێ ناحـەفـێنی مـەسـرەفی چەس ئەوتنە
عیزەت ئاهەنگی لەکوێ بوو ئەی کوڕی وەستا شەفێ
وردە ئاهەنگێ کـە فـەرمـووت هاوەلای وەسـتـاژنە

١٥٨

**وەڵامی وەستا شەفێ**

شاهم شیـعری خۆت وەرگرە کەم دەمـاغ و سەرسەری
ئەگەر من گەووادی سنەم تۆ پوشت و گەوواد و کەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥٩

**شێخ هۆمەر**

هەر لەناکاو زرمەیەک هات، کێی کوڕە؟ شێخ هۆمەرە
شێخی چی مردووت مرێ، بۆچی نەتگوت جاشەکەرە!!

١٦٠

موخبیر خەبەری داوە لەسەر موفتی کۆیە
حەسرەتکەشی شیری سەگە بۆ کەوچکە دۆیە

١٦١

تۆ بەتیری عیشقی شۆخێ جەرگی پێکاوت هەیە
ناو زکت مەجروحە بۆیە زەردە لیکاوت هەیە

١٦٢

لووتی وەک مەمکەکەنوو، چاوی دەڵێی کونگەبووە
بەدفەساڵی وەکو نووری، نە دەبێت و نە بووە

١٦٣

هەر کەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆییە
دەستی حیزیشی هەبێ ئەمجا بەتەحقیق کۆییە

١٦٤

لە ترسی ئافرەتەکانی ئەمێستە واقی وڕە
حسێن ئەفەندی دکتۆر ئەڵێی مریشکی کڕە

١٦٥

شێخ حەمید گەرچی قەبیلەی ئێمەیە
ئەحمەد ئاغای یەعقوبە ئۆغڵی ئێمەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٦٦

لەسـەر شـاه و گـەدا ئەم فـیـعلە فـەرزە
کـەسێ ئەلفـێکی بێ بینێ لە هەمـزە

١٦٧

ئاخ لە دەس شۆربای سلەیمان چاوەش و قاوەی خلە
ئەو دەڵێی ئاوی گـەڕاوە ئەم دەڵێی نەوتی گلە

١٦٨

هەتیوی لووس و بێ مووم من لە عومری خۆم گەلێ گاوە
لە سەمتی سمتی حەمادیم نەبرد، ئەم حەسرەتەم ماوە

١٦٩

**حەمادی وەڵامی ئەداتەوە**

ئەمێستا کە دەبێ تۆ دوودەکی بی لادە لێم یا شێخ
بڕۆ شەخسێ پەیاکە بیکوتێتە بن گونانت مێخ

١٧٠

گـیـر نەبوو دەستم لەبەر لووسی بەسمتی خڕتەوە
زۆر نەمـابوو گـەردنم بشکێ بەگـون خـۆم گـرتەوە

١٧١

کـوڕەکـەی قـوتبـە کـە پشـتی ملی دوو گـەز پانە
جلەکـەی لـێی بەشکم من جلە یـا کـورتانە

١٧٢

گـەر لە نامـوست ئەترسی های وەتەنگی تنتەوە
وەختێ بۆ تەکیە ئەچی دەس بگرە پشتی قنگتەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٧٣

ئەم بەیتەی شێخ ڕەزا لە وەڵامی بەیتێکی وەستا شەفیێی سنەیی داوەتەوە کە دەڵێت:

شەرمەکەم یا شێخ بڵێم هەی نامە ناو دوو لنگتەوە
مێکوتی گەورەم کوتایە دۆڵیانی دنگتەوە

١٧٤

چەند هەتیو خۆی تاس و لووس دا چوون بەپیری شێخەوە
کاشکی موویێ بوومایە من بەکێری شێخەوە

١٧٥

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە

١٧٦

من نەنانم خواردووە ئەمڕۆ نەگانم کردووە
وەک ژنی سەرکاسە، یاران بۆچی ژانم کردووە

١٧٧

شێخ عەلی ئەتواری باوکت تێک مەدە
(قل هو الرحمن آمّنا بە)

١٧٨

عەشرەت ئازاش بێ کە ناموسی نەبێ بێ فایدەیە
عەشرەتی بێ غیرەت ئەمڕۆ عەشرەتی داودەیە

١٧٩

ئاشی سمتی تۆ بەئاوی کێری ئێمە ناگەڕێ
ئاشبەتاڵی بۆ بکە گەر تاقەتی دانت هەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٨٠

هەتیـوی خـوێڕی و مـەحبـووبی سـادە
کە دەسـتت کەوت سواری بە و پیا دە

١٨١

حەرامزادە و داکی خۆگێ لەبەر تەکیە زۆرە
خلە و بلە و فشـە گاڵـتە و عـەزە دەم بۆرە

١٨٢

کەنیـەکەی فەقێ قادر چ ڕەعنا و زەریفە
بەتاپۆ هی حـەمـیدە، تـەسـەڕوفی لەتیـفـە

١٨٣

قامەتی بێ شک نـەمامی عـەرعـەر یا سەوسەنە
دەک فیدای ناز و گریشـمەت بم پەریزادەی سنە

١٨٤

چاوی عـیبرەت دانەوێن هەر لە سورقاوشانەوە
ئاوی سـووری ئێـمـەیە ئەڕژێتـە ناو زێتـانەوە

١٨٥

کـــاکـــە: قـــادرە بۆزە
دەســـتی شکاندم بەگـــۆزە

١٨٦

ئیـدعـای عـیلم و ئەم سـەر و سـەکوتە
سـیکتـری کـەن هەر بەشی سـۆکـتـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٨٧

حـــیـــزە هەر شـــوێنێ ئەووەڵی ســـینە
سلێـمـانی، سـەقـز، سـیـتـەک و سنە

١٨٨

تەعەجوب گرتمی لەوەی بەربوو لەو نەحسی قیرسیچمە
دوو لێـفـەی دا بەیەکدا خـاڵە مـەحـموود وتی لچـمـە

١٨٩

**شیعری شێخ ڕەزا بۆ مەلا حەمدوونی شاعیر:**

حـەمـدوون پیـاوێکی کـوێرە
قـوونی مـەقـعـەدی کـێـرە
کـەرکـووکـیـانی پێ فـێـرە

١٩٠

**مەلا حەمدوون وەڵامی شێخ ڕەزا ئەداتەوە:**

شێـخـمـە مـەحبـووبمە نووری هەردوو چاومـە
دەفعە دەفعە بۆ تەبەڕوک لێمی مەگرن گاومە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پیتی ی - ێ - یێ

١٩١

### کەڵەشێری کرماشانی

کـــەڵەشـــێـــرێ بەڕەزا لازمـــە کـــرمـــاشـــانی
زیرەک و چابوک و دەم گـــەرم و دڕ و شـــەڕانی
کەڵەشێـرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر
پڕ بەدەم بیـــپـــچـــڕێ وەک ســـەگی هەورامـــانی
کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف
ڕای ڕفـــێنـــێ بەشـــەقێ مـــیـــسلی کـــەری تاڵانی
بۆ حـــەواڵەی دوبری ئەو کـــەســـە خـــۆم ئەیزانم
دوو گـــونی پێـــوە هەبێ وەک دوو جـــەڕەی لەیلانی
بە درێژی وەکـــو مـــەولان بەگـــەکـــەی مـــیـــری بەیات
بەجـــەســـامـــەت وەکـــو کـــوێخـــا زلەکـــەی بیـــبـــانی
جینسی خۆی جووتە مریشکێ بەری حەملەی بگرێ
نەکـــو ســـوێی بێـــتـــەوە بێـــچـــارە لەبەر بێ گـــانی
ئەی نەقـــیـــب زادە بنێـــرە کـــەڵەشـــێـــرێکی وەها
بۆ ڕەزاکـــەی ســـەگـــەکـــەی قـــاپیـــەکـــەی گـــەیلانی

١٩٢

### ستایشی کاک ئەحمەدی شێخ

مـــەربووتە حـــەیاتم بەســـولەیمانی و خـــاکی
خۆزگـەم بەسـەگی قـاپیـەکـەی ئەحـمـەدی کـاکی
ئەو قـودوەتی سـاداتە کـە سـوککـانی سـەمـاوات
شـەڕیانە لەسـەر سـەجدە لەبەر مـەرقـەدی پاکی
ئەو مـەرقـەدی واڵایە کە وەک عـەرەشی موعەللا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەحفووزە بەزوواری مەلەک دەوری شوباکی
بۆ دەست و عەسا نازگەکەی، داخە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی بم سۆل و سیواکی
دونیا لە دوای حەزرەتی شێخ ژێر و زەبەربێ
وەک تاجی کەی و جامی جەم و تەختی زوحاکی
دەرحەق بەحەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی دەبم بابیی و داکی
بەم حاڵە پەرێشانەوە باز ئەشهەدو بیللا
شیعرت تەرەب ئەنگێزە ڕەزا شاعیری چاکی

## ١٩٣

### هەر بلووکێکی عەجەم

هەر بلووکێکی عەجەم حاکمی غەمزەکەنە بێ
موختەسەر پەروەرشی ڕۆحی بەئاوی سنە بێ
نائیبی گیانە بلاّنە مەکە بۆ خۆم ئەگەفم
مونشی باشی شەکەتم نازری مەمتۆ قنەبێ
عەینی سەرکار و تفەنگدارە لە بۆ ڕۆژی مەصاف
شیر و قەلّغان و قەمەی سمت و سورێن هۆ جەنەبێ
صەفی پێش خدمەتی ئەبرۆ بەخەتی وسمەکشاو
دەست و پێی نۆکەر و ئەجزای هەموو غەرقی خەنەبێ
ژنی ئەهلی سنەیە شوبهەیی پێ ناوێ ئەگەر
نرخی شەو شایی-یەکەو شەرتی سەرو هەم بنە بێ
دەعوەتی خان و بەگی شاری سنە ڕەفزە ڕەزا
بازیانیشی لە بۆ سوورەیی سەر ئاسنە بێ
نامەوێ لەززەتی ئەو خاکە جەهەنەم لە سەفای
سا دووسەد مەرتەبە وا گووی خلە لەو مەسکەنە بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩٤

## سوحبەتی شێخ عەلی

شێخ کە هام سوحبەتی شامار و نەدیمی حەمە بێ
شێخ کە دۆستی مچە ڕێژاوی و ئەحمەدی جەمە بێ
شێخ لەبەر جەلبی دڵی ئایشە کوڕانیی ژنەکەی
شیر بکێشێت و لە ڕووی والیدە دەستە و قەمە بێ
شێخ کە قودسییەتی پیرانی تەریقەت لە کنی
هەموو ئەفسانە و ئەفسوون هەموو گاڵتەو گەمە بێ
شێخ کە گەووادی وەکو خادمی سوججادە لەلای
سەییدی حوڕ لە سولالەی عەلی و فاتیمە بێ
شێخ کە قەسری حەرەمی گەییە مەقامی ئەعلا
سەر بلند کات و بڵێ شێخ ئەمە قەسری ئەمە بێ
شێخ ئەوا گۆی هونەری بردەوە کەشکەک سەڵەوات
شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە دەستی بەمە بێ

١٩٥

## حەوشەکەم

حەوشەیەکم هەیە بەقەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی دەکەم، بەشەو دەتەپێ
مەنفەز و درز و ئاودزی هەرچەند
دەیگرم، دەیکوتم، بەدەست و بە پێ
شەو کە هات دەم دەکاتەوە وەک هار
وا ئەزانم سەگە و بە من ئەحەپێ
سەروریشم لە تۆز و قسڵ و گەچا
وەک پەڵاسێکە پڕ لە ڕشک و ئەسپێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خــەمی شــاگــردەکــان زیاتر ئەخــۆم
گەورە هەر چاکە ئاخ لە دەس دەسوپێ
ژنی وەســتــاکــە بۆ چ نەگــێم توخــوا
ساق و سمت لووس و کوز پڕی دەرپێ

١٩٦

**شەڕی جەباری و داودە و کاکەیی لەگەڵ تاڵەبانی**

عــەشــایر بوون بەیەک تا ڕیشــەمــان دەرکــەن بەیەکــجــاری
جــەباری و داودە و کــاکــەییــیــەکــانی دایە ڕێزواری
قەسەمیان خوارد بەڕۆحی سەی براکەو گۆڕی خان ئەحمەد
بەکەللەی خووگ و شاخی گاوی حۆل و گۆشتی مرداری
دەبێ ئەمــڕۆ بەجــارێ قــەتعی نەسلی تاڵەبانی کــەین
تەق و تۆقــیــان کە هەســتــا گــوللە هەرووەک تەرزە داباری
ســوارەی تاڵەبانی دەرپەڕین وەک ڕۆســتــەمی دەســتــان
فــیــراریان ئــیــخــتــیــار کــرد ســەیدەکــانی باوە یادگــاری
فیراری کاکەیی هەر نەیسە، ئەمما گوێی فەلەک کەڕ بوو
لە جــرت و فــرتی ئاغــای داوودە و ســاداتی جــەباری

١٩٧

**برازا ئەزیزەکەم**

ڕووم کــردە بەزمی خــاسی برازا ئەزیزەکــەم
ئەمشەو بەسەد تەوازوع و ئیخلاس و سەرکزی
ڕوانیم لە درزی قــاپیــیەوە خــۆی و تابیــعــان
دانیــشــتــبــوون دوو ڕیزە لە دەوری خلەی کــزی
دەتوت تەمێ کــرابوو بەمــەحــســوسی قــاپیــەوان
خــۆی کــرد بەنێرەتورک و وتی: کــیم بیلیــر سزی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێم وت منم فـلانە کـەسم، مـامـە شـێخ ڕەزام
تانمزمـیـسن خـەمـیس ئەفـەندی مگر بیـزی؟
ئەم سـەددی بابە بۆ منە ئیـزهاری کـە تا بڕۆم
یان مەرحەمەت کە حیزە لە سەرما گونم تەزی
ئەمـجـا بەکـوردی هاتە تەکـەللوم وتی بەڵێ
کە شێخە حیلەبازەکانی قومارباز و کەردزی
وەختێ کە لەم مەعـامـەلە زانیم غـەرەز چییـە
دەرحـاڵ گـەڕامـە پاشـەوە ئەمما بەعـاجـزی

۱۹۸

## ماینەکەی کوێخا عەلی

کێ چوزانێ کـۆچەڵەی سـمـتی شکاوە یا ملی
وا لە حـاڵی حـەلوەلا مـاینەکـەی کـۆیخا عـەلی
چووم بزانم مـاوە یاخـۆ مـردووە وەخـتێ کـە دیم
شـادەمـاری سـسـتـە نابزوێ ڕەگی قـاچ و قـولی
دام بەسەر خۆمدا گوتم وا حەسرەتا بۆ ماینە کوێت
دەک بەمیـراتم کەوێ دەسبەند و هەوسار و جلی
نەبز و قارورەی ئەگەر سەد جار تەماشاکا حەکیم
دەردی نازانێ چیـیـە تاکـو نەکـا بۆنی سلی
گەر ئیمـامی عەسکەری نوێژی لەسـەر کا لایقە
چونکە موشـتـاقە بەوەسڵی ناڵەکانی چوارپەلی
کەسری ئەنفی دوژمنان و جەبری کەسری دۆسـتـان
هەر بمێنێ چاکە بەخـوا شـێخ ڕەزا و کـێـری زلی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩٩

**بۆچی ئەترسم**

دەرحــەقی بۆچی ئەترسم بەخــوا تا ئەمــرێ
چی لەدەست نایێ مەگەر بێ گونی ئەسپم بگرێ
بەخەبیسی نییە میسلی کە وەکو جەوهەری گوو
مەگـەر پێـوە بنیـشێ وەکـو سـەگ پێی دەوەڕێ
پێی بڵـێن بەو تەرەسە گـەر لەعـەلەیـهیم بدوێ
بەفــوویێ عــەزلی دەکــەم نابێ لەوێدا بتــڕێ
پدەری نێــرەکـەر و مــادەری وەک مــاچە خــەرە
کێ دەڵـێ ئامــادە، کـەربابە وەکـو کـەر دەزەڕێ
وەرە لادە لە شـەڕی ئالەتی مـەعـهــوودی ڕەزا
مـوقـتـەزای گـرتنە تەبعی بەخـوا پێت ئەکـڕێ

٢٠٠

**ئێستری زیندوو**

شێخ ڕەزا داوای ئێـسـترێک لە خـانمی وەسـمـان پاشا دەکـات ئەویش بۆ گـاڵتـە و بزواندنی شێخ ڕەزا بەمیرزاکەی خۆیدا وەڵامێک بۆ شێخ ڕەزا دەنێرێت:

ئێستری مردووتە مەتڵەب یا مورادت زیندووە
چاوەڕێی جوابم کەخواستت بۆت بنێرم تا زووە؟

ئەمە وەڵامی شێخ ڕەزایە کە لە چاپەکانی پێشوودا تەنیا سێ بەیت واتە شەش دێر بووە بەڵام لەم چاپەی ئێمەدا تەواوی قەسیدەکە تۆمار کراوە کە بریتییە لە حەوت بەیت واتا چواردە دێر. بەم جۆرەی خوارەوە:

٢٠١

ئێــســتـری زیندوو بڵــێم بۆم چاکـە یا مـردووم دەوێ
ئیــحــتــیــاجم زۆرە خــانم با بڵــێم هەردووم دەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـــاروباری خـــۆم و چەرمی دۆمی تیـــایە خـــانما
لەم سواری و یاری و جووت، لەو، کە یاڵ و دووم دەوێ
با ئەوەی پێشینی خۆت بێ وەعدەیی حورِ دەینە خۆ
بانگی پێغەمبەر لە ڕوو خۆشە منیش هەردووم دەوێ
نامـــــەوێ خــــانم بەڕووتی هەر دووانم پێ بدەی
بۆ سەفەر پێویستمە سەرباری پڕ تێشووم دەوێ
بێچووەکانم سەر لە سبحەینێ هەموو دەورم دەدەن
ئەو ئەڵێ پوولم نەماوە، ئەم دەڵێ بێچووم دەوێ
با وجودی ئەم هەموو تەکلیفە گێژیان کردووم
کوڕ خەیاڵی ژن ئەکات و کچ دەڵێ من شووم دەوێ
بێ ڕەزایە بۆ ڕەزای خوا چاکە نەیجووڵێنی چۆن
بۆ میانی هەردوو لا ئیخلاسەکەی پێشووم دەوێ

٢٠٢

**پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی مستەفا بەگی کوردی**

دڵی بردم بەناز و عیشوە دیسان شۆخی عەییارێ
فریبی دام بەسیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەححارێ
لە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکارێ
ئەمان مردم عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویساڵ یا قەتڵ یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ
لە دەوری نێرگسی مەستی کەسێ نەیماوە مەیلی مەی
لە بۆ شەهدی لەبی لەعلی دەناڵێنێ دڵم وەک نەی
لە تابی ئاتەشی عەشقی بکەم داد و فیغان تا کەی
ئەوەند سووتاوم ئەسلا تابی فەریادم نەما سا دەی
ڕەفیقان نیوە سووتن ئێوە، نامەرد عەرزە هاوارێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕێگەی عەشقدا نایانە پێم زنجیری مەجنوونی
لە دەستم چوو ڕمووز و دانش و فەهمی فەلاتوونی
وەکو شەخسێ کە زاری کا لە جەوری دوژمنی خوونی
لەکونجی سینە دەنگی ئای و ئۆی دڵ دێ بەمەحزوونی
وێران بێ نەمدی ساتێ لێی نەیێ ناڵەی بریندارێ

کە چاوی ساحیری دەستی بەغەمزە و ناز و ئیما کرد
مەتاعی عەقڵ و هۆش و دەرکمی تاراج و یەغما کرد
کەسێ نەیگوت دریغا کێ ئەتۆی وا شێت و شەیدا کرد
ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسواکرد
دریغ کووا حاڵزانێ ڕەببی تووشم بێنی بیماری

گوتم وەک سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێر پێت
لە ئولکەی حوسندا گەر لافی شاهی لێ بدەی لێت دێت
گوتی مەیخانە بێ دایم بەیادی چاوی مەستم جێت
سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من بپرسن لێت
بڵێ کێشایە مەیخانە دوو چاوی بێچووە عەییارێ

سەری جەنگی هەیە دایم لەگەڵ من چەرخی دوونپەروەر
نەبەختم یار نەچەرخم یاوەر و نەتالعم ڕەهبەر
ئەوەند بێ ڕەحم و ساحێب کینەیە دەرحەق بەمن دولبەر
لە نەزعا پێی ئەڵێم قوربان جەفا بەسیە دەڵێ کافر
ئەرێ چیت دیگە تۆ سەگ مەرگ کارم ماگە پێت جارێ

نەماوە ڕەونەقی بازاڕی عەقڵ و دانش و وردی
بەپوولێ نایکڕن لەو عەسرەدا عیلمی ئەدەبی وەردی
لە ئەشعاری ڕەزا پەیدایە ئاساری جوانمەردی
دوڕ و یاقووت دەبارێ لەم کەلامی شیرینی کوردی
خوا ساکوا لە دنیادا قەدرزان و خریدارێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠٣

شـــۆخێ بەئینابەت چووە لای زوهد فــرۆشێ
بۆ ئەخـــزی تەریقـــەت بەدڵی پڕ لە خــرۆشێ
خۆش هاتە جەواب‌و، وتی تۆ حەقتە وەلێ من
ســاڵێکە فــرۆشــتــوومــە ئیــمــانم بەقــرۆشێ

٢٠٤

ئەم دەغـڵە کە تەسلیمی دەکا شێخ بەهەجیجی
نوقـسـانی دەکـات هەر لە تەغـارێ دە کـەویجی
ئەسڵ و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی
بێ مــروەت و ئینســاف و حــەرامــزادە و بیــجی

٢٠٥

بەبێ من سوێند بدەن سندوق ئەمینی
بـەئـاین و بـەئـەرکــــــان و بەدیـنـی
لە عەهدی طیفلییەوە هەتاکو ئێستا
بەهەردوو چاویخۆی چەندجاری بینی
لە ســمــتی پڕ بەرێ حەیتـارە گەورەم
لە سنگی تێپـەڕی تا گـەییـیـە بینی

٢٠٦

هەمین نانەوا و خــەجێ ئاشــپــەز بێ
یابە لەگــەڵمــــان وا بەغـــەرەز بێ
ئەبێ شـــــێخ ڕەزا لـە برســـــا بمرێ
لەگەڵ شـێخ عـەلی هەر بەدوغـەز بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠٧

وەعـــدەی من و تۆ ئەی ڕەمــەزان ڕۆژی جــەزابێ
شــەرعی من و تۆ با لە حــزوور باری خــودا بێ
ئەم لالە ڕوخانە هەموو ڕەنگ زەردی دەستی تۆن
کێ دیویە شــەقــایق یەرەقــانی بەســـەرا بێ

٢٠٨

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە بێ مــوبالەغــە حــەرفی بەگــەوهەرێ
جــامــەی حــەیاتی عــارییــەت کــورتە زینهــار
ئالوودە دامــەنی مــەکــە بۆ پێــچی مــێــزەرێ

٢٠٩

حــاجی عــەبدوڵڵا لە ئادەم فــیلتــرە
با وجــوودی مــەرتەبەی پێــغــەمبــەری
ئەم بەسەد شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو
ئەو بەشــەیتــانێ لە جــەننەت دەرپەڕی

٢١٠

بۆ نیشانەی کوز بچووکی بێت و دەم نیشانە بێ
ئەهلی ئەم شارە کوزی کچیان ئەبێ زەنگیانە بێ
چاوی مــەهزووم کــزە لەم سڕە ناگــا ، عــاجــزە
بێت و گــەروابێ نصــیبی ئەم خڕەی سەرپانە بێ

٢١١

خــادیمی ســوجــجــادەیی پێــغــەمبــەری
کــەشــتی جــوود و ســەخــارا لەنگەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(اغنیـــا خـــواهند از انعـــامی تـو)
سـینی شـەکـراو و پڵاو دوو لەنگەری
ئەوکەسەی خوانی لەبۆ دێ سوبح و شام
چی لە ئێـمـە زیاترە غـەیرەز کـەری

٢١٢

**بەیتەکان**

لام وابوو پیرم بووم عەشق دەستم لێ هەڵئەگرێ
نەمـزانی داری وشک باشـــتـر ئاگـر ئەگـرێ

٢١٣

خانەقا، تەوبە لەسەید ئەحمەد و نان و خـوانی
لە تەعـــامی شـــەلەم و بامــیـــە و باینجـانی

٢١٤

قازی ڕەئیسی ئەووەڵ، تۆش موددەعی عوموومی
ئەم کـارە چۆن سـەر ئەگرێ لەعنەت لە بابی ڕۆمی

٢١٥

مەکەن باوەڕ بەقەولی داکی خۆ گێکانی کەرکووکی
ئەگەر خەڵەتی بکەن وا بزانە گاقۆڕانی، کەر کۆکی

٢١٦

دوێنێ قەترەیێ خوێن بوویت و ئەمڕۆکە کەفی خاکی
بەنی ئادەم کەری، گەر کەر نەبی بۆ چ هێندە بێ باکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢١٧

لەسایەی دەهری دوون پەروەر ئەمێستە لەک لە لەک ئەدوێ
بەکـــۆڵـێ کلکەوە ڕێوی لەگـــەڵ کـــەوڵـی دەڵـەک ئەدوێ

٢١٨

لە ســووڕەی ســەرخــڕم ئاگــر دەباری
کـوتامـە ژێر گـونی ئاغـای جـەباری

٢١٩

وەها مـەشـهـوور بووە (بين الأهالي)
هەتیـوی تەکیـەکـەی خـۆمـانە والی

٢٢٠

ساغ لە دنیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ
بێ هەزارت پێ نیشان دەم گەر قوڕمساغت دەوێ

٢٢١

وەسمان حەبەش و حەمەشین و ئەحمەدی حاجی
دەم دەم دەوەڕن وەک ســـەگ و توولە و تانجی

٢٢٢

خواستم لە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دووکانێ
بۆ تەجـــروبە نەیدا بە من دای بە دیانێ

٢٢٣

عـومەرم دی عـومەری پێشـووتریش گەر وا بێ
گەردنی شیعە دوو سەد دەفعە لە سەب ئازابێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٢٤

ڕەگی کـێــر ها لە گــونا هەر گــونە ئەی بزوێنێ
مەسەلەی کۆنە سەگ ئێسقان بەکلک ئەشکێنێ

٢٢٥

موسوڵمانان، موسوڵمانان، مـوسوڵمانی، موسوڵمانی
هەتیــوێکم ئەوێ خــەڵکی ســولەیمانی، ســولەیمانی

٢٢٦

ســەیرکــە زبڵ ئەســڵی گــوە و گــوڵ ئەڕوێنێ
باوکی وەک ئەمین بۆقـە کـوڕی وەک عـەبە دێنێ

٢٢٧

گـەر بێت و بەسـەد دەریا بـیـشـۆیەوە شێـخ باقی
پاک نابێتەوە هێـشـتا پڕ گووی سەگە لوولاقی

٢٢٨

پەتیـەی بەسـرەیی و مـێـزەری هیندیی من و تۆ
وەکو ڕەخت و شەقە بەندێ کە لە گاجووتی بدەی

٢٢٩

ئاوازی تـڕی، بۆنی تسـی، هەمــزە حـیــمــاری
ئافــاقی هەمــوو گـرتووە، وەک هەوری بەهاری

٢٣٠

درجـهـان هر کـه مـیـشــود بابی
مـەترەقی کەر بەمەقعـەدی بابی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٣١

بەجێ ما کاکە جاف خۆی و کڵاوی
دەری کرد ئافەرین خدری گڵاوی

٢٣٢

سەرداری لەشکر ئەگەر باوەل بێ
کێرم بەقنگی دەسا با وەل بێ

٢٣٣

مەعدەنی گەوهەری سوخن دانی
مەنەموو فازیل مەریوانی

٢٣٤

چەرمی ڕووی هێند قایمە شمشێری میسری نایبڕێ
گەر بەکەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ

٢٣٥

نە تۆ هەر پێشی موریدان چو شەکەر شیرینی
بەخودا ئەی پسەری شێخ تۆ هەر جاشە کەری

٢٣٦

هەر لە تۆم بیستووە ئەی کوێری لە یەزدان عاسی
زیکر و تەهلیلە بەخورشید و ئەڵڵاوەیسی

٢٣٧

موخبیر خەبەری داوە لەسەر موفتی کوێ
حەسرەتکەشی شیری سەگە بۆ کەوچکە دۆیێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٣٨

با جـەردە بیـبـا کــەوڵەکـەی ناجی
بەهار هات جلی پێ نـاوێ تـانجی

٢٣٩

وام ئەزانی ئێـوە سـاداتن مـەعـاشـتـان نابڕن
داخی داخـانم جەباری خۆ لە ئێـوەشیـان بڕی

٢٤٠

**شێخ ڕەزا هەجووی مەلا مارفی مەستی دەكات**

وتم ئەی شۆخی پەری چیـهرە ئەمەت پێوە دەچێ
وتی یارایی جـــوابم نیــیـــە خـــۆت ئەیزانی
وتم هەر لـێی ئەخـەم و تێی ئەبڕم مـەسـتی ژن
وتی هەر ئەزیەتی گـیـانم مـەدە خـۆت ئەیزانی

٢٤١

**وەڵامی مەلا مارف**

وتم ئەی شـــێـــخی درۆزن دەسی گـــاندانت هەیە
وتی ئـەم پرسـەتە هی غـەیرەیە بۆ خـۆت ئەیزانی
وتم ئەی دەستی گەواديت هەیە بۆ گـوڵچە؟ بەڵێ
وتی مانیع چییە بۆ دۆست؟ و ئەتۆ خۆت ئەیزانی

٢٤٢

**لەنێوان شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شوكری فەزڵیدا**

**هەجووی شێخ ڕەزا بۆ شوكری فەزڵی**

پووره شوکری بەسیە با نەتگێم و سمتت لەق نەکەم
دایکە کێر خۆرت هەواڵەی سووری سەر ئەبڵەق نەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیـــەتم بوو دەفـــعـــەیە خـــۆمت پیـــادەم باز وتم
نەقسە بۆ ئەمسالی من با گوێ لە هەر ئەحمەق نەکەم
من کــە شــاهبــازی شکارەندازی شــاهیم پێ دەڵێن
حەیفە با ئاهەنگی جەنگی سەرگەر و لەقلەق نەکەم
تۆ بەجـاری وەک ژنی فـاحـیـشـە پێت لێ هەڵبـڕی
نەء، وتم، خەیری نییە، چاوێکی گەر لێ زەق نەکەم
حیزە سا خۆت بگرە تا بۆت بێمە مەیدانی مەصاف
شەرت بێ هیچت پێ نەڵێم تا بن گونت نەستەق نەکەم
کـۆنە حـیـزی شـاری بەغـدا، لێم حەرام بێ شـاعـیری
گەر کوزی خوشکت وەکو ئەیوانی کیسرا شەق نەکەم
هەروەکـو مـەسـتـیم بەفـەردێ گـا، خـوا ڕۆحم نەبا
مولحیدی کافر مەزەب گەر تۆش بەئەو مولحەق نەکەم
من دەزانم کێ لە خـشـتـەی بردووی ئەمما چ سـوود
سەییدە، سەیید قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم
پێی بلێ با مونتەبیهـ بێ تۆیش گەنوو گوو بەس بخۆ
با سلێـمـانی بەجـارێ کـافـری مـوتلـەق نەکـەم
عـەهدە کـردوومە لە خزمـەت شـێخ ڕەزادا ورچە کوێر
نەیخـەمـە نـاو لنگی دایکت تا لە تۆی ئیرەق نەکەم

٢٤٣

**وەڵامی شوکری فەزلی بۆ شێخ ڕەزا**

گــوو مـەخـۆ یا شـێخ ئیـتـر با شـۆڕشێ بەرپا نەکـەم
خۆت و کـەرکووکت بەجارێ سـەربەسەر ئیفنا نەکەم
هێند حـەرەمـتم گـاوە، بێـزراوە لە چاوم بەسـیـەتی
با لە ناو لنگی ژنت پێـچـاڵی سـەد جـۆڵا نەکـەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مـــوددەتێـکە نامـــەوێ بیـگێـم و تـۆ لێـم نـاگـــەڕێی
با کـوزی وەک قـەلـعـەیی خـەیبـەر بەمـەتـرەق وا نەکـەم
دەستی چەوری خـۆت بەسـەر خەڵقا مـەسوو بێ ئابڕوو
مەستی ئەلحەق گاتی ئەم سیـڕە ئەڵێم ئیـفشـا نەکەم
شـوکـری هێندە قـودرەتـی زۆرە لەگـەڵـتـا بێـتـە جەنگ
ئەو ئەکا تەقیە و ئەڵێ تۆش شێخی هەجوت با نەکەم

٢٤٤

**شوکری فەزلی لە هەجووی شێخ ڕەزادا**

شـێخ ڕەزا عـەرزت بـگێم خـۆت بۆچی ئەحـمـەق کـردووە
قەوچە وەک ماکەر ئەکەیت و هەردوو گوێت لەق کردووە
پانیی سـمـتت کـاری خـۆ پـیـادانی زۆرە کـۆنەحـیـز
دیارە ئێـــشی نێـــشی ســـابیق چاوتی زەق کــــردووە
دوودەکی بووی تا ژنت هێنا و گــەوادیی هاتە ســـەر
قـەحبـە گـوڵچـینیش ئەتۆی گەووادی مـوتـڵـەق کـردووە
کــەس نەمـــا نەیگێ لە دەروێش و مــورید و دۆســتــان
من بەمـــەتـرەق بارەها کـــوزیم شـــەق و پەق کـــردووە
چەند کەڕەت پارەی گەوادیت لێ ستاندووم هەی تەرەس
ئەلعـەجـەب وا خـۆت بەشـێـخی تەکـیـە مـولحـەق کـردووە
شــاهـێـدی پێ ناوێ چەند جـار جـاشکی تێم بـردوویی
تۆم نەوەک هەر جارێ هەتک و پەتک و نەستەق کردووە
شـێخ ڕەزا مەعلوومە (ئەی شـوکری) بەد و بەدخولقـەتە
چەند کەڕەت کێرمی بەدەستی خۆی لە خۆی ڕەق کردووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## وەڵامی شێخ ڕەزا بۆ شوکری فەزڵی

شـوکـری لە داخی تۆ ئەمـە سـاڵێکە یا دووە
کـێـرم نەخـۆشـە حـاڵی پەرێشـانە کـەوتووە
جارێ بپـرسە موخلیـصەکەت چۆنە چۆن نـییـە
مـەحسـووبە کۆنەکـەت عـەجەبا ماوە مـردووە
کوشتـەی فـیراقی تۆیە عـیلاجی ئەگەر نەکەی
ئۆبـاڵی بەو ملەت کـە دەڵـێی نێـرکە کـاردووە
عـەمدەن دەڵـێم نەخـۆشە موراعـاتی تۆ دەکـەم
وەرنە دەمـێکە ڕوحی بەجـەننەت سـپـاردووە
گـەر من درۆ دەکـەم ئەوە دایکت بپـرسە لـێی
یایە بەدەسـتی خـۆی کـفن و دفنی کـردووە
شانە و خەنە و حەمامی حەرام کردووە لە خۆی
پاش ڕەحمەتی حەرامە لەمن سوێندی خواردووە
ئێـستـەش کـراسی چڵکنە نـاو لنگی کـولـکنە
وەک دێوەڵووکـە تووکی بەری بسـتێ هـاتووە
یایە ئەگـەر سـەگـرمـە بەژێر کـورکـەیا بچێ
هەر وا دەزانێ لاقــە مــەلێکی پیــا چووە
یایە کـە مـەعـبـەری دوبری و دەهلیـزی کـوزی
یـاتاغی ئەشـقـیـایە گـوزەرگـاهی ئۆردووە
شـیـعـرێ کـە تۆ بەچاکی دەزانی شـیـاکـەیە
نەزمێ کە تۆ بەیانی دەفەرمووی گەن و گووە
هەروەک تسێ کە جەوهەری خۆی دەربخا بە با
نامـووسی خۆت بەشـیـعری سـەفـیهـانە بردووە
بەم شـیـعـرە بێ فـەڕانەوە نابی بەشـێخ ڕەزا
زەحـمـەت مـەکـێشـە ئایینە کـاری ئەرەسـتووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٤٦

## وەڵامی شوکری فەزڵی بۆ شێخ ڕەزا

ڕێشـــانی کـێـری خـۆم کـه لە ژنتـــا ڕەتاندووه
ســەر سـمی داوه کـەوتـووه جـەرگی پســاندووه
هێند تەنکه قەحبەیه دەربەندی ناو کوزی گوڵێ
بێ چارەیەی خشـاندووه پەراسووی شکاندووه
یاشـــێخ ئەتۆش تەمـــاته ســـواری ئەلەم ببی
حاڵی خراپه سست و سەقەت ماوه ماندووه
کەڵبەت نەماوه حیزه که بێ سووده عەفه عەفت
پیـــری دووتایی کـردووی شـانت خـەفـاندووه
هەجوت کـه بەیتی کـوردییـه بۆ کـێرمی دەکەی
ئەم قـــۆڕەقـــۆڕه هیـــچـــه ڕەزا تۆم تڕاندووه
لێشاوی کێری مەتڵەبه گوڵچین وەگەر نه بۆچ
وەک تاقی پردی خـــاسـه کـــوزی داچەقـــاندووه
دامـــاوه، دێی زەبەللاحی تسـعـــینی بێـتـه پاڵ
بێ گـــانی تـاوی داوه کـــوزی داوەشـــاندووه
شـوکـری بەگـانی کـونی کـوزی بێـره نەزمـەوه
زۆری نەداوه، ســەد مله کـــێـــری تەقـــاندووه

٢٤٧

## شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا

حــــیـــزێ کـــه ئەگـــەر قـــســـه ببـــەســـتێ بەڕەزاوه
بێ شک بەحـــــەلاڵی لـه کـــــوزی دایکی نەزاوه
بێ حیکمەت و بێ قیمەت و بێ جێ نییه شیعری
عــومـری لە هەوەڵ تاکـو ئەخـیـــر تیـــا کـــه، ڕزاوه

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـوکـری گـەن و گـووخـۆری سلێـمـانیـیـە ئێـسـتـە
هەرچەندە کــە ئەمـــدی وەکـــو لۆتـی دەگــەڕاوە

٢٤٨

## وەڵامی شوکری فەزڵی

نابەســتێ بەناحــەق کــەسێ حــەرفێ بەڕەزاوە
ئـیلـلا کـــە لەبەر تـەبعی ڕەزایە لە خـــواوە
شیعرت کە بەخۆت مەدحی بکەی ئەلحەق میعرە
پێـی ناگــەیە ناو کــۆمــەڵ و ڕیزی شــوعــەراوە
خـۆزگـەت بەزڕە شـایـەرێ ئەی لۆتـیی -لووطی-
عـــومـــرت لە بەدیدا کـــە ڕزاویش و زڕاوە

٢٤٩

## شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا

چوومـە خـزمـەت یایە مـومـتـازم وتـی لاچۆ دزی
پێم نیشاندا ئەسڵی مەقصەد نایە بەردەستم کوزی
چەندە هاوارم لە کـێـرم کـرد نەکـەی فـیلە نەکـەی
گـوێـی نەدامێ خـۆی هەوادایە ناو قـەعـری کـوزی
هەروەکـو ماکـەر فشـی کـرد و لە ژێرما قەوچەقەوچ
ئافـەرین بۆ داکی شوکری و چاوی وەک کارمامزی

٢٥٠

## وەڵامی شوکری فەزڵی

خـۆت لە گـوڵـچین گـێل ئەکـەیت و کـاتی ئاشکاری و دزی
هەروەکــو دۆلـکەی تەکـێـی لـێ هاتووە دۆڵـچـەی قــوزی
مـــێـــرمنالـی بەرتـەکێ ئەو بالـقی کـــردوون هەمــوو
بـارەها کـــێــــرم لە قـــوزیا بۆ قنگـیـــشی هەڵـخـــزی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەهلی کەرکووک کەس نەما لێی تێر نەبێ ئەی کۆنە حیز
عـەیب و عــارت زۆرە دای ناپۆشێ ئەشـعــاری گـزی

٢٥١

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا**

من کـە بەشـوکری فـێرم، هێندەم گـاوە لێی تێـرم
کـاتێ کـە لەوم لادا عـایشـەم خسـتـە بەر کـێـرم
ئەویش ئەوەندە فـلّـقـە، خـۆمی لێ هەڵدەبوێرم
یایە نەیویست لەدەست چم زوو ڕابەی نایە ژێرم

٢٥٢

**شێخ ڕەزا بەیایەی دایکی شوکری فەزڵی دەڵێت:**

بەقـوزێکی ڕەش و قنگێکی گوویین
یایە خـۆی کـردە هەناری شـیـرین

٢٥٣

**وەڵامی شوکری فەزڵی بۆ شێخ ڕەزا**

باسی قـوز و قنگ ویردی مالّـتانە
بۆیە بابەتی شـیـعـرت گـاندانە

٢٥٤

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا**

نابەکـاری وەکـو ئەم جـووتە لەعـینە لێـرە
نەبوو قـەت ئەمـە مـوددەیەکی مـەدید و دێرە
ئەو بەترِ گوێز ئەشکێنێت و ئەمیش قنگ ئەدڕێ
هەردوو عـاسین لە خـودا کێـری من و ئەم کـوێرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٥٥

### وەڵامی شوکری فەزڵی

نابەکـارە، ئەمـە چەند وەخـتـە بەسـمـتت فـێـرە
هێندە بێ شـەرمی و سپـڵـەیت و دەڵێی بێ خێرە
گلەییم لێ مـەکە وەک خـۆت کـە کورپشـتم گـاوە
زیز مـەبە هەی قـوزی گـوڵـچـینی ژنت بەم کـێـرە

٢٥٦

### هەجووی شێخ ڕەزا بۆ شوکری فەزڵی

عـالـەم و دنیـا ئـەزانێ شـوکـرییـە کـوێر خـەرجی منە
شۆخ و شـەنگە هەروەکو ڕەققاص ئەڵێی موتلەق ژنە
دایکی حیزی خەڵکی بەغدا و باوکی گەووادی سنە
وەک بەدیعــەی بنت بەکــراوا بێ چواوو بێ بنە

٢٥٧

### وەڵامی شوکری فەزڵی

لـۆتی ڕەقــاص من نیم نـێــرەگــای پیــرەبنە
ئەی لە گــوڵـچــینی ژنت بەم (ئونـوەر دیدەن بنە)
بـۆچی نازانی لە کــوێیــە لـۆتیــاتی قــۆرییــە
هەمـوویـان شـێخ ژن ئەگـێن ئەویش ئەڵێ تینم نەنە

٢٥٨

### هەجووی شێخ ڕەزا بۆ شوکری فەزڵی و جەمیل صدقی زەهاوی

پێم مــەڵـێن ئـەم دوو ژنەت تـۆ بـۆ چیــیــە ئەی شــێخ ڕەزا
شــوکـری بـۆ تەسک و تروسکی و جــەمــیلە بـۆ سک و زا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٥٩

**وەڵامی شوکری فەزلی**

ئەو جەمیلەی تێی ئەبردی و لات جەمیل و لێی ڕەزا
شوکری شوکرت بۆ ئەکرد گوڵچین لە باخەڵیا خزا
عەیبە هێندە سپڵەبی تۆ زاهیرەن شێخ و مەلای
شاپلێتەی کێری من چەند جار بەدەرقوونتا خرا؟

٢٦٠

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزلی و جەمیل صدقی زەهاویدا**

ژن یەکێ بوو من هەر ئەمگوت ئاخ لە دەس ئەم جادووە
بۆچ قوڕی عالەم بەسەر خۆمدا نەکەم ئەمجا دووە

٢٦١

**وەڵامی شوکری فەزلی**

شێخ ڕەزا وا دیارە ئەمڕۆ مەیلی گاندانت هەیە
حازرم تۆش ڕێ و شوێنی خاصی میوانت هەیە
شیعرەکەت مەزموونی عیجزی تیایە دیارە چاوەکەم
شەرتە نەیهێڵم هەرچی خارشتی بن ڕانت هەیە

٢٦٢

**شوکری فەزلی بەم تەرجیع بەندە کە شەش بەشە هەجووی شێخ ڕەزا دەکات:**

شێخ ڕەزا عەرزت دەگێم خۆت بۆچی ئەحمەق کردووە
قەوچە وەک ماکەر ئەکەیت و گوێت وەها لەق کردووە
حیزە، ئێشی مێخی سابق چاوتی زەق کردووە
قەحبە گوڵچین تۆی کەوا گەوادی موتڵەق کردووە
من بەمەترەق بارەها کوزیم شەق و پەق کردووە
تۆم وەک ئەمجارە هەتک و پەتک و نەستەق کردووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٣

ئیشی زۆر زۆر چاکە دەروێش و فەقیری بێ نەوا
لنگی شێخ ژن تەوقە بۆ درزی کوزی کەشکۆڵی وا
هەر کەسێ هەڵسێ بەخێری خۆی شتێکی تێ ئەخا
پەستە بازاڕی حەدیدی باز هەتا خانەی ڕەزا
تاڵەبانی چین هەموو گەوواد و بێ شەرم و حەیا
گەر مەکانیان بۆ نەبێ ژنیان لە تەکیەش هەر ئەدا
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٤

وا لەسەر شێخی برات ئیسپاتی گەووادی کرا
وەقتێ لێ خەن تا بلێین خەڵکی لە بۆ بابی ترا
بۆچ لە مەشاکی قەلەندەر کۆمی ژنتان دادڕا
کۆمەڵی کوڕ قیمەتی ئەعلای بە پوولێ دانرا
خانەدانی شێخی ئاخر خانی دانتان وەرگەڕا
کەس نەما بێ تۆ نەکا هەتا بەهیندیش درا
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٥

گوو مەخۆ یا شێخ ئیتر با شۆڕشێ بەرپا نەکەم
خۆت و کەرکووکت بەجارێ سەربەسەر ئەفنا نەکەم
با لە ناو لنگی ژنت پێچاڵی سەد جۆلا نەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با کـوزی وەک قـەلعـەیی خـەیبـەر بەمـەترەق وا نەکـەم
مەستی فـیـعلەن دایکی گای ئەم ڕازە با ئـەفشا نەکـەم
من ئەڵـێم تۆ شـێـخی هەجوم مـەکـە با هەجـوت نەکـەم
باوکی مـەعلوومت نـیـیە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گـوو بەکـوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٦

ناوی ســەید بۆ چ ئەبەی دەیووسی بی نام و نیــشــان
گــورگــە بو دومــبــە ســورینی کـۆنە حـیــزی تاڵەبان
واقــیــعــا ئەو پێی وتم یەک یەک بگێ دایکی ئەوان
هەر لەسـەر قیـتکەی ژنت سـەد مێـخی جافم داچەقان
چی بـوو تەقـصـیـرم لە خـزمـەتتـا هەزارم لێ نەگـان؟
لێـرە دەتوت شـێـخ عـەلی گـەوواده چی بوو فـەرقـتـان
باوکی مـەعلوومت نـیـیە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گـوو بەکـوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٧

من بەئـاشـــووبم بەجــارێ خــان و بانووتان ئەگــێم
ئـیـبنی مـەشـهـوورتان دەیـیـوس و بەدخـووتـان ئەگـێم
هەر لە کـوڕ تا کچ لە ساڵێ سەد هەتا دووتان ئەگێم
حــەوش و کــۆڵان و بیــر و دار و پەردووتـان ئەگــێم
شەرتە هیچی دەرنەکەم تا کووپە و کەندووتان ئەگێم
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٦٨

### لە نێوان پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆش و شێخ ڕەزادا

#### ١- هەجووی شێخ ڕەزا بۆ پیرۆزە

حەسەن کەنۆشەن، حەسەن کەنۆشەن
ئینە کناچەی حەسەن کەنۆشەن
کەلەش، شلّەقیاو، ناوگەلّەش بۆشەن
کونای قیرینەش دایم وەجۆشەن
کورکەش دێوانەی کەلّپوس نەدۆشەن
بەلۆکەش، لۆلۆن، چۆن گەدەی مێشەن
هەر لۆیێ جەویش چل کێر نەتۆشەن
وێنەی هەر وەفاڵ هەر وەخرۆشەن
پەی کێر قەوی خەیلێ پەرۆشەن
بۆس و کەنار و خەلّوەتەش خۆشەن

٢٦٩

#### ٢- وەڵامی پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆش

ڕەزا وەزەفتم ڕەزاوە زەفتم
هیچ کەس نەکەردەن تەعەدا زەفتم
دەمت وەمابەین چالّی ئەشکەفتم
بچێ وەچاوتا تابکوکی چەفتم
ترم تەمیرەت، تسم سازت بۆ
کوسم بەفناوای دەست نمازت بۆ
ئانە چەند وەقتەن ئەحوالّت پرسم
لووتت وەکونم دەمت وەکوسم
وەی عابی دڕیاری لاشانتەوە
وەی ماینەشێ یالّ پانتەوە

وێنـــەی چـاوەشـــی دەهـــۆڵ وە دۆشـــی
عـــەیانەن لوسکەی حـــەســـەن کـــەنۆشی
بێ تەقـیـــە و حـــەیا بێ شـــەرم حـــوزوور
گـــانکەر ژنت مــــەکـــێـــشی وەژوور
خـــــزمــــەتکارانت هان لە کنتـــــەوە
مـــەوینی کـــە ڕۆن وە کـــوس ژنتـــەوە
هەر لە منداڵی تا ئـێـــســـتـــە بوویتـــە
کـــەلەش خـــۆت وەبان چەن کـێـــرێ دیتـــە
ئیـــســـلامـــان بۆ خـــودا، ب ونە شـــایەت
شـــەرعـــمـــان بکەن وەڕەسم و عـــایەت
بزانن ئـێـــمـــــە دوشـــمن ســـابیق نین
سەبەب ئەی ئەشعار بەدفەڕەش پەی چین
یـەقین جـــە شـــویە دەرد هارییـــەن
ڕەوشت زوشت و مـــــەرد ئـازارییـــەن
بوینـۆن وەحـــەق خـــەتا جـــە کـــامـــەن
مـەعلووم ڕووسـیـای خـەواص و عـامـەن
ئەومـان پەساوپەس سواری هەر کـەرکـەن
خـــۆڵ و دۆڕێز و لە شـــــار وەرکـــەن
ئەی شێخ دین خاس ئەی شێخ دین خاس
حـــەکـــاک دانا پســـپـــۆڕی ئەجناس
ســـەگی دندان گـــێـــڕ ئاشنا نەناس
پەی چیـیـەن دووری جە ڕا و ڕەسمی ڕاس
تایفـــەی شـــمـــری شـــومی ئەلخـــەناس
گـــەمـــاڵی گـــەور، جـــە کێ دەکـــەی پاس
یازوخـــەن تۆ کـــوڕ شێ ئەوڕەحـــمـــانی
ڕیش چون گـــەندەمـــووی بەری ســـۆزانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حـــەیات نەهێـــڵا پەی تاڵەبانی
وە هەر چوار مـــەزەب لایق نەمـــانی
ئـای بۆ دەلاکێ ســـــەرت بتــــاشێ
ڕیشت قــوت بکا چون کلکی جــاشێ
ڕەزا لەی کـــارە پەشـــیـــمـــان بێـــوە
بـزانی ڕەزای خـــــوا ها وە کـــــوێـوە
بەخــشـــمـــەت وەخـــوا وەرنە دەتوانم
کـەللەت بنێـمـە نێـو جـفـتـەی ڕانم
وێنەی ســــەگ هار تا نەتـخنـکێـنم
عـــەهدەن کـــەللەتی لێش دەرنەهێنم
ئەمن تەقـیـەی شـێخ عـەلی ئەمگرێ
ئەرنا عــــیـــلاجی ڕەزام پێ دەکــــرێ
مــەعلوومـــەن ڕەزا کــوناى دەخـــورێ
هەر بەم ڕەوشـــە لە خـــشـــتـــە دەبرێ
دەســــتـــە لاوێکی دەنێـــرمـــە تەک
کـونا و کـیس گـونەش بکەرۆن وەیەک
بوێتــــــە پەند و لەی کــــارە لاچێ
پەی شـێخ عـەلیـیـەم دەسم تێش ناچێ
شێخ عەلی تۆ شێخ ئەی شارەی چییە
ڕەزا نامـــووس و حـــەیای لا نیـــیـــە
عـــالەم جـە ڕەزا دەروون پڕ ئێـــشـــەن
تەحـقـیق تۆش جـە ئەو دڵت وەڕێشـەن
ســـەرەش پانکەرۆ چون مـــار ژاردار
پەند پێـــشـــینەن شـــەرع مـــار وەدار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٧٠

**هەجووی شێخ ڕەزا بۆ کناچەی حەسەن کەنۆش**

هەرکێ لە بەرەی حەسەن کەنۆشە
کونای قیرینی بۆ کێر بەجۆشە
بێتە حوجرەکەم لە تەکیەی خۆمان
ئەمەی تێ بڕم هەتا پێی خۆشە

٢٧١

**وەڵامی پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆشی**

لە دوورۆ هاتی وەمزانی پیاوی
نەمزانی بنچک سەگ پیا ڕیاوی
کونای قیرینەت گەر وەجۆش نییە
ئەم دەم درێژییەی تۆ لە پای چییە
مەعلووم ئەو شیعرەی بەتۆدا چڕیم
تێری نەکردووی هەی لە دەمت ڕیم

٢٧٢

**شێخ ڕەزا هەجووی شاعیری کاکەیی یەسوو ساوک دەکات**

یەسووگاوەکە یەسووگاوەکە
چیشتان کەرد چەنی سیاهـ گاوەکە
وەختێ بر ئاما چە زویلاوەکە
شەق و پەقیان کەرد جە کەلاوەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٧٣

**وەڵامی یەسووساوک بۆ شێخ ڕەزا**

کاک شێخ هەر کە کاک شێخ هەرەکە
دەم کـوّڵ و سم خـڕ چەم سـیـاوەکـە
خـڕەوە بیـتـان مـاڵدار و بێ مـاڵ
دەورتان داچەنە وەک پیـرە گـەمـاڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هەموو ئەو نووسینانەی پیرەمێرد کە من بینیومە بەشانازی و پلەی بەرزی شاعیرانەوە باسی شێخ ڕەزا دەکات. تەنانەت لەو وەڵامەیدا بۆ شێخ ڕەزا لە بارەی شیعرەکەی شێخ ڕەزاوە بۆ خانمی وەسمان پاشا، هیچ ڕق و دڵگرانی و زویربوونێکی پیرەمێردی پێوە دیار نییە، لە لاپەڕەکانی دوای ئەم نووسینەمدا زیاتر ئەمە ڕوون ئەکەینەوە. ئەمە چەند نموونەیەکە لە نووسینی پیرەمێرد لە بارەی شێخ ڕەزاوە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٨٥٢- ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ بەبۆنەی چاپی دووەمی دیوانی شێخ ڕەزاوە نووسیویە:

«چەند جار نووسیومە لە ڕووسیاوە ئەهاتمەوە لە بەحری (سیا)دا لە (واپۆڕ)ا (ملک الشعراء)ی شیرازم دی بۆ کەعبە ئەچوو. لە گفتوگۆمدا لە وڵاتمی پرسی وتم سلێمانی بەشەوقێکەوە غەزەلی (زوڵفی یەڵدا)ی سالم و قەسیدەی (شاهو ماه)ی شێخ ڕەزای لەبەر خوێندەوە. ئەمەندەم لا خۆش بوو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. ئینجا ئەو شێخ ڕەزایە کە لە جیهانی شیعردا نووری ئێمەیە و پێغەمبەری شیعرە، وا ئەمجارەیش دیوانەکەی دەرچوو».

هەروەها نووسیویە شێخ ڕەزایش کە من پێی ئەو لەسەر شانی شاعیرەکانمان دەبینم مەولەوی نەبێ کەوا بەشاهۆوە.

ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٨١ ساڵی ١٩٣٥

بۆ بەگزادەی تان و پۆشاوریشم

حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف

شێخ ڕەزا-یش کە من پێی ئەو لەسەر شانی شاعیرەکانمان دەبینم (مەولەوی نەبێ کەوا بەشاهۆ)وە هەجووی لەگەڵ مەدحی دەریای بەگزادەی جافی ئێوە بەراورد بکرێ خوێی چێشتە. من خۆم ساڵەها لە خزمەت مەحموود پاشا و وەسمان پاشادا بووم کە شێخ ڕەزا خێڵە و خوار و خێڵە و

ژوور دەهات. مووچەی خۆی وەردەگرت زۆر شیعری مەدحی مەحموود پاشا و وەسمان پاشای هەیە. کە لە دیوانەکەیدا نییە. حەتا جارێکیان کە مەلا محەمەدی سنەیی پێش خزمەتی خانمی ئەنگاوتبوو خانم جوابەکەی بەمن نووسییەوە. شێخ ڕەزاش هێشتا مووچەی بۆ نەچووبوو ئەمەی نووسیبوو:

٢٧٤

کجا شد ان عنایتها دیرین
کجا شد ان کرامتهای پیشین
نەگاهی پرسیدم خانم نەپاشا
نەیارم میکند خسرو نەشیرین
ازین جانب نمیدانم سبب چیست
ازین جانب مگر کلای بید بین
نترسد از زبان اتشینم
(جعلنا رجوماً للشیاطین)

٢٧٥

**منیش لەژێر کاغەزەکەی ئەودا نووسیومە:**

زچای تلخ کامت خواند شیرین
دهانش ریش بادان مرد کج بین
کە کیخسرو بەکیخسرو شبیە است
کجا شیرین بود چون حوری عین
تو ان حوری کە از پاداش خیرات
زجنت امدی باعزو تمکین
ملا محمل کش و نادر ندیمست
رضا نبود کە خوانندش شیاطین

ڕێکەوت وابوو شێخ ڕەزا خۆی ئەو ڕۆژە هاتە هەڵەبجە تاهیر بەگ دەم و دەست ئەو شیعرانەی گەیاند دەست بەجێ پەسەندی کرد. بڵند پایەی شێخ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەزا لە شیعردا چۆن بوو شان و شکۆھ و سەخا و سەرداریی عەشرەتی محموود پاشا و وەسمان پاشا و خانم سەد چەندانە نیسبەت بەھەموو عەشائر بوو. چەفائدە ھەر خوا ئەتوانێ ئەمە بکا. لەم چەندانەدا ھەوارگەی زەڵمی ماڵە گەورەی لەو شوێنە کە یازدە بارەگا و خەیمەی بەگزادەکان و جلوەی نەونەمامانی لێ بوو دڕک و داڵ و قەل و داڵ جێنشینی و خۆنوێنییان دەکرد. نوری دیدە لەباتی ئەوەی کە بەقەڵەم دەبدەبەی دێرینەتان یاد ئەکەن، لەگەڵ ئەوە ھەوڵ بدەن ئەو ئاردەی لەناو دڕکی ھەوارگەدا پەخش و بڵاوبۆتەوە کۆ بکرێتەوە. ھیچ نەبێ دوو برا لێک نەبن بەدوو برا، ڕەشماڵتان بەوە خرا. ئاخ، برینی گەڵکەت کولاندمەوە ئەوانەی لەوێ نۆکەری و چاپچێتییان ئەکرد ئێستا ڕێتان لێ ئەبەستن.

پیرەمێرد، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٨١ ساڵی ١٩٣٥

## سەرنجێکی پێویست

لەو ڕۆژگارەدا ساڵی ١٩٨٧ کە سەرگەرمی ساغکردنەوەی شیعرەکانی پیرەمێرد بووم ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا و پیرەمێردم لەبەر دەستدا بوو بۆ لێکدانەوەی ماناکانیان مامۆستای ئەدیب و فارسی زانی شارەزا عبدالقادری دەباغی یارمەتیی دام و ئەمەی نووسی:

«شێخ ڕەزا نامەیەک بۆ وەسمان پاشای جاف دەنووسێ گلەیی لێ ئەکا کە نەخۆی و نەخانم واتا خانمی وەسمان پاشا ھەواڵیان نەپرسیوە و پاشا و خانم بەخسرەو و شیرین دائەنێ و دەڵێ: من شێخ ڕەزا ھیچ لە خۆمدا شک نابەم بەڵام ڕەنگە مەلای بێ دین شۆفاریی کردبێ و ئێوەی دەرحەق بەمن بێ لوتف کردبێ، مەگەر ناترسێ لە زمانی ئاگرینم کە وەک برووسکەی ئاسمان ڕەجمی شەیاتین دەکا.

شیعرەکانی زۆر ڕەوان و پڕ مەعنایە و دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زمانی فارسیدا بەباشی دەگەیەنێ بەڵام پیرەمێرد (دوای فەوتی شێخ ڕەزا)[1] وەڵامی دەداتەوە خانمی وەسمان پاشا ھەڵدەکێشێ و دەڵێ: ڕەزا کە دەمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاڵ بووە لەبەر نەناردنی دیاری، تۆی لە جێگەی شیرین داناوە کە دەم بریندار بێ چونکە کەیخوسرەو بەکەیخسرو دەشوبهێنێ، بەڵام کەی شیرین دەبێتە حۆری بەهەشت تۆ ئەو فریشتەی کە لە جەزای کردەوەی پڕ خێرت کە لە بەهەشتەوە کەوتوویە سەر زەوی، مەلا کەژاوەت ڕادەکێشێ و نادر لەبەردەستتایە و ڕازی نابێ کە پێیان بێژن شەیتان و ناویان لێ بنێن.

پیرەمێرد هەڵەیەکی کردووە کە لە باری مێژووییەوە جێگای سەرنجە چونکە مەبەستی شێخ ڕەزا لە خوسرەو خەسرەو پەروێزی بەناوبانگە بەڵام کەی خوسرەو لە مێژووی ئێراندا کەی خوسرەوی پێشدادیە کە دوای کەیکاوس بووە بەشای ئێران بەداخەوە شێخ ڕەزا نەمابوو دەنا خۆی وەڵامی دەدایەوە».

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەم کێشەیە بەم چەند خاڵە یەکلایی بکەمەوە:

١- هەتا ئێستا هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا و پیرەمێردیان کردووە. ئەو نووسینەی پیرەمێردیان نەدیوە کە من لە لاپەڕەکانی پێش ئەم باسەدا نووسیومەوە و ڕاستەقینەی مەسەلەکە پیرەمێرد خۆی باسی دەکات.

٢- وەک پیرەمێرد نووسیویە شێخ ڕەزا وەڵامەکەی پیرەمێردی بینیوە و بەدڵی بووە. پێشتریش پیرەمێرد پێش ڕۆیشتنی بۆ تورکیا واتە پێش ساڵی ١٩٠٠ چەندین جار شێخ ڕەزای بینیوە کە هاتووە بۆ لای مەحموود پاشای جاف و خانمی وەسمان پاشا و بەگزادەکانی جاف. تەنانەت مامۆستا عەبدولقادری دەباغی پێی وابووە کە لە ژیاندا نەماوە، لێرەدا ئەو هەڵەیەمان ڕاست کردەوە بەپشت بەستن بەنووسینەکەی پیرەمێرد خۆی.

٣- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دیسان لای وابووە کە پیرەمێرد شێخ ڕەزای نەبینیوە و شێخ ڕەزا بەم وەڵامەی پیرەمێردی نەزانیوە و دوای کۆچی دوایی ئەو واتە دوای ساڵی ١٩١٠ نووسراوە. چونکە مامۆستا خاڵ ئەم نووسینەی پیرەمێردی نەبینیوە.

٤- شایانی باسە پیرەمێرد هەموو بینینەکانی و هاتوچۆکردنی بۆ لای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشا و خانم و وەسمان پاشا پێش ڕۆیشتنی بووە بۆ تورکیا چونکە کاتێک کە پیرەمێرد لە تورکیا گەڕایەوە واتا ساڵی ١٩٢٥ کەس لەو زاتانە لە ژیاندا نەمابوو. وەسمان پاشا ١٩٠٩، مەحموود پاشا ١٩٢١ خانمی وەسمان پاشا -عادلە خان- ١٩٢٤ کۆچی دواییيان کردبوو.

## بەتەنقیدێکی ئەدەبیات هەندێ لە دیوانی شێخ ڕەزا ئەدوێین

نووسینی: پیرەمێرد

شیعر و شاعیری وەک بیستوومە زۆر کۆنە، ئێمە شارەزای یۆنانی قەدیم و ئەوروپا نین، تەنها ئەوەندە ئەزانین کە لە ئێراندا ئەڵێن شیعر لە (بارام گۆر)ەوە هاتووە کە وتوویە (منم ئەو شیرە ژیانە و منم ئەو فیلەیە) گوایە هەر واتەیەک کە بەپێوانە لە ئەندازەی یەکا دواییشیان یەک ئاهەنگ بووبێ ئەوە شیعر بووە. تا دەوڵەتی ساسانی کە (رودەکی) بەستەی شیعری خستۆتە تەرزێکی جوانەوە لەو ساوە شیعر لە برەودا بووە و هەموو پادشاهان زۆریان پێ خۆش بووە. عەرەبیش بەجاهیلییەوە تا پێغەمبەری خۆمان (دروودی پاکی یەزدانی لەسەر بێ) خەرقەی موبارەکی خۆی پێ بەخشیوە. چەندێک شیعریان کردۆتە سەرمایەی پارە پێ پچڕین و بەدگۆیی و بەزبان درێژی پیاوی گەورەیان ترساندن. ئەمەشیان ناو ناوە (هەجوو) -بەدگۆیی- لە ئێراندا هەجوو گەیشتە پایەیەک بۆ دەماخی خەڵک دەربارەی ژن و برا و کەسوکاری خۆیان ناساز و ناڕەوایان ئەگوت. لە سێ پێغەمبەرانی شوعەرای ئێران یەکێکیان ئەنوەرییە کە وتوویە:

انوری را زنیست زانیه
که ازو هەر کە در جهان زانست
تاجهانست کیر در کس او
ای دریغا مە این جهان فانیست

ئەمە بەژنەکەی، دوای ئەوەیش بەکوڕ و کچەکەی ئەڵێ:

انور براست دختر و پسری
هر یکی بر خلاف اهل دعا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

این یکی دست خود نهد بەزمین
وان دیگر پای خـــود کند بەهوا

ئینجا کە پێغەمبەری شیعر ئەمە بێ و پەیڕەوی بکرێ ئەبێ ئومەتەکەی چە بی؟! ئەم نەریتە ناهەمـوارە لە ئێراندا زۆر کاری کردە سەر پەروەش و ئەدەبیش و ئەو پەیڕەوییە زیاتر بۆ شێخ ڕەزای شاعیری وەهبی و ئیرتجالی مـایەوە. مـاڵی مـایەی هونەری شـێخ ڕەزای بەقـوڕ گـرت، شـێخ ڕەزا گـەوهەرێک و جـەوهەرێکی هەبوو ئەتـوانم بێ پەروا بڵـێم نەک لە خـاکی کوردستاندا سایەی ئەو لە جیهاندا بوو لە جیهاندا مانەندی نەبوو. جارێ هەرچی وتووە هی خۆیەتی، لە کەسی نەدزیوە. لە فارسیشدا شێوەیەکی بۆ خۆی داناوە دوای ئەو کەس نایگاتێ. بەڵام ئاخ هەمـووی بەکەلکی (دنیا لەگیری) ئەنوەریدا خەرج کردووتەوە لە زیندەگانیشدا لەبەر ئەمە ڕەنجەڕۆ و سەرەڕۆ بووە. ئێستا لە بەختی ئەو ئەوروپایی شیعریان کردە فەن و ئەدەب و ناویان نا ئەدەبیات. لە کوڕەی زەمیندا لەناو هیچ مللەتێکدا ناوی دوو سـەرەکـاف لە هیچ لاپەڕەیەکـدا نانووسرێ (حـەتتـا ئـادابی مـوعـاشـەرەتی ئیـجتـمـاعی) شێوەی هەڵکردنی کۆمەڵە قانوونێکی وای داناوە هەر کەس لەکـەیەکی ئاشکرای لەنگی و بەدنامـیی پێـوەبێ! تۆ پێی بڵێ ئەو خـوەت هەیە باڕاسـتـیش بێ، جـەزایەکی قـورسی هەیە. لەم دەوری ئەدەبەدا وەرن تەماشای دیوانی بکەن لە لاپەڕەی چوارەوە چەند ناموسی خانەدانی گەورە پایەماڵ کراوە یەکجار بەکۆمەڵ بۆ سەر کەرکووک و سلێمانی چی بێژراوە چە جای مام و برازا، فیچقەیەکی پیس کە بەهەموو سەوروچاوا هەڵپژابوو کـەوتبـووە ژێر پەردەی فـەرامـۆشـیـیـەوە. نازانم خـزمـانی بە چە هۆش و هەوەسێکەوە بەڵێنی چاپکردنیان دا.

وا چەند کەسێکی وەک من کە بەچاویلکەی کۆنە شایەری جوانی ئەبینن. ئەوانەی جـوێنی پیس بەباوک و باپیـریان دراوە بۆ ئەمـەی بڵـێن شـیـعـرە چۆنیـان لا خـۆش ئەبێ. درێغ بۆ دەبدبەی بڵندی شاعـیـریی شێخ ڕەزا کـە ڕەوش و گـەردشی زمـان شـێـواندی و ئەمـەیش نەواندی باز شـێخ ڕەزا هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو دیوانەدا شیعری وای هەیە ئەمەندە بڵندە پایەی شاعیری ئەو نانەوێنی و هەموو جنێوێکی پێ دەبەخشرێ. ئەمە ئەوا! ئەی لە چاپەکەی کە هەموو سەر و گوێلاکی شیعرە جوانەکانی شکاندووە. چی بڵێین، قەی ناکا، خوا حسابە، ڕادێین.

پیرەمێرد، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٤١ مایسی ١٩٣٥

٢٧٦

**شیعری شێخ ڕەزا بۆ شێخ سەعیدی حەفید و براکانی کاتێ چوون بۆ کەرکووک**

ئەم شیعرە پیرەمێرد لە فارسییەوە کردوویە بەکوردی:

مـانگی ڕەمـەزان تێـپـەڕی ئەوسـا دەمی عـیـدە
هێـشـتـا ڕەمـەزانە کـەچی عـیـدێکی سـەعـیـدە
مـەقـسـەد لـەمـە من وا کـە دەڵێم جـەژنە لەلامـان
تەشـریفی حـەفـیـدێکی سـەید شێخ سـەعـیـدە
کـەرکـووک بەمـە نازی هەیە ئەمـڕۆ لە جـیـهـانا
ئارامگەهی پڕ شـــەرەفی چوار حـــەفـــیــدە[1]
سـەد شـوکـر لە ڕۆژی دەوڵەتی دیداری عـەزیزان
سـاڵان دوو جـەژنمان دەبوو ئەمـسـاڵ سێ عـیـدە
جـەبهـە و جـبـەیان نوور و سـەعـادەت ئەنوێنێ
نـوورێکی سـەعـادەت لە سـیـادەتدا بەدیدە
ئێـمـە هەمـوومـان خـادمی ئەولادی نەبی بووین
چی بکـەین ئەمـە تەقـدیری خـوداوەندی مـەجـیـدە
نیـسـبـەتی دەردی ئالوودەیی ڕەزا ئێـسـتـا نییـە[2]
هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە عاشق و دەروێش و موریدە

---

١- لە فارسییەکەدا سی حەفیدە.

٢- دوا بەیتم کرد بەکوردی بۆ تەواوکردنی شیعرەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٧٧

**پێنج خشتەکیی پیرەمێرد لەسەر بەیتە شیعرێکی شێخ ڕەزا**

شـێـخێ بوو ڕەزا تیـری قـەزا بوو کـەچی زوو مـرد
عـومـرێکی لەگـەڵ هەجووی کـەسوکاری بەسـەربرد
شـــعـــــرێکی جناسی هەیە زۆر لایق و زۆر ورد
قــوربانی پەلێکم کــە پەلی هەمــپــەلی پەل کـرد
خۆی و سەگەکەی هەردوو بەجارێ شەق و شەل کرد

٢٧٨

**لەنێوان شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ئەمین فەیزی بەگدا**

**شیعرەکانی شێخ ڕەزا بۆ ئەمین فەیزی بەگ**

کـە تەشـریفی شـەریفی هات ئەمین فـەیزی بەمـێـوانی
لە عـوهدەی شوکری دەرناچم مەگەر خۆم کەم بەقوربانی
بەخاتەم گەر سولەیمانی دەکرد وەک من ئەمین کەی بوو
نگینی من ئەمـینیـشـە لە سـای فـەیزی سلێـمـانی

٢٧٩

**ئەم شیعرانەی خوارەوە لەلایەن مامۆستا محەمەد مستەفا حەمە بۆرەوە کراون بەکوردی**

چ کـەرامـەت، چ -خـارق العـادة-
جـقلە چاتر لە کـەوڵ و سـوجـجـادە
وتـەیی من کــەلک و هەم کـــورتە
بۆ بـتی ســـادە بابـەتی ســـادە
گــــەرچی نـاتـوانم لـە زەوی رابم
هیند لەجـەرم و زەبوون و ئوفـتـادە
گـەر بلّـێن پێم هەیە لە بەغـدادا
ســادە ڕوویی لەتیف و بەگـــزادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکـــو گـــەردی ئەڤـــینی دیداری
من بەسەرسەر کە ڕووم لە بەغدادە
ڕوو بەمزگەوت نەشیم بەدوو هەنگاو
بچـمـە مـەیخـانە توندم و ئامـادە
مـەشـرەبم مـەشـرەبی ئەمین فـەیزی
لە دوو گـێـتی کـە هەردوو ئازادە
ئەی ڕەزا تا بەمـــەرگ بکە ڕەندی
ئەمـــــەیە دەوڵـەتی خـــــودا دادە

٢٨٠

لای دانا لە ناوی -ئەمین فەیزی-دا
ئاشکرایە لە هونەری هیـــجــــادا
نیـشـانەیە بۆ یەکـێـتیی من و تۆ
لە ناوی نامیتا زیاد و کەمی کوا؟
بەئەبجەد بیـژمـێری لەگـەڵ ڕەزادا

٢٨١

چ عـەجـایب کـە بەبوونی تۆ بنازێ بەغـداد
هەر بەبوونی تۆیە ئاسۆی دوو جهان ئیستعداد
زەررە بەو ناچیـــزیە تاجی ئەڤین دەفـــڕێنێ
گـەر لە ڕای ڕۆشنی تـۆ بێتـو بکا ئیـستـمداد

٢٨٢

یاری من وا بۆ سەفەر پێی نایە ناوماڵی ڕیکاب
خانەیی زینی موزەییەن کرد و خانەی من خەراب
خەڵکی خۆریان کـاتی ئێـوارە کـە لێ ئاوا ئەبێ
من بەیانی زوو لە چاوانم کـە ون بوو ئافـتــاب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٨٣

وام لێ هاتووه له دووریی کاکـه ئەمین
چەپ و ڕاستم نەزانم کـامـەن و چین
وا دەکـا بەخت کـه هەر نەبینمـەوه یار
تا بخـەندم بـه زەمـان و بـه زەمین
چەند ئەڕێژم بەیادی دووریی تۆ ئەشک
چەند ئەبم من له دەوری تۆوه غـەمگین
تا غـەمـێکم بەفـێڵ کـه چاره دەکـەم
هی ترم سـەر دەدەن کـه چوونه کـەمین
مـەستی بادەم به جـامی فـەیزی تۆوه
وەکـو عـیسا له فـەیز -روح الامین-
سـالـەهای درێـژ هەر بـاقـی بێ
بەسـەلامـەت ئەمـینی ئێـمـه ئامین

٢٨٤

نیشتەجێ مومتاز و بۆ گەشتیش تۆ مومتاز هاتیەوه
ئەوەڵ و ئاخـر ئەمین فـەیزی تۆ مـومـتـاز هاتیـەوه

٢٨٥

ئوستـادی قـسـه، پیـری وته، مـیـری سوخـەن تۆی
واتاگـەری و ڕاهنومـای تۆی و پەسـەن تۆی
تۆی کـانی کـەمـالاتی ئەمین فـەیزی ئەفـەندی
کۆگای ڕووش و جوانی حوسەینیش و حەسەن تۆی

٢٨٦

مەشـرەبت خۆش و لەهجەت شیـرینه
گـەوهەرین، دەمـته، کان و گەنجـینه

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فـیکری بیکرت کـه بەینی بەینەڵڵا
تۆتیـــا و شــــیلەیی نیگارینه
تەخـتی بەلقـیس و ڕایەخی جـوانی
هەردوو بۆی مــارەیی نیـــهـانینه
ئەمه شیـعر نیـیه، بۆ ناووبانگ بێ
ئەمه شیـعر نییه، عوقـدەی پەروینه
نیـــوه باڵـێکی بیـــری -عطار-ه
کـــه عـــەجـــەب ئاودار و ڕەنگینه
چ عەجەب، گەر بڵـێم له تضمین-ی
هونەرێکی شـیـعـر کـه -تضـمین-ه
چ بەواته گـران و سـووک هەڵبـەست
ئەمـــەیه سـەهلی مـومـتــەنیع بینه
تا بە-ضـرب المثل- کـەوا دەیڵــێن
کـه سـەرەنجام دوعـا هەر -ئامین-ه
خـــاترت شـــادبێ ئەمین فـــەیزی
چـونـکـه دەریـایـی دانـش و دینـه
دوشـــمنت خـــاکـســـار و توونا بێ
ئەوه، ژێرکــەوتی لەعن و نەفــرینه
فـــــەزڵ زاتی -ڕەزا- لـه یەزدانـه
نه لەوان شـــاعـــیـــرانی خـــودبینه

٢٨٧

ئەرێ ئەی هونەرمەند تۆ یاری قەدیمی
تۆی له بۆ خـوسرەوان شایانی نەدیمی
بەحـیکمەت نامـەکەت ڕازاندۆتەوه
لەوێدا کـه تۆ وا دادوەری حەکـیـمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەووە ناوی بۆتە هەوای نەسیمی
کە گەشەی گیان ئەدا هەوای نەسیمی
بەدانش چ هاوتای ئەتۆم هەر نەدیوە
مەگەر جەوری فەرد و دوری یەتیمی
دەتەوێ سەفەرێ لە یەمەن دوورتر کە
ئەی ئەمین فەیزی تۆ لە دڵما موقیمی

٢٨٨

لە تۆوی خامەت و لەناو هەناوی قیرتاس
ئاکامی هێند بەنرخە گرانترن لە ئەڵماس
لە ڕووپەڕەی موعجیزەدا زۆری وەک مەریەم
لە باوەشیان ناوە منداڵی عیسەوی ئەنفاس
کار گەییە جێیە کەوا من تۆ ئەی ئەمین فەیزی
بکەم بەجبرائیلی ئەمین لە ڕوویی قیاس
هەزار ساڵ گەر بمێنی، ئەوە کەی عاجباتییە
بۆ شەر نین کە ئایا خدری زیندە و ئیلیاس
ڕابورد لەم ولاتە عومری ڕەزا بەهەرزەیی
دەریا خۆ گوناهی و بەگەردی پووچە ئیفلاس

٢٨٩

**ئەمین فەیزی لە یاد و بیرکردنی شێخ ڕەزادا ئەم شیعرەی وەک نامە بۆ ناردووە، شیعرەکە کوردییە:**

دڵ لە عەشق و دەردی دووریی تۆ خەریکی بیانووە
مەوسیمی بۆس و کەناری نێوچەوان و زانووە
عەینی داری گەندەڵە جەستەم لەبەر ناری فیراق
بۆ سەعاتی دیدەنیت پڕ سکڵە هەروەک کوانووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با لە کەعبەش بم دڵم هەر مائیلی بتخانەیە
بۆ بۆنی ڕووت مورغ ئاسا چاوەچاوی دانووە
تەعنی ناهەق نارەوایە وام لەسەر عەهدی قەدیم
وا لە کن تۆ و تۆی تیا ، دڵ ئیکە نەم دۆڕاندووە
من لە فەیزی تۆوەیە بەم میحنەتەش هێشتا ڕەزام
بۆتە سەربارم گلەت جەرگ و دڵمی برژاندووە

٢٩٠

**چوارینەیەکی کوردی سێ دێڕیی ئەمین فەیزییە و**
**چوارەمی شێخ ڕەزا تەواوی کردووە**

مەگەر وەقتێ مورادی من بەجێ بێ
خرینگەی پاوانەی زیوی خەجێ بێ
ئەوەندەم گوت ڕەزا دەردەستکە فەرمووی
بلێ فەیزی لە جێ بێت و لە جێ بێ

٢٩١

**شیعرێکی یەک بەیتیی تورکی**
**نیوەدێڕی یەکەمی شێخ ڕەزایە و نیوەی دووەمی ئەمین فەیزی**

دەولەتن سادقەسی چوق یەشە پاشا
کیمسە الماز سەنە مانند معادل حاشا

واتا: هەر بژی ئەی پاشا بۆ خۆت و ڕاستی و دڵسۆزیت بۆ دەوڵەت، کەس نییە کە ببێ بەوێنە و هاوتای نییە لەم دڵسۆزییەدا.

٢٩٢

**ئەم بەیتە فارسییەش بەهەمان شێوەی شیعری پێشوو**

انتظام همه عالم به انتظام العلماست
این سخن مظهر تصدیق جمیع حکماست

واتا: ڕێکی هەموو جیهانییان بەجەنابی -نظام العلما- وەیە ئەم قسەیە جێی بڕوای هەموو تێگەیشتوویەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**چوارینەیەکی ئەمین فەیزی بەگ بەتورکی کە بۆ شێخ ڕەزای ناردووە سوپاسی ئەکات بۆ ئەو شیعرانەی بۆی ناردبوو**

واصل اولدی دستـمه اشعـارکـز
پک گـوزلدر طوغـریسی افکارکز
غـرق نـور مـفـخـرت اولدق اوگـون
چوق شکر بو عـبـد بی مـقـدارکـز

واتا: شیعرەکانتان گەیشتە دەستم. بیرەکانتان لە ڕاستیدا زۆر جوانن ئیمڕۆ نوقمی ڕووناکیی شانازی بووین، زۆر سوپاس لە بەندەوە سوپاسێکی بێ پایان.

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست**

بەشێوەیەکی گشتی هەتا ئێستا خوێنەرانی شیعری شێخ ڕەزا وا دەزانن موفتی لە شیعری شێخ ڕەزادا موفتی زەهاوییە، تەنانەت جیاوازیش ناکرێ لە نێوان موفتی زەهاوی و زەهاوی زادە و جەمیل صدقی زەهاوی، کە ئەم ناوانە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا هاتوون. واتا هەرچی وتووە بۆ موفتی زەهاوی، جەمیل صدقی زەهاوی، موفتی، لێرەدا بەپێویستم زانی ئەمە ڕوون بکەمەوە چونکە ئەوەندەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کاری لە دیوانی شێخ ڕەزادا کردووە بەلای ئەمەدا نەچووە و سەرنجی لەبارەیەوە نەنووسیوە.

١- محەمەد فەیزی زەهاوی، واتا زەهاوی یا (أبو جەمیل) یا موفتی لە ساڵی ١٢٠٨ی کۆچی واتا ١٧٩٠ی زایینی لە زەهاو لەدایک بووە. دوای چەند ساڵێک بەخێزانەوە هاتوونەتە سلێمانی. محەمەد فەیزی زەهاوی لە سەرەتای خوێندندا (فقه) و (منطق) لای شێخ عەبدوڵڵای خرپانی و شێخ محەمەد سەعیدی نۆدێیی دەخوێنێ. لە پلەی خوێندندا زۆر زوو پێش دەکەوێ هەتا دەگاتە پلەی موفتیی بەغداد لە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی واتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی ١٨٢٥ی زایینی. کە بەفەرمانی والیی دەوڵەتی عوسمانی نامق پاشا دەکرێت بەوالی بەغدا.

ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی کە دەکاتە ساڵی ١٨٩٠ زاینی لە بەغدا کۆچی دواییی کردووە و سەد ساڵ ژیاوە. یازدە کوڕی هەبوون کە بەناوبانگترینیان جەمیل بووە واتا جەمیل صدقی زەهاوی ئەم وشەی صدقییە ناوی باوکی نییە بەڵکو نازناوە.

جەمیل ساڵی ١٨٦٣ی زایینی لە بەغدا لەدایک بووە، پلەی خوێندنی لەوێ تەواو کردووە و دوو جار چووە بۆ تورکیا و ئەستەموڵ لەوێوە سەردانی میسری کردووە، پلەوپایە و ناوبانگێکی مەزنی هەبووە، ساڵی ١٩٢٥ بووە بەئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیانی بەغدا، لە ساڵی ١٩٣٥ لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا لە بەغدا کۆچی دواییی کردووە و لەوێ لە گۆڕستانی (الامام الاعظم) بەخاک سپێردراوە.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە بنەماڵەی جەمیل صدقی زەهاوی دەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ئەویش بەم جۆرە جەمیل صدقی کوڕی موفتی، محەمەدی فەیزی زەهاوی کوڕی ئەحمەد کوڕی حەسەن بەگی کوڕی ڕۆستەم بەگی کوڕی خەسرەو بەگی کوڕی میر بابا سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە.

مایەوە سەر ئەوەی کە ناوی موفتییەکی تریش لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا هاتووە، ئەویش خەڵکی کەرکووک بووە و ناوی موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووکە. کە شێخ ڕەزا پێش ئەوەی بچێ لە بەغدا دابنیشێ، واتا پێش ساڵی ١٩٠٠ی زایینی هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە نزیکی و تێکەڵیی هەبووە لەگەڵ موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک. لە دیوانی شێخ ڕەزادا لە سەرجەم شیعرەکانی ئەم دیوانەدا تەنها دوو بەیت شیعرم دۆزییەوە کە شێخ ڕەزا هەجوی موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووکیی کردووە. بەڵام بەداخەوە ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دواییی ئەم موفتییە نەزانراوە و سەردەمەکەش ئەوەندە دوور نییە کە نەزانرێ، لێرەدا

بەپێویستی دەزانم کە نووسینێکی مامۆستا جەمال خەزنەدار نیشان بدەین کە سەبارەت بەموفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک و شیعری (ماڵی موفتی لەم بەری)ە کە شێخ ڕەزا نووسیویە (شێخ ڕەزا لەسەر داوای شێخ عەلی کاکی لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی بەرامبەر بەساڵی ١٩٠٠ زایینی هاتە بەغدا، لە پێش هاتنی بۆ بەغدا ئاشنایی و دۆستایەتیی لەگەڵ موفتی زەهاویدا نەبووە. لە پێش ئەم هاتن بۆ بەغدایەی، هیچ شیعرێک لە شێخ ڕەزا نەبیستراوە دەربارەی موفتی زەهاوی، چ بەهەڵنان و چ بەداشۆرین نەکەوتۆتە سەر زمانی هاودەمەکانی و تەنها لە دوورەوە ناوبانگی بیستووە کە لە شیعری هەجووی کاکەیی ناوی لەگەڵ زانایان مەلای چاومار و شێخ عەلی تاڵەبانیدا هێناوە.

ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا:

ماڵی موفتی لەم بەرە مەعلوومە قازیش لەوبەرە

من فەقیرم کێ دەزانێ لەم بەرم یا لەو بەرم

بەسەر زمانی دانیشتووانی گەڕەکەوە بووە.

شاری کەرکووک، ڕووباری خاسە دەیکات بەدوو بەرەوە، بەری قۆرییە کە دەکەوێتە دەستی ڕۆژئاوای ڕووبارەکە و بەری ئیمام قاسم کە دەکەوێتە دەستی ڕۆژهەڵاتییەوە (بەری قەڵا). ماڵی موفتی دەروێش ئەفەندی لە گەڕەکی حەلواچییەکانی بەری ئیمام قاسم بووە و ماڵی قازی و زۆربەی کاربەدەستەکانی حکوومەتی دەوری عوسمانی دەکەونە بەری قۆرییە کە سەرا و دادگا و قشڵەی سەربازیی لێ بوو. ڕۆژێک لە دیوەخانی موفتی دەروێش ئەفەندی، موفتی و قازی باسی شێخانی تاڵەبانی دەکەن، کە لە دێی تاڵەبانییەوە هاتوونەتە کەرکووک، موفتی دەڵێ: بەدەفێک و کەوچکە شۆرباێەک هەموو کەرکووکیان ڕاکێشاوەتە لای خۆیان، بەم قسەیە ڕقەبەری دەکەوێتە نێوان بنەماڵەی موفتی و شێخانی تاڵەبانی، لە کوڕەکانی شێخ عەلی، شێخ محەمەد عەلی و شێخ ڕەئوفیان بەدەسەڵات بوون و چەند کوتەک بەدەستی بەر تەکیە دەنێرن هەموویان تێ هەڵدەدەن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیوەخان بەموفتی هەڵدەگرن. شێخ ڕەزاش زمانی بۆیان دێنێتە کار و بەرامبەر بەو هێرشەی موفتی و قازی بەسەر شێخانی تاڵەبانی دەیەوێ لە یەکێکیان بەرێ و ئەم شیعرەی وتووە، لە پێش ئەوەی بێتە بەغدا بەسەر زمانی دەیان کەسەوە بووە.

شێخ ڕەزا لە چەند شیعرێکی تریدا هەجووی موفتی دەروێش ئەفەندی کردووە وەکو ئەو شیعرەی کە بەتەوسەوە لە بابەت گرتن و بەندکردنی موفتییەوە بەتورکی دەڵێ:

تحت توقیفه الندی قوی النسون کیرەته
خلقی ئەیچون چاهی قزان چاهه دوشر البته
.................. هتد

واتە: خرایە بەندیخانەوە با بخرێ ئەو کەرەتەیە، ئەوەی چاڵ بۆ خەڵک هەڵکەنێ خۆی تێی دەکەوێ. دیارە دەروێش ئەفەندیی موفتی پیاوێکی دانا و زیرەک و دەستکراوە بوو. دەسەڵات و پێوەندیی شێخانی تاڵەبانی لە کەرکووکدا بەهۆی پێوەندیی ئایینی و نان و خوانیانەوەی داناوە. ئەمیش بۆ ڕقەبەری لەگەڵ ئەواندا سفرە و خوانی ڕێک خستووە و بەهەمەجۆر خواردەمەنی ڕازاندۆتەوە و خەڵکی لە خۆی کۆکردۆتەوە، شێخ ڕەزا لە مەبەستی موفتی گەیشتووە و دەڵێ:

یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بەقوزی
کوڕی موفتی بەقنگی، خانمی دایکی بەقوزی

ئەمە ڕاستییەکەی ئەم بەر و ئەوبەری شیعرەکەی شێخ ڕەزایە.

٢٩٤

**شیعرەکانی شێخ ڕەزا لە هەجوی موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک**

یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بەقوزی
کوڕی موفتی بەقنگی، خانمی دایکی بەقوزی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٩٥

ماڵی موفتی لەم بەرە، مەعلوومە قازیش لەوبەرە
من فـەقــیــرم کێ دەزانێ لەم بەرم یا لەوبەرم

٢٩٦

تحـتی توقـیـفـە ئالندی قـوی ئالـونسـون کـێـرەتە
خەلقی ئەیچون چاهی قزان چاهە دوشەر ئەلبەتە
حـەبسـە ئیـقـافـە دیمەک بەصـرەدەن سـورمـەک
بەصـرەدەن بومـبـەیە مین بومـبـە ئیـلا کـەلکەتە
ناسـە عـیـبـرت ئولیـور ئیـتـمـەلیـدر وقـعـە نویس
تـەرەس تەرجــەمــەیی حــالنی ثەبتی غــەزەتە
ئاە چ خـۆشـە بەچەقـۆ گـوێی لە بنا خـشت ببـڕن
ریشی قوت کەن بەمەقەس بیکەنە مەیموونە قـوتە
بەدەف و دائیــرە و زەمــزەمــەوە دووی بکەون
لێ بدەن چەپڵــە بڵــێن بێنەوە کـوڕگـەل ئەمـەتە

٢٩٧

**شیعری شێخ ڕەزا لە ستایشی موفتیی زەهاویدا**

ئەی مـادەری گـێـتی تۆ هەتا ئێـسـتـا نەزاوی
زاتـێـکی وەکــو فــەیزی ئەفــەندی زەهاوی

٢٩٨

مـومکین نـیـیـە ئیـدراکی حـەقـایق بەتەواوی
مـومکین نـیـیە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٩٩

**شیعری شێخ ڕەزا لە هەجوی جەمیل صدقی زەهاویی کوڕی موفتی زەهاوی**

حەیزی کوزی حیز و درزی فەیروزە گواوی
مەعجونی خەنە و وسمەیە بۆ ڕیشی زەهاوی

٣٠٠

پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆ چییە ئەی شێخ ڕەزا
شوکری بۆ تەسک و تروسکی و جەمیل بۆ سک و زا

٣٠١

**هەجووی شێخ ڕەزا بەعەرەبی بۆ جەمیل صدقی زەهاوی**

اقول قولاً لیس فیه أفترا
أمّ جمیل اولدته من ورا
ان لم تصدّق قولي أما ترا
في وجهه المصغّر آثار الخرا

٣٠٢

**شیعری شێخ ڕەزا بۆ ابو جەمیل**

**باوکی جەمیل صدقی زەهاوی واتا موفتی فەیزی زەهاوی**

قبل الموت قال (ابو جمیل)
لزوجته اصبری صبرا جمیلا
فلم تصبر علی الفحشاء یوما
وقد جعلت سبیلها سبیلا

٣٠٣

**وەڵامی جەمیل صدقی زەهاوی بۆ شێخ ڕەزا**

هجانا رضا من غیر داع لهجونا
كذاك كلاب الحي بالطبع تنبح

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٠٤

**هەجووی موفتی زەهاوی بەکوردی بۆ شێخ ڕەزا**

بۆ خـۆی مـوقـەدیم، تاڵەبان تاڵی
رەفع و وەزعیـان لە ئینتـاج خاڵی
گەر ئەڵێی چییە ئەو کێرە سیسە
پێی باوەڕ مەکە ئەلفی تەئنیسـە

ئاڕێزلی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم دیوانەدا ناوی چەند کەسایەتی ناسراو لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا گەلێ جار دووبارە دەبنەوە و گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە لە ژیانی شێخ ڕەزا دا، ئەوانەش بریتین لە:

١- ئەمین فەیزی.

٢- شوکری فەزڵی.

٣- شێخ سەعیدی حەفید.

٤- مەحمود پاشای جاف.

٥- محەمەد پاشای جاف.

٦- موفتی زەهاوی.

٧- جەمیل صدقی زەهاوی.

٨- موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک.

٩- دکتۆر حوسێن ئەفەندیی باباجان.

١٠- سوڵتان عەبدولحەمید.

١١- ناسرەدین شا.

١٢- ڕەفیق ئەفەندیی خادیمولسەجادە.

١٣- حاجی عەبدوڵلای جەلی زادە.

١٤- ئەحمەد پاشای بابان.

١٥- عادلە خانی خێزانی وەسمان پاشای جاف - خانمی وەسمان پاشا.

١٦- شێخانی نەقشبەندیی تەوێڵە و بیارە و هەورامان بەتایبەتی شێخ عومەر و شێخ حیسامەدین.

١٧- حەسەن کەنۆش.

١٨- تاڵەبان - لە هەندێ شوێنی ئەم دیوانەدا کەم و زۆر باسی هەندێک لەم ناوانەمان کردووە. ئەوەی پێویست بێت بەکورتی باسی چەند ناوێکیان ئەنووسین بەتایبەتی ئەمین فەیزی و شوکری فەزڵی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەمین فەیزی کێیە؟

مامۆستا: ئەحمەد تاقانە

ئەمین فەیزی یان محەمەد ئەمین فەیزی بەگ کوڕی دەروێش عەبدولقادر ئاغای خەڵکی سلێمانییە، ساڵی ١٨٦٢ی زایینی لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. خۆی ناوی محەمەد ئەمینە، فەیزی نازناوە بۆ خۆی داناوە، بەگ لە ناوی سەربازی و پلەی بەرزی ئەوەوە هاتووە، ئەگینا بەگزادە نییە، باوکی ناوی قادر ئاغایە بەدەروێش قادر ناسراوە.

ئەمین فەیزی لە پێشدا سەرەتایی و روشدییەی خوێندووە ئینجا نێرراوەتە بەغدا و لە ئامادەیی عەسکەریدا ناونووس کراوە. دوای وەرگرتنی بڕوانامە چووەتە ئەستەمووڵ و لە بەشی هەندەسەی تۆپخانەدا وەرگیراوە. لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٨٨٣ی زایینیدا بڕوانامەی پایەی مولازم ئەووەلی وەرگرتووە. لەو ماوەیەدا کە بۆ سەردان چۆتە بەغدا لە روشدیەی مولکیدا بۆتە مامۆستای وانەی ژمارە و جوگرافیا. لە ٢ی مایسی ١٨٨٦ی زایینی بۆتە یوزباشی، ماوەیەک لە بەشی حەربیدا وەکو مامۆستایەک خزمەتی کردووە، ئینجا لە ئامادەیی قولەلیدا بووەتە مامۆستای خۆشنووسی. لەسەر داواکردنی پێشنیازی رەجەب پاشای سەرکردەی لەشکری شەشەم، لە ١٤ی نیسانی ١٨٩٢ بەپایەی قۆڵ ئاغاسی، لە روشدییەی عەسکەری بەغدادا بۆتە بەڕێوەبەر و دیسان لەسەر داواکردنی ناوبراو کراوە بەبینباشی ئالای تۆپچی بەغدا خوێندنگەی ئامادەیی و روشدییەی بۆ ماوەی ساڵێکی تریش بەڕێوەبرد و لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٤ی زایینیدا لە بەغداوە بەڕێی هندستانەوە بۆ حەجکردن بەرەو حیجاز ڕێی گرتۆتەبەر و حەجی کردووە.

لە ٣١ی ئابی ١٩٠٨ بووەتە قایمقام، بەینێکیش لە سلێمانی قوماندانی لیوا بووە. میر ئالایی تۆپچی بەرزترین پلە بووە لە لەشکری عوسمانیدا پێی گەیشتبێ. لە ئەنجامی ئەوەدا کە تاوانی خۆ بەئەدەبیات و ماتماتیکەوە خەریک کردن و کار و فەرمانی مووچەخۆریی پشتگوێ خستنی دراوەتە پاڵ، لە کار خراوە. لە ١١ی مایسی ١٩١٣ی زایینیدا خانەنشین کرا. بۆ دیتنی وڵاتە پێشکەوتووەکان و بۆ چارەسەری نەخۆشی چووەتە ڤیەننا و پاریس. لە بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ١٣ی ئابی ١٩١٤ گەڕاوەتەوە ئەستەمووڵ پاش ماوەیەک ڕێی حەڵەبی گرتۆتەبەر و چووە بۆ موسڵ. لە موسڵدا فەرمانی بۆ دەرچووە کە لەو کتێبخانەیە بکۆڵێتەوە کە هی پاپاسە فەرەنسییەکان بوو. پاپاسە واتە: پیاوە ئایینییە مەسیحییەکان لەگەڵ دوو سێ کەسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تردا چوار مانگ کاری تیا کردووە. دوایی چۆتە حەڵەب، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە ساڵی ١٩١٥ لە حەڵەب دیویەتی. لە ٦ی مایسی ساڵی ١٩٢٩دا لە (پەککەوتنخانە)ی ئەستەموڵ مردووە. لە بەشی خوارووی ئۆک مەیدانەی قاسم پاشادا و لەلای تەکیە نێژراوە. ئەم شیعرەی لە بارەی ڕۆژانی ڕەشی دوایی ژیانی نووسیوە.

سینە سوزان، دلفروزان، کوچە کوچە دەربەدەر

کس مبادا همچو من اوراە از دار و دیار

واتە: سینە سووتاو و دڵ ئایساو کۆڵانە و کۆڵان دەربەدەرم کەس وەکو منی ئاوارە و دوور لە شوێن و خانەی خۆی لێ نەیەت.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمین فەیزی بەگ**

١- هوای نەسیمی - باسی هەوا ئەکات لەلایەن کاریگەری کیمیایی و تەندروستی و هەندێک لایەنی دیکە.

٢- اجمال نتائج - کورتەی دە هونەری ماتماتیک دەگرێتەوە.

٣- شعاعات - کۆمەڵە شیعرە.

٤- ئەسەری حەیاتی فەیزی - ژیننامەی خۆیەتی.

٥- تفرقەی ریاضة - هەندێک دەستووری زانستی جەبر دەگرێتەوە.

**بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی**

١- تۆپچو جزدانی - لە بارەی تەقاندن، ئاگرکردنەوە بەچەک و تاکتیکی جەنگەوە.

٢- حیوانات مائیة: لە بارەی هەندێک گیانداری ئاوییەوەیە.

٣- علم ارادە - لە بارەی بەڵگەی هونەری و ژیریی ڕێبازی ماتریالییەکان و بەرپەرچدانەوەیانە.

٤- ئەنجومەنی ئەدیبان - بەکوردییە. بەرهەمی پانزە شاعیری کوردی هەڵبژاردەی تیا کۆکردۆتەوە.

٥- شون کردستان -بەتورکییە- لە بارەی باری مێژوویی کوردستان و حوکمداریێتی بابانەوەیە.

سەرنجی من ئومێد لە بارەی ئەمین فەیزی ئەوەیە کە تەنیا کەسێک کە شێخ ڕەزا هیچ شیعرێکی یا بەیتێکی هەجووی بۆ نەوتووە تەنها ئەمین فەیزی بووە. تەنانەت لە هەندێ بەیت و شیعردا هەجووی بابان و سادات و گەلێ شێخ و مەلا و تیرە و بنەماڵەی ناوداری کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.pertwkari.org

**شوکری فەزڵی**: شاعیر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی کورد شوکری کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغایە، لە گەڕەکی فەزڵی شاری بەغدا لەدایک بووە، ساڵی ١٨٨٢ی زایینی خوێندنی سەرەتایی و باڵای بەقۆناغی قوتابخانەی خۆماڵی حوجرە و مزگەوت و قوتابخانە میرییەکاندا دابەش بووە. هاوتەمەنی خوێندنی شێخ مەحمودی حەفید بووە. شوکری فەزڵی یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی کوردی، نووسەر و ئەدیبێکی سەرکەوتوو بووە و شیعر و نووسینی بەچوار زمان هەیە: کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوی کردوونەوە، سەرنووسەر و ڕاپەڕێنەری ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بووە کە گیانی نەتەوایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بڵاو ئەکردەوە.

گەلێ بیروڕا هەیە سەبارەت بەکۆچی دوایی، بەڵام بەلای منەوە لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٢٦دا کۆچی دوایی کردووە. چونکە ڕۆژنامەی (الفضیلة) کە لە بەغدا دەرچووە لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا باسی چلەی کۆچی دواییەکەی ئەکات. بەم پێیە ئەگەر چل ڕۆژ پێش ٢٧ی حوزەیران کۆچی کردبێت، ئەبێ لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٢٦دا کۆچی دوایی کردبێت. ناکۆکی و شەڕە شیعری شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی چەپکێ شیعری نەمری هەجووی بەخشییە ئەو لایەنە هەژارەی ئەدەبیاتی کوردی.

**شێخ سەعیدی حەفید**: کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ ١٧٩٢-١٨٨٩ کوڕی شێخ مارفی نۆدێییە ١٧٤٦-١٨٣٤، شێخ سەعید ساڵی ١٨٤٧ی زایینی لە گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی لەدایک بووە. سەرەتا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەست دەکات بەخوێندن. ساڵی ١٩٠١ی زایینی لەگەڵ هەندێ زانا و ناودارانی سلێمانی ڕێگەی حەج دەگرێتەبەر، لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینی سەرلەنوێ لەسەر داخوازی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە تازە کۆمەڵی -اتحاد و تەرەقی-ی دامەزرابوو بۆ ئەستەمول بانگ ئەکرێتەوە و بۆ ئەوێ ئەڕواتەوە. هەر لەهەمان ساڵدا ١٩٠٨ ئەیەوێ بەڕێگای موسڵدا بگەڕێتەوە، شۆڤینییە عەرەبەکان پیلانێک ساز ئەکەن و شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی کوڕی و چەند هاوڕێیەکیان شەهید دەکرێن. شیعرە بەناوبانگەکەی بۆ شێخ مستەفای نەقیب و برای وتووە نموونەی بەرزی شاعیریەتی ئەون. شایانی باسە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو -ڕەفیق چالاک- بەدەنگە بەسۆزەکەی ئەم شیعرەی وتووە و تۆمار کراوە.

**حەسەن کەنۆش**: شاعیرێکی بەبەهرە و ڕۆشنبیر و لە دەوروبەری سلێمانی ژیاوە. ڕا وایە لە تیرەی خانچییە. ئەم تیرەیەش بەبنەڕەت ڕەسەنی لە عەشیرەتی زەنگەنەیە. هەندێ

www.rabari.org

دەڵێن لە عێلی جافە و هەندێ دەڵێن لە عەشیرەتی دەلۆیە. شاعیر خۆی ئەمەی دووپات کردۆتەوە لە هەندێ لە هەڵبەستەکانیدا. نازناوی شیعری میرزا حەسەن جنونییە، بەم نازناوەش لەناو عەشیرەتەکەیدا ناسراوە. ئەوەی جێی داخە کە زۆر شارەزاییمان لە سەرگوزەشتەی ژیانی نییە بەڵام هاوچەرخی محەمەد پاشای جاف بووە و چەند هەڵبەستێکی پیاهەڵداوە. دیسانەوە لەگەڵ شاعیری داودە مەحاک شەڕە شیعریان بووە. مەحاک ناوی مەحمود و کوڕی ئەحمەدە و لە ڕەچەڵەکدا زەنگەنەیە بەڵام بەداودە بەناوبانگە، حەسەن کەنۆش لە ساڵی ١٣١٤ کۆچی دواییی کردووە، واتە لە دەوروبەری ساڵانی ١٨٩٥دا.

**تاڵەبان:** خۆی دێیەکی بچووکە ئەکەوێتە پشت ڕووباری باسەڕەوە لە ناوچەی چەمچەماڵدا شێخەکانی تاڵەبانی لەم دێیەوە هاتوون و بەرەگەز و بنەچە ئەچنەوە سەر مەلا مەحموودی زەنگەنە. ئێستا شێخەکانی تاڵەبانی لە ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و کفری و خانەقین و قادرکەرەم و طاوغ و قەرەحەسەن و کۆیەدا هەن.

**کەماڵ بەگ:** مەبەستی لە نامیق کەماڵە شاعیری نیشتمانپەروەری گەورەی تورکە. لە ساڵی ١٨٤٠ی زایینی لە شاری تیکرداغ هاتۆتە دنیاوە. ئەم شاعیرە زۆر بەمەردانە و ئازایەتی دژی ڕژێمی دواکەوتووی عوسمانی ڕاوەستابوو. بۆیە زۆر جار دوورخرایەوە لە ئەستەموڵ بەڵام لە ڕێبازی نیشتمانپەروەری خۆی هەرگیز لای نەئەدا. نامیق کەماڵ جگە لەوەی شاعیر بوو خەریکی ڕۆژنامەگەریش بووە هەروەها دەستی کردووە بەنووسینی چیرۆک و شانۆگەری. لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسیەتی خۆی لە بۆلایر نێژراوە.

**کوردی:** ناوی مستەفا و کوڕی مەحمود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە – لە ساڵی ١٢٢٧ی کۆچی ١٨١٢ی زایینی لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، هەر لە سلێمانی خراوەتە بەرخوێندن و لە پاشا هەندێ خوێندنی زانیاری ئیسلامیشی لە حوجرەی فەقێیان خوێندووە. مستەفا بەگ ئەدیبێکی پایەبەرز و شاعیرێکی شیعر ڕەوان بووە. زمان و ئەدەبیاتی فارسی چاک زانیوە لە عەرەبی و تورکیشدا دەستی هەبووە. دوو نازناوی شیعری بۆ خۆی هەڵبژاردووە. یەکەمیان کوردی و دووەمیان هیجرییە. کوردی بەچاوێکی بەرزەوە سەیر کراوە لەلایەن شاعیرانی کوردەوە، حاجی قادری کۆیی کە باسی – کوردی دەکا دەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەهسواری بەلاغەتی کوردان
یەکە تازی فەصاحەتی بابان
مستەفایە تەخەللوسی کوردی
غەزەلی کردە بەربوتی کوردی

**شێخ عوسمانی تەوێڵە:** ناوبانگی بەشێخی (سیراجەدین) دەرکردووە، یەکێکە لە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ساڵی ١١٨٩ی کۆچی لە تەوێڵە هاتۆتە دنیاوە. زۆربەی ڕۆژگاری ژیانی لە ڕێگای نەقشبەندی و ئامۆژگاری و ڕێگا نانەبەر خەڵک ڕابواردووە. ساڵی ١٢٨٤ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و هەر لە تەوێڵە نێژراوە.

**حافز:** ٧٢٦ک-٧٩١ک: خواجە شەمسەدین محەمەدی کوڕی بەهائەدین شیرازی، لە بنەڕەتا خەڵقی مەلایری لوڕستان بوون و چووبوونە شیراز و لای ئەتابەگەکان ڕێزیان هەبوو، گەرچی بەهائەدین لە سەرەتادا زۆر دەوڵەمەند بوو بەڵام پاشان هەژار کەوت و بەدەستەنگی حافزی پێگەیاند. حافزی بلیمەت لەبەرئەوەی قورئان و هەزار حەدیسی لەبەر بوو. نازناوی حافزی هەبوو. لەگەڵ ئەمیرانی ئینجو و ئال موزەفەر هاودەم بوو. هەڵبەستی زۆری دەربارەیان هەیە. گۆڕی لە شیرازە و لە باغێکی زۆر شیرین و ڕەنگیندا نێژراوە.

**خالصی:** محەمەد خالصی کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. شاعیرێکی بەهێز بووە. لە سەردەمی پادشایەتی شێخ مەحمودی حەفید قایمقامی ڕانیە بووە. پاش گەڕانەوەی بۆ کەرکووک ساڵی ١٩٢٠ی ز کۆچی دوایی کردووە. هەروەها باوکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شێخ عەبدوڕەحمان دیسان نازناوی خالص بووە.

**گردی سەیوان:** قەبرستانێکی بەناوبانگی سلێمانییە کە زۆربەی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی لەوێ نێژراون.

**کانی ئاسکان:** ناوی یەکێ لە گەڕەکە دێرینەکانی سلێمانییە.

**عەجەم:** مەبەست لە ئێرانییەکانە.

**ئالی عوسمان:** عوسمانییەکان، دەوڵەتی عوسمانی.

**ڕۆم:** ڕۆمییان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**قاپی سەرا:** دەرگای سەرای سلێمانی، سەرای ناوەڕاستی سلێمانی.

بەزەربە و حەملەییە بەغدای تەخسیر کرد و تێی هەڵدا
سلێمانی زەمان، ڕاستت دەوێ، باوکی سلێمان بوو

مەبەست لە باوکی سلێمان، عەبدولڕەحمان پاشای بابانە کە توانی بەهێرشی لەشکری کورد شاری بەغدا داگیر بکات و ماوەیەک تیایدا بمێنێتەوە.

**کەیوان:** ئەستێرەی زوحەل.

**پەلۆش:** گیایەکی کۆتەرە و وشک و بێ فەڕە.

**جەنجەلووت:** عیلمی جەنجەلووت هەندێ وتەی بێ فەڕ و بێ سەر و پایە، جادووگەرەکان بەکاری ئەهێنن وەک خەملیت و شەملیت و پەلیت یا خەبەرتوت و حەبەرتوت و شەپەلنووت!!

**عەنزەرووت:** قەتران.

**شێری نەڕ:** شێری گەورەی بەهێز.

**بلاغ:** کانییەکە لە کەرکووک.

**دایە ڕێزوار:** ئافرەتێکی بەناوبانگی کاکەییە.

**سێ براکە:** پیاوانی بەناوبانی کاکەییە.

**خلەکزی:** لاساییکارێکی بەناوبانگ بووە لە کەرکووک.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قسەی خۆش و نوکتە لە بەسەرهاتەکانی ژیانی شێخ ڕەزادا

١

بەربەرەکانێ و یەک نەویستیی شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی لە سەردەمی خۆیاندا دەنگی دابووەوە، ڕۆژێک شێخ ڕەزا ئەیەوێ پلارێکی تەنگەبڕ بگرێتە شوکری فەزڵی و ئەڵێ: «میرزا شوکری، بەڕاستی باووباپیر و نەژادی تۆ بوون بەنەنگ و عار بەسەرتۆوە». شوکری فەزڵیش ئەڵێ: بەڕاستی تۆیش بووی بەعەیب و عار بەسەر نەژاد و باووباپیرانتەوە. شێخ ڕەزا هیچی پێ ناوترێ.

٢

شێخ ڕەزا زەمی هەموو کەسێکی کردووە. ڕۆژێک لەو بناری هەڵەبجەیەماڵی وەسمان پاشا هەڵی دابوو. شێخ عومەری بیارە بەمێوانی دێت بۆ ئەوێ، شێخ ڕەزاش لەوێ ئەبێ، کوڕگەل ئەچنە بن دەستی شێخ ڕەزاوە کە زەمێکی شێخ عومەر بکا، شێخ ڕەزا هەرچەند ئەکا چەشەی نابزوێ بۆ ئەم زەمکردنە، ئیتر لەبەر هەر شتێک بووە، ئەمە شێخ ڕەزا و شێخ عومەر خۆیان ئەیزانن.

بەیانی شێخ عومەر ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە، وڵاخی بۆ دێنن سواری بێ، شێخ ڕەزا پەلاماری ئەدا ئەچێ ئاوزەنگی ماینەکەی ئەگرێ بۆ ئەوەی شێخ سواربێ، شێخ عومەر ئەڵێ: «یا شێخ لێ گەڕێ خۆم سوار ئەبم»، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: قوربان لە دوێنێوە من هەر لە خەیاڵی تۆدام کەچی تۆ دەستی خۆت وەشاند، هەم سوار بوویت، هەم پێیت گرتم.

٣

کابرایەکی قزڵجەیی ناوی خۆی نابوو شاعیر، بڕە شیعرێکی دانابوو بردی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پەسەندێکی بۆ لەسەر بنووسێ وە پێشی وت کە -رەعد-م کردووە بەناوی شیعر بۆ خۆم، شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی لە باتی پەسەند بەسەر بڕە شیعرەکەیەوە بۆ نووسی:

ئەی تڕت رەعد و وەی تست ڕەشەبا
هکذا ارثکم جداً وابا

٤

لە دەوری شێخ ڕەزادا لە کۆڕێکا باسی قسەی کورتی پڕ مەعنا و شیعری جوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەکرا، وتیان ئەم شیعرەی - فردەوسی- کە ئەڵێ:

پی مشـورت مـجلس اراسـتند
نشستند و گفتند و برخاستند

زۆر جوان و کورت و پڕ مانایە، شێخ ڕەزاش وتی وا نییە، من لەوە کورت و جوانتر و پڕ مەعناترم وتووە، وتیان کامەیە؟

وتی:

موختەسەر خۆشە قسە بردمە مەنزڵگەهی خۆم
گـرتم و خـستم و لێم برد و گـونم کـرد بەچوار

٥

فەقێیەک هەوای شیعر وتن ئەکەوێتە سەری و چەند شیعرێک دائەنێ و ئەیبا بۆ شێخ ڕەزا کە تەماشای بکا و پەسەندی بکا.

شێخ کە سەیری ئەکا سەرێکی بۆ بائەدا و ناشیەوێ دڵی فەقێکە بشکێنێ پێی ئەڵێ خراپ نییە، فەقێ ئەمەی پێ خۆش ئەبێ ئەڵێ: دەسا قوربان ئەبێ ئەوەش بزانی کە ئەمە لەسەر ئاودەست دامناوە، شێخیش ئەڵێ، بەڵێ ڕاست ئەکەی هەر کە سەیرم کرد ئەو بۆنەی لێ ئەهات.

٦

شێخ ڕەزا جارێک ئەچێتە سلێمانی بەناو کۆڵانێکا تێ ئەپەڕێ، چەند ئافرەتێکی جوان و بەدیمەن لە پێشییەوە ئەبن. شێخ پێیان ئەڵێ: خۆتان لادەن با من بڕۆم چونکە بەناو ژنانا ڕۆیشتن کەراهەتی هەیە. یەکێ لە ئافرەتەکان سەر و سەودادار ئەبێ ئەڵێ: باشە یاشێخ، بەڵام ئایا وەختێ کە هاتییە دنیاوە لەناو ژنەوە نەهاتیت، شێخ ئەڵێ: بەڵێ بەڵام وەختێ کە من لەناو ژنەوە هاتمە دەرەوە وا بەم جۆرە گوشاد نەبوو.

٧

حەمەی نادر هەبوو لە سلێمانی. جارێک شێخ ڕەزا ئەچێتە ئەوێ، کوتوپڕ لەناو بازاڕدا تووشی حەمەی نادر ئەبێ کە سواری کەرێک بووە. چاوێکی لێ مۆڕ ئەکاتەوە و بەتوانجەوە پێی ئەڵێ: «تەماشاکە، کەر سواری کەر بووە». حەمەی نادریش کوتوپڕ پێی ئەڵێ: «بەخوا یاشێخ لام وایە وا نییە چونکە من قەت نەم دی ئەم کەرە سواری تۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ» ئیتر شێخ ڕەزا بێدەنگ ئەبێ.

## ٨

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەگەڵ ژنێکی هەمەوەندا سەروسەودای شیعر پەیدا ئەکەن و لە پاشا سەر ئەکێشێتە لای قسە وتن بەیەک. ژنە لە ئاخرا شێخ ڕەزا ئەکاتە کون و هەر ئەیەوێ خۆی لێ بدزێتەوە. بەڵام ژنە هەر وازی لێ ناهێنێ. ئیش وای لێ دێ شێخ بۆڕ ئەخوا و ئیتر بەهیچ جۆر لە هیچ لایەک باسی ناکا. ئەوەندە هەیە ژنەکە هەر لە کۆڵی نابێتەوە: پێی ئەڵێن، یاشێخ ئەمە چییە لە بەینتانا وا بەم جۆرە درێژەی کێشا. شێخیش ئەڵێ: وەڵڵا بڵێم چی نازانم، خەڵکی تووشی گون ڕەشی خۆیان ئەبن کەچی من تووشی قوز ڕەشی خۆم بووم.

## ٩

شێخ ڕەزا جارێک ئەچێتە سلێمانی، هەندێ لە ناحەزەکان ئەیانەوێ ئیشێکی وای لەگەڵ بکەن کە لەناو خەڵکا بیشکێنن حەیای بەرن. هەتیوێکی لێ تاو ئەدەن کە شوێنی کەوێ. هەتیوە ئەچێ لەناو کۆڕێکا ئەیگری و ئەڵێ: یاشێخ لەبیرتە کە پێرێ شەوێ یەخەت گرتبووم ئەتویست خراپم بکەیت و من هەڵاتم؟ شێخ ئەڵێ، بەڵێ لەبیرمە کە یەخەتم گرتبوو و بەڵام لەبیرم نییە کە هەڵاتبوویت...

## ١٠

شێخ ڕەزا جارێک لە سلێمانی تەماشا ئەکا وا ژنێک کچێکی داوەتە پێش خۆی و ڕێ ئەکەن. لێی ئەپرسێ: خوشکم وا دیارە ئەو جوانومایەنەت داوەتە پێش بەتەڵەبە؟ بۆ لە منی چاک ناکەی؟ ژنەکەش ئەڵێ: «باوکی پێی نەوتووم لە کەری چاک بکەم».

## ١١

شێخ ڕەزا جارێک هەر لە سلێمانی لە کۆڵانێکا تووشی کچێک ئەبێت بەگورجی ئەڕوا، پێی ئەڵێ: کچم هێواش بڕۆ با مقەسەکەت کول نەبێ، کچەش خێرا ئەڵێ: مامە ئەگەر کولیش بێ بەشی بەرسمێڵی تۆی هەر ئەمێنێتەوە.

## ١٢

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دیوەخانی سەید عەبدوڕەحمان نەقیب لە بەغدادا ئەبێ و نان دائەنێن، بەدەم نان خواردنەوە قسە ئەکەن، دکتۆرێکی هیندیش لەوێ ئەبێ لەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سینییەکە ئەبێ، قسە لەوە ئەکا کە گیا و دار و دەوەن ڕۆنی لێ ئەگیرێت و ڕۆن زەیت هەیە؛ شێخ ڕەزا ئەڵێ: من بڕوا بەم قسەیە ناکەم، دکتۆرەکە ئەڵێ: چۆن بڕوا ناکەی؟ ئەمە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە وایە. شێخ ڕەزاش ئەڵێ: منیش بەتاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە کە وا نییە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بووایە ئێستە ئەم برنجەی ماڵی نەقیب ڕۆنی تیا ئەبوو.

١٣

شێخ ڕەزا سواری ئێسترێک ئەبێ و ئەچێ بۆ کۆیە بۆ لای ئەمین ئاغای کۆیە. پیاوەکەی ئەمین ئاغا دێت ئێسترەکەی لێ بگرێت. لەو کاتەدا ئێستر لەقەیەک ئەهاوێژێ، کابرا ئەسڵەمێتەوە.

شێخ ڕەزا پێی ئەڵێ: مەترسە، ئەمینە، وا ئەمین ئاغاش ڕاوەستاوە، ئەمین ئاغا گورج هەڵئەداتێ ئەڵێ: بەڵێ ئەگەر بیشیگێیت ڕەزایە.

١٤

شێخ ڕەزا جارێک زەمی حاجی مستەفای قیرداد ئەکا ئەڵێ: ئەبێ لەگەڵ دانیالە گاورا دەستیان ببەستم بەدەستی یەکەوە و بیانخەمە بیرێکی پیساییەوە. حاجی مستەفا ئەمە ئەبیستێتەوە ئەچێتە لای شێخ عەلی براگەورەی شێخ ڕەزا شکات لە شێخ ڕەزا ئەکا ئەڵێ: لەگەڵ دانیال گاورا منی کردووە بەیەک.

شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ تەکیە و شێخ عەلی تووڕە ئەبێ، ئەڵێ: ئەرێ شێخ ڕەزا تۆ بۆ چ ئەوەندە بێ دەرەتانی؟ ئاخر نازانی حاجی مستەفا سەر بەئێمەیە و دۆستایەتی لە بەینمانا هەیە؟ تۆ چۆن دێنی لەگەڵ دانیال گاورا ئەیانکەی بەیەک و زەمی ئەکەی؟

شێخ ڕەزاش ئەڵێ: کاکە زۆر سەیرە ئێستە کە هاتم بۆ ئێرە و دانیال گاور خۆی گرتبوو لە قوڕ و سەری ڕێی پێ گرتبووم، ئەیوت من ئەوەم پێ ناخۆش نییە کە زەمت کردووم، بەڵام کەسی ترت دەست نەکەوت وا لەگەڵ حاجی مستەفادا منت کردووە بەیەک.

١٥

شێخ ڕەزا لە دیوەخانی وەسمان پاشادا دائەنیشێ و پێکەوە نان ئەخۆن، کوتوپڕ موویەکی لەناو چێشتەکەدا بەردەست ئەکەوێ، ڕوو ئەکاتە وەسمان پاشا و ئەڵێ: پاشا ئێوە کە بزنەکانتان ئەبڕنەوە مووەکانیان چی لێ ئەکەن؟ پاشا تێ ئەگا کە چ باسە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵێ: «یاشێخ ئەیکەین وە هۆڕ و گورێس و وە چێشتیشەوە ئەیخۆین»
شێخ ڕەزاش ئەڵێ: بەخوا پاشا تڕت بڕیم.

١٦

شێخ ڕەزا و وەسمان پاشای جاف ئەکەونە شەڕە شیعر، شێخ ڕەزا بەشیعر دەست ئەکا بەقسە وتن بەوەسمان پاشا، پاشایش ئەڵێ، شێخ ڕەزا: من شیعر و میعر نازانم وە کوردی هەردوو گونم وەقنگت.

١٧

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەگەڵ وەسمان پاشای جافدا سەروسەودای هەبوو، هەموو جار هاتوچۆی ئەکرد هەروەها لەگەڵ خانمی وەسمان پاشادا ئەو ناسراوییەی هەبوو. ڕۆژێک شێخ ڕەزا بەوەسمان پاشا ئەڵێ: پاشام تۆ ئەرکێکی زۆری عەشرەتی جافت بەسەرەوەیە، ئەم عەشیرەتە گەورەیە ئیدارەی ئەوێ. ئەم دیوەخان و دەواری دوانزە هەستوونییە ئیدارەیەکی تری ئەوێ تۆ خۆتت کەنار گرتووە، خانم ئیدارەی عەشیرەتەکە ئەکا، حەقیقەت سەروکاری دیوەخان و میوان و میوانداریش ئەکا بەڵام ئەمە بۆ ئەو ئەرکێکە زیاد لە تاقەت، خواش قبووڵی نییە. خانەدان و بنەماڵەی بەناوبانگ زۆرە لەو کوردەوارییە. ئەتوانی ژنێکی تر لەو خانەدانانەدا بێنیت، ئەو سەروکاری دیوەخان و میوان بکا. خانمیش یەکچاو بیێتەوە بۆ عەشرەتدارییەکە و ئیدارەی ئەم تۆپی جافە.

شێخ بەم جۆرە دڵی وەسمان پاشا کرمێ ئەکا. ئەم قسە ئەگاتەوە بەخانم، خانم لە شێخ ڕەزا تووڕە ئەبێ و ئەنێرێ ئەیهێنن. پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا تۆ چۆن قسەی وەهات لەلای پاشا کردووە؟ گوایە من کە -عادلە-بم و لە بنەماڵە گەورەکانی سنە بم وەکو ئیدارەی عەشیرەتداریم پێ ئەکرێ، ئیدارەی دیوەخان و میوانداریم پێ ناکرێ؟ شێخ ڕەزا ئەڵێ: خانم من قسەی وام نەکردووە و بەدرۆ ئەمەیان بۆ هەڵبەستووم. خانم ئەڵێ چۆن؟ لەوانەیە من ئەمەم لەناو چاوی پاشاوە خوێندۆتەوە. شێخ ڕەزا ئەڵێ: ئەمەی پێ ناوێ لەگەڵ پاشا ڕووبەڕوومان بکەرەوە ئەگەر من قسەی وام کردبوو ئەو وەختە تۆ هەقی گلەییت هەیە و ئەتوانی ئەوی لە دەستت دێ بەرامبەر بەمن بیکەی، خانم ئەڵێ: باشە.

خانم بۆ سبەینێ کۆڕێکی سێ قۆڵی بۆ خۆی و شێخ ڕەزا و وەسمان پاشا ڕێک ئەخا و سێ بەسێ دائەنیشن. خانم ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەوە تۆ و ئەوە وەسمان پاشا فەرموو قسەکانی خۆت بگێڕەوە. ئەڵێ قسەی چی؟ ئەو قسانە کە هانی پاشا ئەدەی ژنی تر

www.rabari.org

بێنی! ئەڵێ: خانم ژنی تری چی؟ ئەوا پاشا خۆی بەڕووەوەیە ئەوا تۆیش دانیشتووی، پاشا وەکو لەناو چاویا خوێندبوومەوە لەبەرئەوە کە تۆ ئەرکێکی زۆرت بەسەرەوەیە ژنێکی تر بێنی، ئەو خەریکی دیوەخانان و میوانداری بێ تۆیش سەروکاری عەشیرەتەکە بکەی. منیش وتم: پاشا شتی وا مەکە، هەوێ لە بەینی یەکا ڕێک ناکەون، ئەوی بەخانم ئەکرێ بەکەسی تر ناکرێ، ئەگەر ژنێکی تر دێنیت وەکو تۆپی مندالآنت لێ دێ بەدەستیانەوە. ئەو فرێت ئەدا بۆ ئەو و ئەو بۆ ئەو! ئەگەر دوو ژنی تر دێنیت وەکو مەنجەڵی سێ کوچکەی ئاگردانت لێ دێ، هەر ئەبێ دەست بکەی بەکوڵان و جۆشدان بەسەریانەوە و هیچیشت لە دەست نایە. ئەگەر سێ ژنی تر دێنیت وەکو چوار گوریسی دەوارت لێ دێ، هەریەکە بەلایەکا ڕات ئەکێشن و تۆیش لەو ناوەدا پرزەت ئەبڕێت، خانم من ئەمەم وتووە!

خانم ڕەنگێکی سوور و گەشی هەڵێنایەوە و هەر لەو وەختەدا بانگی کرد خەڵاتێکی باشیان بۆ شێخ ڕەزا هێنا و وتی لە بروێش و کەشک و دۆینەش بار بکەن با شێخ ڕەزا بینێرێتەوە بۆ منالەکانی. وتی: یا شێخ هەموو جار هەر قسەی وا بکە. وتی: چۆنی ناکەم خانم! ئەمە لەم لاوە خانم وا لەو لاوە وەسمان پاشا ڕەنگ لە ڕوویا پەڕی و وتی، وەسمان پاشا تۆ هیچت لە دەست نابێتەوە. هەموو شت هەر لایەقی خانمن، بەخوا سا هەموو جار هەر قسەی وای بۆ ئەکەم، جا تۆیش کەیفی خۆتە!

## ١٨

لە نوکتەی ژمارە ٣دا ئەم بەسەرهاتەمان نووسی. لێرەدا بەجۆرێکی جیاواز باسی ئەکەین و ڕەنگە هەردووکیان ڕوویان دابێت. وە هەردووکیان لە ڕشتەی مرواریی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەدین سەجادیدا تۆمار کراون! شێخ ڕەزای تالەبانی شێخ ڕەزا بوو، بۆ شاعیریی ناوی لە هەموو لایەک دەرکردبوو. گەلێ جار شاعیرانی ئەو سەردەمە شیعریان دائەنا بۆیان ئەبرد بۆ ئەوە پەسەندی لەسەر بنووسێ. ئەویش ئەو شتانەی کە بەدڵی نەبوایە یەک شیعری دانابوو بۆی لەسەر ئەنووسین وەکو لەگەڵ شاعیرێکی -قزڵجی-یشدا ئەمەی کردبوو.

یەکێک هەبوو لە وڵاتی کۆیە، مەلا تەماتەیان پێ ئەوت، هەندێ شیعری دانابوو، بردبووی بۆ شێخ ڕەزا پەسەندی بۆ لەسەر بنووسێ، کابراش ناوی شیعری خۆی نابوو ڕەعد شیعرەکانیش ئەمانە بوون:

شاعیری بلندی هەردوو ویلایەت
خوا بتهێڵێ بۆ فەیز و کەرامەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاخـــوا بەخـــێـــربێی بۆ وڵاتی کـــۆیە
دایم بەخـــزمـــەتتـــان وەک من بۆ تۆیە
تۆ شـــێخ ڕەزایتو تەخـــەلوصی من رەعـــد
با بیـــزانی من شـــاعـــیـــرێکی پڕ ئاوازم
ئێـــمـــە شـــاعـــیـــر بووین لە باوک و باپیـــر
دوعـــا گـــۆی شـــیـــعـــرین شـــاعـــیری ئیـــعـــزازم
نـــاومـــــــان لە دنـــیـــــــا وەک نـــاوی تۆیـــە
زەمـــانێک بـــوو بۆ دیداریت ئاواتەخـــوازم
تەقـــدیمتـــان ئەکـــەم ئەم غـــەزەلە جـــوانەم
تەقـــریظ-ی بفـــەرمـــوون بۆ ســـەرفـــرازم
ئـــومـــــــێـــــــدەوارم بـــەلـــوتـــفـی بـــاری
بـــۆ مـــن بـــن دایم مـــــــەعــــــدەنـی رازم

ئەمە ئەنووسێ و ئەینێرێ بۆ شێخ ڕەزا، شێخ ڕەزاش بەم شیعرەی خوارەوە پەسەندی ئەکا و بۆی ئەنێرێتەوە:

ئەی ترِت رەعـد و وەی تست ڕەشـەبا
هـکـذا أرثـکـم جـــــــــدا وأبـا

١٩

شێخ ڕەزا جارێک تووشی ژنێک ئەبێ لە سلێمانی زۆر بەلەنجە و نازەوە ئەڕوات، پێی ئەڵێ: ئا بووکێ وەرە تۆزێ پێکەوە بنووین بزانم تۆ خۆشتری یا ژنەکەی خۆم؟ ژنەکەش بەبێ پشوو پێی ئەڵێ: یاشێخ ئەمەی پێ ناوێ، ئەم پرسیارە لە مێردەکەم بکە و ئەو لەگەڵ منیش نوستووە و لەگەڵ ژنەکەی تۆیش نوستووە. شێخ ئەڵێ: خوا بتانگرێ خەڵکی سلێمانی!

٢٠

شێخ ڕەزا لە کۆیە ئەبێ، جارێک ئافرەتێکی جوان بەناو کۆڵانێکا ئەڕوا، شێخ ڕەزا زۆر بەسۆز سەیری ئەکا. ئافرەتەکە ئەڵێ: بۆ چ سەیر ئەکەی؟ ئەڵێ سەیری ئەو ناوچاوانە جوانە ئەکەم. ژنە ئەڵێ: سەیری چی ئەکەی تۆ کێرت هەڵئەستێ و یەکێکی تر ئەو ئیشە ئەکا!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢١

شێخ ڕەزا بەینی زۆر خۆش بووە لەگەڵ بەگزادەکانی جافا بەتایبەتی لەگەڵ خانم و وەسمان پاشادا. زۆر جار چووە بۆ هەڵەبجە بۆ لایان، میوانی خانم و پاشا بووە. جارێکیان ئەچێ بۆ ماڵی وەسمان پاشا، لەگەڵ دائەبەزێ خانم ئەچێ بۆ لای، بەخێرهاتنێکی زۆر گەرم و گوڕی ئەکات، شێخ ڕەزاش لەبەر خانم هەڵئەستێ و ئەم شیعرەی بۆ ئەڵێت:

قامەتت بێ شک نەمامی عەرعەرە یا سۆسنە
دەک فیدای نازو گریشمەت بم پەریزادەی سنە

خانم شیعرەکەی زۆر پێ خۆش ئەبێت کە ئەچێتە ژوورەکەی خۆی پاڵتۆیەکی شاڵی تورمەی بۆ ئەخاتە ناو بوخچەیەکەوە لەگەڵ دوو سەد قرانا کە بۆی بنێرێ، لەو دەمەدا تاهیر بەگی کوڕی ئەڵێ: دایە ئەوە چییە؟ ئەویش ئەڵێ: بەخوا ڕۆڵە شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ وتووم، منیش ئەم دیارییەی بۆ ئەنێرم، تایەر بەگیش ئەڵی: دایە ئەم شیعرە جنێوە!! هەر کەس پێی بڵێن سنەیی خۆی ئەکوژێ!!

## ٢٢

ئەگێڕنەوە جارێکیان مەحمود بەگی دەلۆیی بەخۆی و نۆ سوارەوە ئەچێ بۆ کەرکووک، ئەیەوێ ئەو جارە میوانی شێخ ڕەزا بێ. هەر بۆ ئەوەی نەختێک پارەی پێ خەرج بکا و کەمێک تووڕەی بکات، کە ئەگەنە کەرکووک یەکسەر ئەچن بۆ ماڵی شێخ ڕەزا. شێخ ڕەزاش بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕیان ئەکات، مەحمود بەگ پێی ئەڵێ: یا شێخ میوانی تۆین، تەویلەی گەورەمان ئەوێ بۆ وڵاخەکان و جێگا و پێخەفی پاک و تەمیزمان ئەوێ بۆ خۆمان و لەگەڵ خواردن و کردنی زۆردا.

شێخ ڕەزاش کوتوپڕ پێی ئەڵێ: یاخوا بەخێربێن بەخوا تەویلەی چاکمان هەیە بۆ وڵاخەکانتان، جێگاوڕێگا و نوێنی پاک و تەمیزمان هەیە بەخواردنی چاکەوە. ئەمێنێتەوە کردن بۆ ئەوەش کارەکەرێکی دەلۆییمان هەیە، بۆتان ئەنێرم، لۆیەکی بۆ خۆت و نۆ لۆکەی تریش بۆ پیاوەکانت.

## ٢٣

شێخ ڕەزا ئاشنای هەموو بەگزادەکانی جاف بووە، بەتایبەتی وەسمان پاشا، هەموو ساڵێ سەری لێ داون، چەند ڕۆژێ لەلایان ماوەتەوە، ئەو چەند ڕۆژە بووە بەکۆبوونەوە

و ڕابواردن و شیعر خوێندنەوە و قسەی نەستەق. لە هەموو لایەکەوە دیاریی بۆ براوە، لە پاش چەند ڕۆژێ گەڕاوەتەوە و بەکیسەی پڕ و خورجی پڕ و هەگبەی هەڵئاوساو و ناوچەوانی ڕوون و دەمی بەپێکەنین و دڵی پڕ لە کەیف و خۆشییەوە. هەر بەو ڕوانگە ساڵێک لە بەهارا شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ هەڵەبجە بۆ ماڵی پاشا، بەڵام وەسمان پاشا لەو کاتە لە پێنجوین ئەبێ، خانم سێ چوار ڕۆژ گلی ئەداتەوە، خزمەتێکی زۆر چاکی ئەکات، لەپاشا شێخ ڕەزا ئەیەوێ بچێت بۆ لای پاشا لە پێنجوین. سێ وڵاخی بۆ زین ئەکەن. یەکێکیان بۆ شێخ ڕەزا و دووانەکەی تر بۆ دوو پیاو کە لەگەڵی بچن بۆ پێنجوین. لەکاتی ڕۆین و بەڕێکردنیشا خانم سێ سەد قرانی بۆ ئەنێرێ، شێخ ڕەزا کە ئەگاتە پێنجوین وەسمان پاشا زۆری پێ خۆش ئەبێ، بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: هیوادارم کە لە هەڵەبجە خزمەتی باش کرابیت و هیچ گلەییەکت نەبێ، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: بەخوا پاشا هیچ گلەییەکم نییە. تەنانەت لە کاتی سواربوونیشا خانم خەڵاتێکی باشی کردم.

## ٢٤

جارێکیان شێخ ڕەزا لە کوڕی شێخ عەلیی کاکیا دائەنیشێ لە بەغدا کە پڕ ئەبێ لە مەلا و خوێندەواری بەرز، بەڕێکەوت شێخ عەلی ئەم فەرموودەی پێغەمبەرە ئەخوێنێتەوە:

«دع ما یریبک الی مالا یریبک»

واتە کارێک مەکە کە گومانت تیابێ کارێک بکە گومانت تیا نەبێ.

یەکێک لە مەلاکانی بەغدا ئەڵێ: یاشێخ (یرب) بخوێنەرەوە بەسەر نەک بەبۆر چونکە (ثلاثی مجردە) لە بابی دووەم. شێخ ڕەزاش کوتوپڕ قسەکەی ئەباتەوە دواوە، لە وەڵامیا ئەم ئایەتە ئەخوێنێتەوە:

«أنکم لفي شك مریب» واتە ئێوە لە گومانان کە ئەڵێن «اراب-یریب» نەهاتووە، بەڵکو هاتووە، وەک لە وتەی (مریب) دەرئەکەوێ لەم ئایەتەدا کە «أسمی فاعلی اراب-یرب»ە.

## ٢٥

شێخ ستاری تاڵەبانی کۆنەژنێکی شێخ ڕەزا مارە ئەکات، لەسەر ئەوە شێخ ڕەزا لێی زویر و دڵگیر ئەبێ. وە ئەو قەسیدە بەناوبانگەی لە هەجوی شێخ ستاردا نووسیویە لەبەر ئەم هۆیە بووە. لە پاشا کە شێخ ستار ئەمرێ، شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ پرسەکەی و سەرەخۆشی لە شێخ قادری کوڕی ئەکات. نیوەڕۆ شێخ ڕەزا ئەیەوێ دەستنوێژ بشوا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێیەکەی شێخ ستاریش ئاودەستی تیا نابێ. شێخ ڕەزا لە شێخ قادر ئەپرسێ ئاودەستخانە لە کوێیە، شێخ قادریش وا دەردەکەوێ لەسەر ئەو قەسیدەیەی شێخ ڕەزا لە زەمی باوکیا وتوویەتی بەدڵ لێی دڵگیر بووە. لەبەر ئەوە بەساردێکەوە پێی ئەڵێ: ئێرە ئاودەستخانەی تیا نییە بچۆ ئەو دەشتە بۆ کۆرە شیوێک. شێخ ڕەزاش ئەڵێ: من خۆم کۆرە شیوێکم لێرە هەیە، بەڵام جێگایەکی پەنام ئەوێ!

مەبەستی شێخ ڕەزا کۆنە ژنەکەی خۆیەتی کە لە ماڵی شێخ ستارە.

## ٢٦

ئەگێڕنەوە شێخ ڕەزا یەکەم جار ئەچێ بۆ ئەستەموڵ، چەند مەلایەکیش هەر لە کەرکووکەوە ئەچن بۆ ئەستەموڵ، لەوێ یەک ئەگرن بۆ داوای زیارەتی سوڵتان عەبدولحەمید کۆ ئەبنەوە، بەیەکەوە ئەچنە ژوورەوە. شێخ ڕەزا لە خوار هەموویانەوە دائەنیشێ، بەڕێکەوت لە سەرەی قسەدا ترشییاتی کەرکووک دێتە پێشەوە. یەکێکیان لە مەلاکان باسی گێزەری ناو ترشییات ئەکات کە زۆر خۆشە، عەبدولحەمیدیش ئەپرسێ گێزەر چییە؟ ئەوانیش هەریەکە تەعریفێکی بۆ ئەکەن، بەڵام عەبدولحەمید لە هیچیان تێ ناگات. شێخ ڕەزا زەردەخەنەیەک ئەکات عەبدولحەمید ئەڵێ: ها -قۆجە- تۆ چی دەڵێیت؟ ئەویش هەڵئەستێتە سەرپێیان ئەڵێ: پاشام گێزەر شتێکی وایە لە ڕووی ئێوەدا تەعریف ناکرێ، کە وا ئەڵێ عەبدولحەمید ئەڵێ: ئافەرین قۆجە ئەوا تێگەیشتم.

## ٢٧

شێخ ڕەسوڵی پڵاوخۆر لای مەحمود پاشا ئەبێ لە هەڵەبجە، دوای چەند ڕۆژێ ئەڵێ: ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی لەوێوە بچم بۆ کەرکووک، مەحمود پاشا ئەڵێ: کەواتە ئەم حەوت سەد لیرەیەی منیش لەگەڵ ئەم کاغەزەدا ببە بۆ شێخ عەلی تاڵەبانی. بۆم ئەدا بەمولک، شێخ ڕەسووڵ پارەکە و کاغەزەکە وەرئەگرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، لەوێوە ئەچێ بۆ کەرکووک کە ئەچێتە تەکیە تەماشا ئەکات هێشتا شێخ عەلی نەهاتووە بۆ تەکیە. بەڵام شێخ ڕەزا بەتەنیا لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووە، ئەمیش ئەچێتە لای شێخ ڕەزا دائەنیشێ لە پاش کەمێ کە چاو ئەکاتەوە شتێک ئەبینێ کە کراوە بەسنگێکا، ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەوە چییە؟ ئەویش ئەڵێ: ئەوە چەتری ماتلییە لە ئەستەموڵەوە بۆیان ناردووم بەدیاری و هێشتا ئەمە نەهاتووە بەعێراقا. ئەمیش ئەڵێ: ئا کامەتا؟ شێخ ڕەزاش هەڵئەستێ و چەترەکەی بۆ دائەگرێ و نیشانی ئەدا کە چۆن هەڵئەدرێ و چۆن دادەدرێتەوە، شێخ ڕەسوڵ زۆری حەز لێ ئەکات، ئەڵێ یاشێخ ئەمە با

کتێبخانەی دیجیتاڵی

بۆ من بێ، شێخ ڕەزاش لە ڕووی دائەمێنێ و ئەڵێ: پیرۆزت بێ. لە پاش تۆزێکی تر شێخ ڕەسوڵ ورد دەبێتەوە تەماشا ئەکات شتێک لە سووچێکی ژوورەکە دانراوە، ئەڵێ: ئەوە چییە یاشێخ؟ ئەویش ئەڵێ ئەوە جاخێک تووتنی بێشەمەیە بەدیاری بۆم هاتووە، ئەمیش ئەڵێ: ئا کامەتا؟ ئەویش ناچار ئەچێ بۆی ئەهێنێ، ئەمیش سەبیلێکی لێ تێ ئەکات کە مژێکی لێ ئەدا مەستی ئەکات بەبۆن و بەرامەی خۆش. شێخ ڕەسوڵ ئەڵێ: بەخوا شێخ تۆ ئەم جۆرە شتانەت زۆر بۆ دێ، ئەوەشیان با بۆ من بێ، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: یا شێخ تۆ تا ئەمڕۆ مەشهووریت بەشێخ ڕەسوڵی پلاوخۆر بەڵام بەخوا تۆ پیاوخۆریت، ئەم خەڵکە لە ترسی شیعر و زمانم لە هەموو لایەکەوە دیاریم بۆ ئەنێرن کەچی تۆ بەهەناسەیەک ماڵت وێران کردم و کردەی ساڵێکت بردم. شێخ ڕەسوڵیش دەست ئەکا بەپێکەنین و تووتنەکەش لای چەترەکە دائەنێ. ئینجا شێخ ڕەسوڵ بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: مەحمود پاشای جاف حەوت سەد لیرەی بەمنا ناردووە بۆ شێخ عەلی کە بۆی بدا بەمولک، بەخوا ئەو مولکەی بەحەوت سەد لیرە بکڕێ بەشەش سەد و نەوەدیش ئەکڕێ، کەواتە با دە لیرەی لێ دەربێنین پێنجی بۆ تۆ و پێنجی بۆ من، شێخ ڕەزاش شتی وای لە خوا ئەوێ، هیچیان نازانن کە مەحمود پاشا لە کاغەزەکەیا ژمارەی لیرەکانی نووسیوە بۆ شێخ عەلی، شێخ ڕەسوڵ پارەکە و کاغەزەکە لە بەردەمیا دائەنێ، شێخ عەلی کە کاغەزەکە ئەخوێنێتەوە بەحەمەی وەستا فەتاح ئەڵێ: «کە سندوقداری ئەبێ» ئەم لیرانە بژمێرە، کە ئەیانژمێرێ تەماشا ئەکا شەش سەد و نەوەد لیرەیە، شێخ عەلی ئەڵێ، مەحمود پاشا لە کاغەزەکەیا نووسیویە حەوت سەد لیرەیە. شێخ ڕەسوڵ بەشەرمەوە تەماشای شێخ ڕەزا ئەکات و شێخ ڕەزاش هەروەها، دانیشتووانیش هەموو بەزەردەخەنەوە تەماشایان ئەکەن، شێخ عەلی تێ ئەگات و بەسندوقدارەکەی ئەڵێ – قەی ناکا، پارەکە هەڵگرە، لە پارەی من دە لیرەی بخەرە سەر، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: لە عومری خۆم ئەوەندە شەرمەزار نەبووم.

## ٢٨

مەلا سەعیدی مەلا قادر کە مامی جەلال صائب و جەمیل صائب بووە، ئەیگێڕێتەوە ئەڵێ: شێخ ڕەزا دەستووری وا بووە هەرچەند لە ژووری خۆیا بووایە بەتەنها لەسەر گازی پشت ئەکەوت، زۆر جار قاچیشی هەڵ ئەنا بەدیوارا و بەمنی ئەوت: سەعە ئینجا قسەی قۆڕم بۆ بکە، مەلا سەعید ئەڵێ: منیش هەر جارەی باسێکم بۆ ئەکرد. ڕۆژێک باسی یەکێکم بۆ ئەکرد لە پیاوانی سلێمانی، وتم قوربان ئەم کابرایە کێری ئەوەندە زلە هەرچەند لە ئاودەستخانەکانی مزگەوتی خۆیان میز بکات تارات ناگرێ بەڵکو کێری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگرێ و ئەیکا بەحەوزی ئاودەستخانەکەدا- مەلا سەعید ئەڵێ: شێخ ڕەزا دایە قاقای پێکەنین وە لە خۆشی قسەکە هەردوو قاچی بەرزکردەوە و شلَپ ماڵی بەزەویدا. منیش وتم: یاشێخ تۆ هەر بەباسی کێری کابرا هاتیتە تەڵەب. مەلا سەعید ئەڵێ: کە وام پێ وت هەستایە سەر قنگ وتی: سەعە ئەوەتەی من هەم کەس قسەی وا قورس و لەباری پێ نەوتووم، هەتا لە سلێمانیم ئەم قسەیە نەگێڕیتەوە بۆ کەس، مەلا سەعید ئەڵێ: تا شێخ ڕەزا نەگەڕایەوە ئەم قسەیەم نەگێڕایەوە.

## ٢٩

لە ئەستەمولْ بەیانییەک شێخ ڕەزا ژنێکی زۆر جوان ئەبینێ پێی ئەڵێ: ئیمانم، بۆ کوێ ئەچیت؟ ئەویش ئەڵێ: ئیمانتیان گاوە و ئەچێ بۆ حەمام!

## ٣٠

جارێ شێخ ڕەزا چەند میوانێکی ئەبێ، باسی زیرەکی خەڵکی سلێمانییان بۆ ئەکا، ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ زیرەکییان هەیە بەڵام نەک بەم ڕەنگەی جەنابتان ئەڵێیی، ئەویش ئەڵێ: بەڵێ لەوەش زیاترە، بەڕێکەوت لەو کاتەدا گێزەر فرۆشێک بەکۆڵانەکەی تەکیەدا ئەڕوا و هەر ئەڵێ «های گێزەر» شێخ ڕەزا ئەڵێ: ئەوە خەڵکی سلێمانییە، ئا بانگی کەن. کە دێت شێخ ڕەزا ئەڵێ: گێزەر بەچی ئەفرۆشیت، کابرا ئەڵێ: بەهەموو شتێک ئەفرۆشم، بەپارە، بەنان، بەپێڵاوە کۆن... هتد شێخ ڕەزاش ئەڵێ: ئەی بەگووی ئەدەیت؟ ئەویش سەر دائەخا و بێدەنگ ئەبێ؟ شێخ ڕەزا پێی ئەڵێ: بۆ هیچ وەڵامت نییە؟ ئەویش سەر بەرز ئەکاتەوە و بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: بەگووشی ئەدەم ئەگەر خۆم دەری بێنم! شێخ ڕەزاش ڕوو ئەکاتە میوانەکانی و ئەڵێ نەموت خەڵکی سلێمانی بەتوورفرۆش و کەوەرفرۆش و گێزەرفرۆشەوە زیرەکن!

## ٣١

لە سەفەرێکی ئەستەمولْدا شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ لای نامیق کەمالی شاعیری گەورەی ئەو سەردەمەی تورکی عوسمانی، دیارە شێخ ڕەزا بەجلوبەرگێکی مەلایانەی کوردەواری لای خۆمان و نامیق کەمالیش لە یەکێ لە کۆشک و سەرا جوان و ڕازاوەکانی ئەو شارەدا ئەبێ، شێخ ڕەزا لە هۆڵی چاوەڕوانیدا ئەبێ، نامیق کەمال لە یەکێ لە خزمەتکارەکانی ئەپرسێ، ئەمە کێیە لەوێ دانیشتووە؟ شێخ ڕەزا گوێی لە پرسیارەکەی ئەبێ لەبەرچاوی دانیشتووانی دیوەخاندا ئەڵێ: «فحول أهل كمالكم» نامیق کەمال کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم وەڵامە ئەبیستێ دێتە خوارەوە و ئەڵێ شێخ ڕەزا بەخێربێی.

## ٣٢

جارێک لە شێخ ڕەزا ئەپرسن بۆچی هەجوی هەندێکت کردووە و بەرامبەر هەندێکی تر بێ دەنگ بووی؟ لە وەڵامدا وتوویە: «ئەو کەسەی دیار نەبێ من هەجووی ناکەم».

## ٣٣

شێخ ڕەزا جارێک ئەچێتە دێی بادەوا کە سەر بەناحیەی لەیلانە ئەبێ بەمیوانی خزمێکی کە کۆنەژنی تەڵاقدراوی شێخ ڕەزای مارە کردبووەوە. خانەخوێیەکەی پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئاگاداربە حەوشەکە چاڵی عارەب قوزی لێیە تاریکە شەوە نەکەویە ناویەوە. ئەویش یەکسەر ئەڵێ: قەی ناکا بیشکەومە ناوی ناترسم، کۆنە چاڵی خۆمە!

## ٣٤

شێخ ڕەزا ئەچوو بۆ تەکیە، چەند هەرزەکاری خەڵکی گەڕەکی تەکیە ڕێی لێ ئەگرن و داوای لێ ئەکەن شیعرێکیان بەسەرا بڵێ ئەویش ناچار پێی وتوون:

حەرامزادە و دایکی خۆگێی بەر تەکیەیی زۆرە
خلە وبلە و فشەگاڵتە و عەزە دەم بۆرە

## ٣٥

شێخ ڕەزا بەسواری کەرە سپییەکەی دێت و ئەگاتە خانەقای عەبدولقادری ئەسیری، لەوێ شێخ ڕەزا دائەبەزێ. ڕەفیق ئەفەندی لە بازاڕەوە دێ چاوی بەگوێدرێژە سپییەکەی ئەکەوێ و لائەداتە خانەقاکە، کە ئەچێتە ژوورەوە و شێخ ڕەزا ئەڵێ: ڕەفیق چۆنت زانی من لێرەم وا هاتیت؟ ڕەفیق ئەفەندی ئەڵێ: کە کەرەکەم دیت زانیم تۆیت!!

## ٣٦

شێخ ڕەزا جارێک لە ماڵی مەحمود پاشای جاف ئەبێ لە کانی چەقەڵ ئەچێ بۆ سەر سیروان بۆ مەلەکردن. ژن و بووک و کچی پیاوێکی پشت ماڵە لەسەر ڕووبارەکە جلیان ئەشت، بەڵام ئەمانەش قۆشمە بوون، شێخ ڕەزاش خۆت ئەزانی چاوی کز بوو. ژنەکە دەست ئەخاتە سەر قوزی خۆی و ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەمە چییە؟ شێخ ڕەزا ئەڵێ: ئەوە تەویلەخانەیە. ئەمجا بووکەکەی دەست ئەخاتە سەر هینەکەی خۆی و ئەڵێ: ئەی ئەمە چییە؟ شێخ ئەڵێ ئەوە کانی پانەیە. پاشان کچەکە ڕووی تێ ئەکا و دەست ئەخاتە سەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هینەکەی خۆی و ئەڵێ: توخوا شێخ ڕەزا ئەی ئەمە چییە؟ یاشێخ ئەڵێ: ئەوە مێرگە جوانە، ئەمجا ئەمیش دەست ئەخاتە سەر حەیتەکەی خۆی و ئەڵێ: دەی کچینە ئەمە چییە؟ ئەڵێن نازانین. ئەڵێ بۆچی نازانن، ئەمە جوانووی جوانە، لە مێرگ جوان لەوەڕانم لە کانی پان ئاوم دا، لە تەویلەخانە بەستمەوە.

## ٣٧

دەماودەم بیستراوە، ئافرەتێکی قۆشمە دەچێت بۆ لای شێخ ڕەزای تاڵەبانی پێی دەڵێ: مامە شێخ هاتوومە سەر بەرەکەت بەڵکو دەرزێکم پێ بڵێی!

شێخ ڕەزایش لە وەڵامدا دەڵێ: باجی فلان بەخێرهاتی تکای لێبوردنم هەیە، چونکە نە توانای دەرز وتنەوەم هەیە، نە توانای درز گرتنم هەیە...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەراوێزەکان

**شیعری ژمارە ١**

١- لوقمان کوڕی باعوراو و خوشکەزای ئەیوب پێغەمبەرە، بەشی زۆری زانایان لەسەر ئەوەن کە پێغەمبەر نەبووە. بەڵکو زانایەکی دانا بووە و خوا ئامۆژگارییەکانی پەسند کردووە بۆیە لە قورئانا بۆمان ئەگێڕێتەوە لوقمانی ویصالت واتە وەصڵت وەک لوقمانی حەکیم و ویصاڵی هەموو دەردێکە.

٢- ئاوی بەقا: جاران دەنگ بڵاوبووە کە لەوپەڕی جیهانەوە تاریکستانییەک هەیە. کانییەک ئاوی سازگاری تیایە پێی ئەڵێن ئاوی بەقا، واتە هەر کەسێک لێی بخواتەوە هەرگیز نامرێ و هەر ئەمێنێ. هەر وا بڵاوە کە ئەسکەندەر زۆر گەڕاوە بەدوای ئەو ئاوەدا و نەیدۆزیوەتەوە. وە هەر کەسێک لەسەر لێوی دلبەرا - کە ئەڵێی لەعلی بەدەخشانە - تالیبی ئاوی بەقابێ شێتە. ئەگینا عەوداڵی ئەویان ئەبوو نەک ئەمیان.

٣- ئاتەشکەدە: جێگای ئاگرە لە عیبادەتخانەی ئاگرپەرستا.

ڕەهرەوی: لە چاپی پێشوودا واردی. سەحرای: لە چاپی پێشوودا سەحرائییە.

واتا تاو و گڕی کوورەی هیجرانی نزیکە منیش وەک مۆم بسووتێنێ و بمبا بۆ دەشتی نەبوونی.

٤- تقدیری: لە چاپی پێشوودا -تقدیری-یە. ڕەقیب: جاسووسی ناپاک.

٥- هەرسێ: لە چاپی پێشوودا -هەسیە. بەزل: بەخت کردن. نثار: شاباش کردن.

**شیعری ژمارە ٢**

١- جاف: ئەم تیرەی جافە دووسەد و پەنجا ساڵ لەمەوپێش باپیریان زاهیر بەگ لە جوانڕۆوە هاتووە بۆ ناوچەی وارماواوە لەوێوە لە نزیک دێی چەمەرگەوە کۆچی دواییی کردووە و سلێمان بەگی کوڕی لە جێی دانیشتووە. دوای سلێمان بەگ کەیخوسرەو بەگی کوڕی چۆتە هەڵەبجە و حەمەد پاشای کوڕی لەوێ لەدایک بووە.

حەمەد پاشا دوو کوڕی بووە. مەحمود پاشا و وەسمان پاشا. مەحمود پاشا لە قزرابات مردووە. لە مزگەوتەکەی خۆی لەوێ نێژراوە و ئەوقافێکی یەکجار زۆری بۆ داناوە. وەسمان پاشاش لە هەڵەبجە کۆچی دواییی کردووە و لە خانەقای تەوێڵە لە خزمەت شێخی سیراجەدینا نێژراوە.

٢- زەمانە: لە چاپی پێشوودا عەشایر-ە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەزا- لەچاپی پێشوودا- ئەجەل-ە ناف- ناوکە.

٣- گەندیان هەموو وەکو یەک - لە چاپی پێشوودا- کامیان کەگەنە.

مەصاف: جێی ڕیزبەستنە لە کاتی جەنگا.

٤- چونکە بەڕەسەن: لە چاپی پێشوودا: چونکە ڕەسەنی.

درشتیان: لە چاپی پێشوودا: درەشتیان. سارییە: لە چاپی پێشوودا: ساریە-یە.

دوورد: خلّتەی شەرابە کە ساف نەبووبێ، لە چاپی پێشوودا: دلدایە.

٥- هەیجا: جەنگێکە کە خوێنی تیا ڕژابێ.

٦- یاتون: لە چاپی پێشوودا -یبغون-ەیە. ثقالا: واتە بەسواری. خفافا واتە بەسووکی و چالاکی.

٧- ئەم نیوە شیعرە فارسییە: واتە داواکارم لە خوا کە دوژمنت پەت کات. خودا: لە چاپی پێشوودا خوایە -کە ئەمە لەنگە.

٨- واتە بەرامبەر ئەم غەزەلە دیارییەکی باش بنێرە بۆ شێخ ڕەزا با بکەوێتە شیعر وتن. غیلاف: کێلان. ڕەحمی بکە با شێخ ڕەزا: لە چاپی پێشوودا لوتفێ بکە با شێخ ڕەزا-یە.

**شیعری ژمارە ٤**

١- قیامەت: لە چاپی پێشوودا: قیامەتە-ە.

٢- بێشەمە و شاور و شێتن: ناوی سێ شوێنن لە قەزای قەڵادزە کە تووتنی بۆنداریان هەیە.

ڕەشبێ: -لە چاپی پێشوودا- دەرچێ-یە.

٣- نە لەجافا: لە چاپی پێشوودا- نە بەجاخا-یە.

٤- ڕێی نەوتەکە: واتە ئەگەر بلّێین- بابەگوڕگوڕ باجگری زۆرە و ناوێرم لەوێوە بێم. ڕێی خاسەش بەشەو چۆڵە ئەترسم ڕووتم کەن منیش ئەلّێم با لەڕێی بلاغەوە بێ.

٥- کردوە: لە چاپی پێشوودا -کردووە- کە ئەمە لەنگە.

٦- چەمەن: لە چاپی پێشوودا- چمەند.

**شیعری ژمارە ٥**

١- قرب الخاقان: لە چاپی پێشوودا- مقربی الخاقان-ە.

٢- بەکۆدەکی: وتەیەکی فارسییە واتە بەمنالّی.

٣- دوودەمان: وتەیەکی فارسییە بەمانای خانەوادەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنم دگل: ئەو دوو وتەیە تورکییە واتە لەم قەباحەتەدا من دەخلم بەسەرەوە نییە. هەبابە: وتەیەکە بۆ سەرسوڕمان بەکاردێنرێ. وەک وتەی هەی بابە.

٤- کوێرش: لە چاپی پێشوودا- کوێریش.

٥- لە ئەبانت: جەمعی ئەبی بەمەعنا -باوک-ە لەسەر ئاهەنگی جەمعی کوردی وەک -کوڕان و کچان. واتە لە باوباپیرانت حاشا مەکە و ئەم نەخۆشییە بەکەلەپوور لەوانەوە بۆت ماوەتەوە.

**شیعری ژمارە ٦**

١- بەڕۆمو دوو: لە چاپی پێشوودا -بەرۆم داوە-یە.

٢- بەکوزی دایکیا چووبوو: لە چاپی پێشوودا -بەکوزیا چووە دایکی-یە. شەکەم: وتەیەکی فارسییە بەمەعنا سکە.

٣- ڕەحەم: منالدان.

**شیعری ژمارە ٧**

١- مەشنەوە: مەبیستە.

**شیعری ژمارە ٨**

١- شێخ حەمە عەلی کەڕە: گەورەی حاجی شێخ عەلی تالەبانییە گوێی سەنگین و زبانی لاڵ بووە هەروەک نەخوێندەواریش بوو لە دوای جەنگی تێکڕاییی جیهان. هەرچەند لە بەینی کەرکووک و بەغدادا شەمەندەفەر و ئۆتۆمبیل هەبوو بەڵام ئەم هەر بەسواری ماین و ئەسپ هاتوچۆی ئەکرد. شێخ حەمە عەلی دوو ژنی هەبوو یەکێکیان فاتیمەخان کە خەڵکی سابلاغ بوو وە دایکی شێخ جەمیل و شێخ جەمالە ئەوی تریان زێباخانە کە خەڵکی زەهاوە.

**شیعری ژمارە ١٤**

ئەم شیعرە پەندێکی پێشینانی گرتۆتە خۆی کە ئەڵێ: «سەگی کونەماسییە و پاسی جرتاوا ئەکات» کونە ماسی ناوی دێیەکە لە ناوچەی شارباژێر، هەروەک جرتاوا ناوی دێیەکە لە ناوچەی ناوبراو. ئەم پەندە بەیەکێک ئەبرێ کە لە شوێنێک بەهرەیەکی دیبێ کە خزمەتی ئەو شوێنە نەکات وەخزمەتی شوێنێکی تر بکات کە هیچ بەهرەیەکی لێ نەدیبێ. واتە کێ ر لە کاتێکدا لەناو کوزدا هاتوچۆ ئەکات خۆشی وەرئەگرێ. یاساوڵێکی وەک گون لەبەر دەرگای قنگدا ڕائەگرێ و فەرمانی چاودێری و پاراستنی ئەوی پێ ئەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**شیعری ژمارە ١٥- ١٦**

ئەگێڕنەوە کە مستەفا بەگی باوەجانی کە نەخوێندەوار بووە بەڵام شاعیرێکی کتوپڕی زۆر بەرز و بەمەعنا بووە. دەچێ بۆ لای وەسمان پاشای جاف کە ئەچێ شێخ ڕەزای تاڵەبانیش لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لەوێ ئەبن. ئەوانەی کە لەوێ ئەبن زۆر تەعریفی شاعیریی مستەفا بەگ ئەکەن شێخ ڕەزاش دەمار ئەیگرێ.

**شیعری ژمارە ٢٦**

شەیپوور: شتێکی درێژکۆڵەی بۆشە لە جۆرە تەنەکەیەکی ئەستوور کە فووی پیا ئەکرێ دەنگێکی زۆر گەورەی لێ پەیدا ئەبێ کە پێی ئەڵێن بۆڕیە.

**شیعری ژمارە ٢٧**

وا دەرئەکەوێ چەند شاعیرێکی کورد کە پایەی شاعیرییان لە شێخ ڕەزا کەمتر بووە. بەڕێکەوت کۆبوونەوە لە ژوورەکەی شێخ ڕەزا لە تەکیەدا وە کۆڕێکیان گرتووە بەشیعر وتن، شێخ ڕەزاش شیعرەکانیانی بەدڵ نەبووە، وە ئەم شیعرەی تیا وتووە. ڕادەی شاعیرییانی دەستنیشان کردووە.

**شیعری ژمارە ٣٠**

١- ڕەشحە: نم و دڵۆپە نەتەکێ، لە چاپی پێشوودا نەچکێ-یە.

٢- حەلق: گەروو. سروود: نەغمە و ئاواز. چەشمە: سەرچاوە.

٣- مەبەست لە سەفەر - مردنە.

٤- ساغر: وتەیەکی فارسییە بەپیاڵەی شەراب ئەڵێن.

مەزاقم: لە چاپی پێشوودا - موزاقم.

**شیعری ٣١**

١- فەتتان: فیتنەگەر. جادووگەر: سیحرگێڕ.

٢- عیشوە: ناز و خۆبادانێکی تایبەتییە.

٣- غەمزەدە: خەمبار.

٤- شەکیب: سەبر و دان بەخۆداگرتن. واتە ئەی دلبەری خۆشەویست ئەوەتەی دڵی خەفەتبارم لە تۆ دوور کەوتۆتەوە سەبرم لێ دوور کەوتۆتەوە بەقەد دوورکەوتنەوەی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا.

٥- فراز: شوێنی بەرز.

کتێبخانەی دیجیتاڵی

٦- نەشـــیب: شـــوێنی نزم و پەست. واتە هیـچ چاڵی و دەرەیـەک بەبێ بەرزی و هەورازێک نەبووە. بەڵام بەخـوا من لە عـەشـقی تۆدا هەر پەسـتی و نزمـیم دیوە جارێک نەمدی بەخۆمەوە بەرزییەک.

٧- طینەت: سروشت

٨- طیب: بۆنی خۆش

٩- زیب: ئارایش

١٠- خەرقە: جۆرە پاڵتۆیەکی مەلایانەیە.

١١- سەبحە: تەزبیح

١٢- زوننار: جۆرە پشتێنێکە هەر گاور ئەی بەستێتە پشتی.

١٣- چەلیپا: بەشتێک ئەڵێن کە لەسەر شکڵی دوو خەت بن کە بەناوەڕاستی یەکا بچن.

١٤- صەلیب: موعەرەبی چەلیپایە کە ئەمیش هەر گاور ئەیکاتە ملی.

**شیعری ژمارە ٣٢**

١- شێخ سەعید و شێخ مەعروف دوو کوڕەزای کاک ئەحمەدی شێخن، کاک ئەحمەد لە ساڵی ١٣٥٠ کـۆچی دوایـیی کـردووە. تاقـە کـوڕێکـی هەبووە، شـێخ مـحەمـەدە بچکۆڵە. ئەم کوڕە حەوت کوڕی لە پاش بەجێ ماوە. سەید ئەحمەد، شێخ سەعید، شێخ مارف، شێخ مستەفا، سەید حەسەن، سەید عومەر، سەید عیسا، ئینجا سەید ئەحمـەد لە پێش کاک ئەحمەد بەشەش حەوت ساڵ کۆچی دوایی کردووە. شێخ مستەفاش بەسەرینی کاک ئەحمەد بووە بەنەقیبی سلێمانی، لە شوێنی سەید ئەحمەدی کوڕی میرەسوورە. ئەم شێخ مستەفایە لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچی لەدایک بووە، وە لە ساڵی ١٣٢٠ی کـۆچی لە مـەککە کـۆچی دوایی کـردووە واتە سـاڵی ١٩٠٢ی زایینی دوای ئەم شـێخ مـارف بـوو بەنەقـیب (الاشراف) دوای ئەم شـێخ مەحمود بوو بەنەقیب وەک لە خوالێخۆشبوو سەید برایمی بیستووە. ئەوانەی کە بەینی شێخانی سلێمانی و تاڵەبانییان تێک دا وەک خۆیان ئەڵێن: چەند پیاوی خراپ بوو لە شێخانی کانیکەوە.

**شیعری ژمارە ٣٣**

١- عەنکەبووت: جاڵجاڵۆکە.

٢- پەڵوشـە: بنەگـیـایەکی ئەسـتـوور و درێژ و قـژقـژاوییـە دەردێنرێ و بەدەسـتـیـشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەکرێتەوە و ئەکرێ بەچاوگی ئاگر.

حووت: نەهەنگی گەورە.

٣- جدەو: برینێکە لە پشتی گوێدرێژ پەیدا ئەبێ بەهۆی باری قورس و گرانەوە. گوێی: لە چاپی پێشوودا گوێ-یە.

٤- جەلجەلووت: دوعایەکە ئەخوێندرێ بەسەر یەکێکا کە شێت بووبێ.

**شیعری ژمارە ٣٤**

١- ئەگێرنەوە کابرایەک لە خزمەکانی شێخ ڕەزا ئیشێکی ئەبێ لە دادگای هەولێر لە کاتێکا کە مەعروف ئەفەندی باشکاتبی بدایەت لەوێ ئەبێ. کابرا داوا لە شێخ ڕەزا ئەکا کە کاغەزێکی بۆ بنووسێ بۆ مەعروفەفەندی تا ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بکات. شێخ ڕەزاش کاغەزەکەی بۆ ئەنووسێ بەڵام کابرا لە کاتێکا کاغەزەکەی ئەداتێ کە مەعروف ئەفەندی زۆر سەری قاڵ ئەبێ و کاغەزەکەی بۆ ناخوێندرێتەوە کابرا دەرئەکات. کابراش ئەگەڕێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزا و ئەمەی بۆ ئەگێڕێتەوە. شێخ ڕەزاش ئەم تەخمیسەی بەکابرادا بۆ ئەنێرێ. مەعروف ئەفەندی کە شیعرەکان ئەخوێنێتەوە لە ئاستی خۆی وشک ئەبێ بەڵام دڵنەوایی کابرا ئەکات و ئیشەکەی بۆ جێبەجێ ئەکات. کابرا دێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزا و قسەکانی مەعروف ئەفەندی بۆ ئەگێڕێتەوە. شێخ ڕەزاش ئەم شیعرەی بەکابرادا بۆ ئەنێرێ:

مەعروفی پڕ دیرایەت، گوڵی باخی هیدایەت
چیت پێ بڵێم چاوەکەم، ڕەحمەت لە باب و دایەت

٢- ئەکا دیعایەت: تا خۆی خێری لێ ببینێ.

٣- رانیم: واتە تاوم دا.

**شیعری ژمارە ٣٧**

١- واتە ناسرەدین شا، تا هاتی بوو دوو جار سی ئەکاتە شەستساڵ بەئیستیسنای دوو ساڵ کە ئەمێنێتەوە پەنجا و هەشت ساڵ پاشا بوو. کەچی لەم ماوە دوور و درێژەدا کشێکی نەهاتە ڕێ، کە نیشانەی مردن و نەمانە، بەڵام کاتێک کە نەهاتی هات بەسەد پاسەوانی تایبەتی خۆیەوە لە بستێکی وەک بارەگای -عەبدولعەزیم- دا پیادەیەکی وەک میرزا ڕەزای کرمانی کوشتی. چەند جوانە کۆکردنەوەی کش - و- پەندێکی بەنرخە. ئەم چوارینەیە -ئایەتوڵڵا مەردۆخی- لە جلدی دووەمی مێژووی ئەردەڵانا نووسیویەتی بەناوی شێخ ڕەزاوە لە باسی کوشتنی ناسرەدین شادا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**شیعری ژمارە ٣٨**

١- ئەم چوارینەیەم لە کەشکۆڵێکی دەستنووسا دۆزییەوە.

**شیعری ژمارە ٣٩**

١- ئەم چوارینەیەش هەر وا.

**شیعری ژمارە ٤٠**

مەبەست لە قەلغانی سیمین هەردوو سمتیەتی کە وەک زیو سپییە.

مارتین: ناوی جۆرە تفەنگێکە وەک بڕنەو.

تفەنگی لوولە چەرمین: بریتییە لە کونی قنگی.

**شیعری ژمارە ٤٦**

١- سنەکی کردم: واتە سمەندوکی کردم.

٢- لەجەر: چرچ و لاواز.

٣- لەسەرم کرد: واتە ناردنیە سەرم کە نەڕۆم.

٤- کارم تەڕ ئەبێ.

٥- ترم کرد: واتە تڕەکە بەریشی.

**شیعری ژمارە ٤٧**

١- دوودەمان: فارسییە مانای خانەوادە، بنەماڵە.

٢- مەبەست لە نەتیجە: شێخ عەبدولڕەحمان-ە. مەبەست لە تاڵی: شێخ ئەحمەد-ە.

مەبەست لە موقەدیم: مەلا مەحمود و، مەبەست لە ئەوان: مەلا مەحمود و شێخ ئەحمەدە. مەبەست لە ئەم: شێخ عەبدولڕەحمان-ە نەتیجە و تاڵی و موقەددیم: زاراوەی منطق-ین لە قەزیەی شەرتییەدا.

**شیعری ژمارە ٤٨**

شێخ ڕەزا لەگەڵ مستەفا بەگ ناوێکا یاری شەترەنج ئەکا. مستەفا بەگ وا ئەزانێ کە شێخ ڕەزا ماتە و واتە زەبوونە و کشی لێ ئەکا و لە پاشا کە وا ئەزانێ وا نییە ئینجا فشی ئەکا. کە ڕوانی ماتە خۆی لە چاپی پێشوودا -کە من هەستام ئەو-ە.

**شیعری ژمارە ٤٩**

١- نەی چین: جۆرە قامیشێکی چینییە بەتایبەتی ئەچێنرێ بۆ ئەوەی شەکری لێ دروست بکرێ. واتە ڕوونەیچین، ئەڵێن: شەکرت خوارد. واتە ناماقووڵیت کرد،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەرویش ئەڵێن: سەرت دا لەبەرد.

٢- دەهەن: لە زبانی فارسیدا بەدەم ئەڵێن. واتە ئەی دلبەر ئەگەر دەمی تۆ نەبوایە کە لە بچووکی جوزئی لایتجزایە منیش وەک حوکەما ئینکاری جوزئی لایتجزام ئەکرد. بەڵام بلێیم چی ناتوانم ئینکاری بکەم چونکە دەمی تۆ بەدرۆم ئەخاتەوە.

٣- جەوهەری فەرد بەوردیلەیەک ئەڵێن کە لەبەر بچووکی خۆی قابیلی دابەشکردن نەبێ. زانایان لە زەڕڕەدا دوو بیریان هەیە یەکەمیان کە حوکەما ئەڵێن: زەڕڕەی وا کە قابیلی دابەشکردن نەبێ نییە واتە هەرچەند بچووک بێ قابیلی دابەشکردنە. بۆمبای زەڕڕە کە تەقێنرا قسەی زاناکانی جێگیر کرد چونکە لە دوولەت کردنی زەڕڕە ئەو تین و تەوژم و گەرمییە پەیدا ئەبێ. قورئانیش لە ئایەتی ٦١ لە سورەتی (یونس)دا ئەگەیەنی کە زەڕڕە قابیلی دابەشکردنە، ئەفەرموێ: (وما يعزب عن ربك من مثقال ذرة في الارض ولا في السماواة ولا اصغر من ذلك ولا في كتاب مبين) واتە پەنهان پۆشیدە نامینێ لە پەروەردگاری تۆ هاوسەنگی زەڕڕەیەک نە لە ئاسمان و نە لە زەویدا وە نە بچووکتری لە زەڕڕە و گەورەتر لەو مەگەر لە نامەیەکی ڕۆشنا هەیە کە عیلمی خوایە.

واتە ئەوی ئێوە بەجەوهەری فەردی دائەنێن قابیلی دابەشکردنە. ئینجا با بێینەوە سەر مانای شیعرەکە، واتە ئەگەر دەمی بچووکی تۆ نەبوایە ئەی دلبەر کە قابیلی دابەشکردن نییە لە بچووکیدا منیش وەک حوکەما ئەموت: کە جەوهەری فەرد نییە بەڵام دەمی بچووکی تۆ چەسپانی کە جزئی لایتجزا هەیە.

**شیعری ژمارە ٥٣**

شێخ ڕەزا ئەم بەیتە شیعرەی بۆ -هەمپەڵ- دکتۆری کەرکووکی وتووە پیرەمێرد ئەم بەیتەی تەخمیس کردووە، لە بەشی -پیرەمێرد و شێخ ڕەزا-دا نووسیومانە. نەمانویست لێرەدا دووبارەبێتەوە.

**شیعری ژمارە ٥٥**

پازار: جۆرە بەردێکی زەردباوی زۆر جوانە دانەی تەزبیحی لێ دروست دەکرێ. ئەم وتەیە بە-پ- نووسراوە وە هەموو کەسێک بە-پێ-ی ئەخوێنێتەوە کە لە ڕاستیدا بازارە بە-بێ- چونکە لەو ڕۆژەدا بازاڕ زۆر قەڵەباڵغە و موسوڵمانان و گاور و جوولەکە وەک یەک لەو ڕۆژەدا ئەچن بۆ بازاڕ. هەریەکە بۆ ئیشوکاری خۆی. بەڵام ڕۆژانی هەینی موسڵمان بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ کە ئەفەرمووێ (الجمعه حج المساكين وعيد المؤمنين) کەمیان ئەچن بۆ بازاڕ بەڵکو

کتێبخانەی دیجیتاڵی

ئیسراحەتی تیا ئەکەن وە خۆیانی تیا ئەشۆن و هاتوچۆی یەکتری ئەکەن. وە ئەچن بۆ جومعەکردن بەجەماعەت. و هەموو بازاڕێک زۆر پڕوچڕە و هەموو کەسێک دوای کاری خۆی ئەکەوێ.

١- دومباڵ: وتەیەکی فارسییە بەمەعنای دوای یەکێک کەوتن.

٢- سورین: وتەیەکی فارسییە بەمەعنای سمت و کەفەڵە. تەڵای دەستەشار - ئەڵێن گوایە جۆرە زێڕێکی ساغی پاکی بێ خەوشی نەرم و شلە وەک گوتکە هەویر وایە، لە دەستا کە گوشرا لە بەینی پەنجەکانەوە دەرئەچێ. لەگەڵ پەنجەت لێ شل کرد ئەچێتەوە جێی خۆی.

٣- واتە داوێنم گرت و پێم وت: مەرحەمەتێکم لەگەڵ بکە ئەی ئەو کەسەی کە وەک ئەڵماس بەنرخی لە دڵما بەم ڕەنگە مەمسووتێنە، ئاگری عەشقم بکوژێنەوە.

٤- واتە پێی وتم: بابە حاجی بڕۆ بەلای ئیشی خۆتەوە بۆ تالان و بڕۆیی؟

٥- واتە قسەی هیچ و پووچ مەکە بێ کەڵکە. پارە بێنە، بێ پارە ئارەزووی ماچ و مووچ مەکە وریابە.

٦- واتە پێم وت ئەوەتە سەد دینارم لە کەمەردایە، پڕە لە پارە.

٧- واتە من کەسێکی بەڕێزم خواجەی کەلام هەموو شاوخونکارێک من ئەناسن.

٨- فسوون: جادوو

٩- جەمبوون: کۆبوونەوە.

١٠- سالووس شعار: هەتیوباز.

١١- چاک کردن: وتەیەکی فارسییە بەمەعنا دڕینە، واتە پەردەی نامووسی خۆی دڕی وتی: وای لێ کردووم پارەکەم ناداتێ ئەمەیە دەستووری پیاوان.

١٢- واتە وتیان: حاجی ئەفەندی حەقی ئەم مناڵە بدە. شتی نهێنی کە ئاشکرا بوو ئیتر ئینکاری بێ کەڵکە.

١٣- واتە پارەت ئەگەر نییە تا سێ ڕۆژ ماوەت بێ. لەم سێ ڕۆژەدا ئەبێ حەقەکەم بدەیت.

**شیعری ژمارە ٥٦**

١- فەرخوندە: وتەیەکی فارسییە بەمانا موبارەکە.

**شیعری ژمارە ٥٧**

کارزار: فارسییە واتا جەنگ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١- هوزەبر: وتەیەکی فارسییە بەمانا شێرە.

٢- زولفەقار: ناوی شیرەکەی پێغەمبەرە کە دای بەئیمامی عەلی و تا مرد جەنگی پێ کرد.

ڕێزوار: ناو ژنێکی ناودارە لەناو کاکەییدا. هەروەک یادگار ناوی پیاوێکی بەناوبانگە لەناویاندا.

٤- ئەسفەندیار: کوڕی گوشتاسبی شای ئێرانە. یەکەمین کەسێکە کە بڕوای بەزەردەشت هێناوە وە نزای بۆ کردووە کە تیر و شیر کاری لێ نەکات. بەم بۆنەیەوە لە هەموو جەنگێکا زاڵ بووە.

٥- هورتەمانیش: هورتەمان وتەیەکی فارسییە بەمانا مرۆرە.

**شیعری ژمارە ٦٠**

١- تووڵی داو تووڵێ بووە هەمیشە بەدەست داود پێغەمبەرەوە بوو بۆ هەموو شتێک بەکاری هێناوە. شێخ ڕەزا عەموودەکەی خۆی بەدەستەوەیە وەک ئەو تووڵە بۆ هەموو کەسێکی بەکار ئەهێنێ.

٢- عەقدی پەروین: کۆمەڵە ئەستێرەیەکە پێی ئەڵێن کۆ.

٣- مالۆسی مەرحووم: مەبەست گەورەی کاکەییەکانە کە گۆشتی بەرازی بۆ حەڵاڵ کردوون.

٤- بەریش دا: واتە بەریشی ئیمامەکەیانا کە ئەم ئامۆژگارییانەیان ئەکا.

٥- حلوولی: دەستەیەکن لایان وایە ئەگەر بەپێی ڕێباز و مەزهەبەکەی ئەوانە بڕۆن دوای مردن گیانیان ئەچێ بەبەر ئادەمییەکی تری جوان و ڕێکوپێکا ئەگینا ئەچێ بەبەر سەگێکا وەک لە شیعرەکانی دواوەدا دەردەکەوێ.

٦- عومدەتر: واتە گرنگتر.

٧- پەشم: خوری، واتە ئەم سیانە زۆر گرنگ نین بەڵکو ئەوی گرنگ بێ ئەم چوارەن.

٨- شکستەی جەوز: واتە حورمەتی ئەمانە بگرن بەم ڕەنگە داری گوێز و تووڵی سەوزە مەشکێننەوە و سەڵکی بەرازی مردارەوە بوو بەکەڵبەکەیەوە فڕێ مەدەن.

٩- زەربەفت: قوماشێکی تایبەتە بەبافتە و سورمەدا دوورابێ. غارا: خامەکی شەبەندە بەڕۆژ.

١٠- مەزدەک: مرۆڤێکی ئیباحی و هاوچەرخی قوبادی باوکی نەوشیروان بووە کاتێک کە تەماشای کرد هەرچی ئاژاوە و ناکۆکی هەیە هەمووی یا لەسەر ماڵی دنیایە یا

لەسەر ژنە، لەبەرئەوە هەردووکی مەباح کرد، قوبادی بانگ کرد بۆ سەر ڕێبازەکەی خۆی و بەقسەی کرد کە قوباد مرد و نەوشیروان لە جێی دانیشت مەزدەکی کوشت. بابەکیش یەکێک بوو وەک مەزدەک ئیباحی.

١١- هاوار: ناوی دێیەکە لە پشتی عەبابەیلێوە لە ناوەڕاستی دوو باسکدایە لە ڕاست و چەپیەوە.

١٢- خەپلە: بریتییە لە بانەگا کە وەک خەپلە نەرم و شل هەڵپناوە.

١٣- پەیکان: نووکی تیر و نێزەیە.

**شیعری ژمارە ٦٣**

ئەڵێن زستانێک زۆر سارد و سەرما و تەڕ و تووش بووە لە کەرکووک لە پاشا بەهار هاتووە بەخۆی و هەموو خێر و بێرێکەوە ئەو بەهارە بەقەد بەهار دومەڵان بووە. لە هەموو لایەکەوە وەک خەرمان هەڵدراوەتەوە و، خواردنیان هەر دومەڵان بووە بەکاڵی، بەکوڵاوی، بەبرژاوی، بەسوورەوەکراوی، بەچێشتی ئینجا بەم بۆنەیەوە ئەم شیعرەی وتووە: تەشبیهی سەرما تەڕ و تووشی ئەو زستانەی کردووە بەهەمەوەند کەتیرەیەکی ئازا و جەنگاوەر بوون.

**شیعری ژمارە ٦٤**

ئەگێڕنەوە کە کوێخا فەتاحی مەشهوور بەسەرپەرشتی دێی قولەڕەشی بووە لەگەڵ چواریەکی دێی (موان) وەسمان پاشای جاف پێی ئەڵێ چواریەکەکەی -موان-م پێ بفرۆشە و بەپارەکەی دێی قولەڕەشی پێ ئاوا بکەرەوە. کوێخا فەتاحیش ئەڵێ، باشە، بەڵام با جارێ بچم بۆ مووسڵ بۆ ساغکردنەوەی قولەڕەش. کە ئەچێ بۆ مووسڵ هەرچەند ئەکا قەیدی تاپۆی قولەڕەشی بۆ نادۆزرێتەوە. بەنائومێدی ئەگەڕێتەوە بۆ لای وەسمان پاشا ئەڵێ: لە سای تۆوە قولەڕەشیش و موانیشم لە کیس چوو. تکا ئەکەم کاتێک کە چوون بۆ موسڵ هەولێکم بۆ بدە بەڵکو قەیدی قولەڕەشم بۆ بدۆزنەوە ئینجا بەم بۆنەیەوە شێخ ڕەزا ئەم شیعرە ئەڵێ.

**شیعری ژمارە ٨٣**

لە بارەی ئەم بەیتە شیعرەی شێخ ڕەزا وەکو زۆر بڵاوە لەناو خەڵکدا دوو باس هەیە لە باسی یەکەمدا شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بەو هۆیەوە وتووە:

١- ئەگێڕنەوە کە ڕۆژێک شێخ ڕەزا لە محەمەدئەمینی کوڕی توورە ئەبێ و دەست ئەداتە دارێک و ڕاوی ئەنێ. محەمەد ئەمین بەهەردوو دەستی بەردەمی ئەگرێ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵێ: «یاشێخ سەڵەوات دە، ئەولادتە» شێخ ڕەزا لەسەر ئەو تووڕەییەوە یەکسەر ئەم شیعرەی بۆ هاتووە.

سەرچاوە جەمال خەزنەدار گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ٥٣ - ساڵی ١٩٩٣

٢- باسی دووەم: دکتۆر نوری تاڵەبانی لەم بارەیەوە ئەڵێت: مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆی گێڕامەوە وتی لە ساڵی ١٩٥٦دا یەکێ لە کۆنە وەزیرەکانی ئەو سەردەمە مردبوو لە گۆڕستانەکەدا ئەسووڕامەوە گەیشتمە سەر گۆڕی خوالێخۆشبوو شێخ ڕەزا، تەماشام کرد گۆڕ و کێلەکانی تێک شکاون، کە گەڕامەوە ناو خەڵکەکە چاوم بەشێخ حەسەنی کوڕەزای شێخ ڕەزا کەوت، چووم دەستم گرت و بردمە سەر گۆڕەکەی باپیری، وتم باپیرت ناهەقی نەبووە کە ئەو شیعرەی پێ وتوون و شیعرەکەم بەسەردا خوێندەوە. مامۆستا تۆفیق وەهبی وتی وا دیاربوو قسەکەم بێ سوود نەبوو چونکە پاش چەند هەفتەیەک ڕۆژێکیان شێخ حەسەن تەلەفۆنی بۆ کردم و ئاگاداری کردم کە گۆڕەکەی شێخ ڕەزای هەڵبەستووە.

**شیعری ژمارە ٩٥**

١- فەرەیدوون: پیاوێکی زۆر دادپەروەر، لە نەوەی جەمشیدە، کاتێک کاوەی ئاسنگەر زوحاکی کوشت گەلەکەی داوایان لێ کرد کە ببێ بەشا بەسەریانەوە، بەڵام گفتی نەدانێ، لە پاشا وایان لێ کرد کە یەکێکی باشیان بۆ بکا بە شا، کاوەش فەرەیدوونی بۆ کردن بەپاشا. فەرەیدوونیش کاوەی کرد بەسوپاسالاری خۆی (ڕەئیس ئەرکانی جەیش).

**شیعری ژمارە ٩٦**

١- صەفا و مەروە: ناوی دوو گردن لە مەککە، بەرامبەری یەکن، لە تەنیشت کەعبەوەن، حەوت سەد مەتر لەیەکەوە دوورن حاجی یا ئەو کەسەی عەمرە ئەکا لە پاش تەوافکردن ئەبێ حەوت جار لە ناوەندی ئەم دوو گردەدا بێت و بچێ کە ئەمە پێی ئەڵێن -سعي- واتە ئەم دەروێشانی تەکیەیە بۆ خواردن و تیکە گلاندن وەک یونس و حووت وانە واتە چۆن حووت یونس پێغەمبەری قووت دا لە دەریای سپیدا ئەوانیش ئاوا چاوەڕێی خواردنن هەڵی لووشن.

**شیعری ژمارە ١١١**

١- شێخ ڕەزا نزیکی و هاتوچۆ و هاودەمییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ خوا لێخۆشبوو دکتۆر حوسەین ئەفەندی - باباجان، لە شیعرەکانیا چەند جار باسی کردووە و ناوی

هێناوه. دکتۆر حوسەین ئەفەندی باباجان پاش گەڕانەوەی لە تورکیا لە کەرکووک دانیشتووە و دکتۆرێکی باش بووە، خزمەتێکی خەڵکی زۆر کردووە و شاعیریش بووە، نازناوی شیعری - شەهید- بووە.

**شیعری ژمارە ١١٣**

١- ڕێسمان: بەگوریس ئەڵێن، ئەم لێکچواندنە بەدوو شت ئەڵێن کە لەیەکەوە هێجگار دووربن. وە موناسەبە لە ناوەندیانا نەبێ (ئاسمان و ڕێسمان) هەر لە وتنا موناسەبەتیان هەیە ئەگینا ئاسمان لە کوێ و گوریس لە کوێ؟

٢- کەیومەرس: مرۆڤێکی زۆر دادپەروەر و بەڕەحم و دڵنەرم بووە، هەندێک لە زانایان ئەڵێن، حەزرەتی ئادەمە، بەڵام ئیمامی غەزالی لە کتێبی -نصیحة الملوك-دا ئەڵێ: کیومەرس برای شیت پێغەمبەرە.

جەمشید یەکێکە لە پاشایانی زۆر کۆنی ئێران. کە بەزۆردار و دەستدرێژ ناوبانگی دەرکردووە.

٣- دەیجوور: شەوی زۆر تاریک. یەڵدا: دوا شەوی پایزە کە درێژترین شەوە لە ساڵدا. واتە ئەو شەوەی کە مراد ئاغای تیا شەهید کرا لەگەڵ شەوی دەیجوور و یەڵدادا وا بزانە دووانەن و بەسکێک لەدایک بوون.

٤- فتح الله ئەسعەد لە چاپی دووەم: لێرەدا نووسیویەتی ئەڵێ ١٢٩٣ی کۆچی تقی‌الدین و عومەر پاشای دیاربەکری عەشیرەتی ئاکۆیان تالان کرد و موراد ئاغای حارس ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغای گرت، لە بەندیخانەی کەرکووک مراد ئاغا مرد ئینجا لەسەر داواکردنی شێخ قادری و وەستا خدر شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی وتووە.

**شیعری ژمارە ١١٧**

١- بۆ تەواوی باسی مێژوویی کوژرانی حەمە پاشای جاف و هێرشی مەحموود پاشای جاف بۆ سەر جوامێر هەمەوەند و کەرەم وەیسییەکان تکایە تەماشای کتێبی محەمەد پاشای جاف بکە. نووسینی ئومێد ئاشنا.

٢- مەحموود بەگ واتە مەحموود پاشای جاف بۆ تەواوی زانیاری لە بارەی ژیانی سیاسی و عەشایری و ئەدەبی مەحموود پاشاوە تەماشای کتێبی مەحموود پاشای جاف بکە نووسینی ئومێد ئاشنا.

**شیعری ژمارە ١٢٠**

١- نۆدێ: دێیەکە نزیک بەشاری سلێمانی کەوتۆتە پشت چیای گۆیژە و ئەزمڕەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاوی گەورەی تیا هەڵکەوتووە، وەک شێخ مارفی نۆدێ کە مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بەعەرەبی کتێبێکی تایبەتی لە بارەیەوە نووسیوە بەناوی (الشیخ معروف النودهي الكردي).

**شیعری ژمارە ١٢٢**

١- لەم نیو دێڕەدا شێخ ڕەزا جوانترین وێنەی شیعری نەخشاندووە.

**شیعری ژمارە ١٢٣**

شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ کۆچی دوایی عەیشی شاعیر وتووە -عەیشی- کە شاعیر و نووسەر شوکری فەزڵی پێنج خشتەکییەکی فارسی لەسەر شیعرێکی فارسی عەیشی نووسیوە بەبێ ئەوەی بنووسرێ عەیشی کێیە؟ لێرەدا دەڵێین: عەیشی شاعیرێکی کوردە خەڵکی جوانڕۆ بووە، هەورامی بووە. من دڵنیام شیعری کوردی هەبووە بەڵام بەداخەوە ئەویش وەک زۆر بەرهەمی ئەدەبیمان ون بووە، شێخ ڕەزا بەسەلیقەی شاعیرانەی خۆی لە وشەی جوانڕۆدا وردەکارییەکی جوانی بەکارهێناوە بەشێوەی (جوانڕۆ) جوانڕۆ.

**شیعری ژمارە ١٤٣**

جارێک کۆمەڵێ مەکتەبلی ئەچنە لای شێخ ڕەزا پێی ئەڵێن (یاأحمق الحمار)مان بۆ ئیعراب بکە، ئەویش بەم چەند بەیتە شیعرە بۆیان ئیعراب دەکات.

**شیعری ژمارە ٢٠٩**

حاجی عەبدوڵڵا: مەبەست لە حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەیە کە کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی زادەی کۆییە و هاوڕێی نزیک و خۆشەویستی شێخ ڕەزا بووە. باوکی مامۆستا مەلا محەمەد بووە کە مەلا محەمەدی کۆیە باوکی مامۆستا مەسعود محەمەدە. حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە ساڵی ١٢٦٠ لەدایک بووە و ساڵی ١٣٢٦ کۆچی دوایی کردووە.

**شیعری ژمارە ٢١١**

خادمی سجادە: محەمەدی ڕەفیق کوڕی حاجی ئەمین کوڕی حاجی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئەسعەدی خادیم سجادەیە لە ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی بەرامبەر ١٨٦٦ی زایینی لە شارە خنجیلانەکەی کۆیە لەدایک بووە. گەلێ نزیک بووە لە شێخ ڕەزا بەتایبەتی ژیانی هەردووکیان لە شاری کەرکووکدا. ڕەفیق ئەفەندی خادیم سجادە پیاوێکی بەناوبانگ و شاعیرێکی باش بووە، گەلێ پلەی میری بەرزی بینیوە.

سالّی ١٩٢٤ بووە بەنوێنەری کەرکووک لە پەرلەمانی عێراقدا. بەشێوەیەکی جوان تەکیە و خانەقای خادیم سجادەی بردووە بەڕێوە وەک حاجی ئەمینی باوکی و بگرە باشتر. سالّی ١٩٦٣ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

**شیعری ژمارە ٢٣٣**

لەم بەیتە شیعرەدا مەبەست لە مەریوانی، مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی ١٨٧١ - ١٩٣٨ کە خزمەتێکی زۆری کەلەپووری ئەدەبی کوردیی کردووە. شیعری هەورامیی مەولەوی هێنایە شاری سلێمانی و یارمەتی زۆری پیرەمێردی داوە لە وەرگێڕانی شیعرەکانی مەولەویدا لە هەورامییەوە بۆ شێوەی سلێمانی. کەشکۆڵە مەزن و پڕ بایەخەکەی عەبدوڵڵا مەریوانیی بەناوبانگ ئێستا لە لای مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغییە. مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی لە دێی وڵەژێری مەریوان هاتۆتە دنیاوە و لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا مەعروفی کوڕی سۆفی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی سلێمان و دایکی ناوی خاتوو زبێدەی کچی شێخ محەمەدی هەرگێنە بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرچاوەکان

١- دیوانی شێخ ڕەزا، چاپی ١٩٤٦، ئامادەکردنی شێخ عەلی تاڵەبانی.
٢- دیوانی شێخ ڕەزا، چاپی ١٩٩٣، ستۆکهۆڵم، تەنها بەشی کوردی، کۆکردنەوەی: ناسری ئیبراهیمی.
٣- دەفتەرێکی دەستنووسی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کە هەتا شیعری پیتی - واو- ڕووخاندنی گەردشی گەردوون-ی تێدا نووسرابوو.
٤- ئەنجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ،ساڵی ١٩٢٠ی ز، ئەستەمبوڵ چاپی دووەم بەلێکۆڵینەوەی لیژنەی کۆڕی زانیاری چاپی ساڵی ١٩٨٣ی ز.
٥- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نووسینی دکتۆر عزالدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپی ١٩٧٩ بەغدا.
٦- ڕشتەی مرواری ژمارەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ کۆکردنەوە و نووسینەوەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی.
٧- تۆمارێکی تایبەت بە -ئەمین فەیزی بەگ- گۆڤاری بەیان، بەغدا.
٨- گۆڤاری ڕەنگین ژ ٥٢
٩- گۆڤاری ڕەنگین ژ ٦٥
١٠- گۆڤاری ڕەنگین ژ ٥٠
١١- شیعری شێخ ڕەزا بۆ ئەحمەد پاشای بابان -کتێبی ئاوڕێکی پاشەوە- حسین حوزنی موکریانی ساڵی ١٩٣١.
١٢- ڕۆژنامەی ژین ژمارە -٨٥٤- ساڵی ١٩٤٧.
١٣- شێخ سەعیدی حەفید، نووسینی سۆران مەحوی.
١٤- گۆڤاری کۆڕی زانیاری.
١٥- ڕۆژنامەی ژنان، ژمارە ٥١٧ ساڵی ١٩٣٧.
١٦- شوکری فەزڵی -ئەستێرەیەکی گەش - غەفوری میرزاکەریم.
١٧- ناڤداریت کورد، جەمیل صدقی زەهاوی - خالد محمد شریف.
١٨- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٨١، ساڵی ١٩٣٥، نووسینی پیرەمێرد لە بارەی شێخ ڕەزا - بەناونیشانی بۆ بەگزادەی تانوپۆ ئاوریشم- حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف.
١٩- ڕۆژنامەی ژیان ژمارە -٤٤١- مایسی ١٩٣٥- نووسینی پیرەمێرد بەناوی تەنقیدێکی ئەدەبیات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠- رۆژنامەی ژین ژمارە ٨٥٢، کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، نووسینی پیرەمێرد.
٢١- رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٤٢ پیرەمێرد و تەخمیسی شیعری شێخ ڕەزا.
٢٢- رۆژنامەی ژیان ژمارە ٤٤٣ بەشێ شیعری پیرەمێرد بۆ شێخ ڕەزا.
٢٣- بەشێک لە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ چاپی کۆڕی زانیاری عێراق.
٢٤- ئەی بەرامبەرەکانی شێخ ڕەزا چییان وتووە؟ نووسینی مستەفا نەریمان.
٢٥- نووسەرانی ئینگلیز لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، عمر عبداللە عزیز.
٢٦- کۆچی هونەرمەند بەدیع باباجان، نووسینی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی.
٢٧- سەرگوزەشتەیەکی کورتی دکتۆر حسین ئەفەندی باباجان، حسین بەرزنجی.
٢٨- رۆژنامەی (الرقیب) بەغدا خاوەنەکەی (عبداللطیف ثنیان) ژمارە ٨٢-٩ی مەحەرەمی ساڵی ١٣٢٨ کۆچی، ٧ی کانوونی دووەمی ١٩١٠ هەواڵی نەخۆشکەوتنی شێخ ڕەزای بڵاو کردۆتەوە.
٢٩- هەمان رۆژنامە ژمارە ٨٣-١٢ی مەحەرەمی ١٣٢٨، ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩١٠ هەواڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای بڵاوکردۆتەوە. وە ڕۆژی سپاردنی بەخاک ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩١٠ بووە ڕۆژی هەینی.
٣٠- گەشتێکی تر بەجیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا دکتۆر نوری تاڵەبانی.
٣١- کەشکۆڵی مەلا عبداللە مەریوانی، محەمەد عەلی قەرەداغی کاروان ژ ٢٩ ساڵی ١٩٨٥.
٣٢- شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسینی عەلی خورشید، کاروان ژ ٦٤ ساڵی ١٩٨٨.
٣٣- دیسانەوە و لەم بەروەبەری موفتی زەهاوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا- ئەحمەد تاقانە، گۆڤاری ڕەنگین ژ ٦٥ ساڵی ١٩٩٤.
٣٤- موفتی زەهاوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، محەمەد عەلی قەرەداغی، گۆڤاری ڕەنگین ژ ٥٠ ساڵی ١٩٩٢.
٣٥- بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا، ڕەنگین ژ ٩٧، ساڵی ١٩٩٣.
٣٦- جارێکی تر موفتی زەهاوی و لەم بەروەبەرەدا، ڕەنگین ژ ٥٣ ساڵی ١٩٩٣.
٣٨- پاراستنی پاشماوەی کۆنمان لە کاری کۆڕدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ساڵی ١٩٧٣.